DLANPAR

# دڵنپار

ده نگی کۆمیته ی ئاشتی و پشگیری نیشتمانی کوردستان

ژماره .4

1992.12.25



ئێستاش هەروەک جاران ژیانم هەمووی
تەرخانی هونەر کردووە. ڕۆژانە خەریکی کاری
هونەریم

محمود عارف
هەولێر

... پێشانگەیەکی تایبەتیم بوو
لە هۆڵی «ئازادی» لە هەولێر کردمەوە. ئەم هۆڵە
هۆڵێکی ئەهلی بوو کە من و برادەرێکیم توانیمان پاشەکەوتی و
... (جماعە) ئاشوورییەکەی تەلای هەولێر
... لە (٢٠٠) ساڵ زیاترە. بە ئیجارمان گرت و بیکەینە
چەند هۆڵێکی هونەری جوان و ڕێک و پێک. بەڵام بەداخەوە
پاش ئەوە مەسرەفێکی زۆرمان لێ کرد بەس توانیمان چەند
پێشانگەیەکی لێ بکەینەوە... بەڵام دوایی دایان خست و
ئەو هەموو کارە هونەرییەی من و چەند برادەرێکی لێ دزرا و دڕاندرا.

NAMIK ... KADIR

نامیق عارف
٢٨/٧/١٩٩١
هەولێر

3
هەڵبژاردە لە
نامەی هونەرمەندانی
کورد -
مامۆستا محمود عارف
نامیق عەلی
دارا محمد عەلی

بۆ کاک ... بەڕێز
بەرلە هەموو شتێک سڵاوێکی کوردانەت ئاراستە دەکەم .. لە هەواڵت دەپرسم بە هیوای ئەوەم
هەر دەم زاڵ بیت بەسەر گیروگرفتەکانی ڕۆژانەت و هەوڵ و کۆششت بەرەو پێش بێت بۆ هونەر ...
... چاوەڕوانی ... تازەی هەڵاتووین. کاکە تینووین بۆ پرسین ...
... هەر زوو بە زوو ...
هەتا کاریگەری خۆی لە هەست و نەستی «هونەر» ... پێش کردووە؟

دارا محمد علی

خوێنه رانی خۆشه ویست !
سالی نوێتان پیرۆز ، هه رده م شـــاد و
به خته وه ربن ، هیوامان زۆره سالی نوێ
سالێکی پڕ له مزگێنی خۆشی بێ بـــۆ
هه موو لایه ك !
دوا ژماره ی ئیمسالی « دلانپار » ده گـــاته
ده ستان ، له کاتێکدا مالئاوایی له م سال
ده که ین و له سه ره وه ختی پێشـــوازی
کردنی ســـالێکی ترین ، مرۆڤـــایه تی
به گشتی سالێکی پڕ له گۆڕان و ردواوی
جۆراوجۆری به ڕێ کرد ، بـــــۆ ئێمه ی
هاوولاتیانی کوردستان سالێکی رۆتینی بـو
وه ك هه موو سالانی مێژووی رابوردمـان
سالمان به جه نگێگی کورد کوردی مالکاولانـه
کۆتا کرد ، هیوادارین دواجه نـگی جه رگبڕو
پڕله کاره سات بێ سالی نوێ سالی به ره و
پیله وه چونی قۆناغێکی نـــــوێ خه باتی
تـــه واوی بـــزووتنه وه ی رزگـاریخوازی
هاوولاتیانی کوردستان بێ، سالی هه نگا و
نانبێ به ره و پته وکردنی یه کێتی ریـــزه
کانی گشت ئه وانه ی باوه ڕیان بـــه :
رزگاری و ئازادی کوردستانه له جغزێکی
دیمکراتیانه ی فراواندا ، له کۆڕی جڤـاتی
نیشتمانی کوردستان .
ژماره ی نوێی دلانپارده که ویته سه ره تای
سالی داهاتوو سالی ١٩٩٣ ، ئێمه له لایه ن
خۆمانه وه به ته مای گۆڕانین له شێوه و
ناوه ڕۆکی گۆڤاره که مان شتێ به شتێ
بکه ین ئه وه بێگومان ئه گه ر باری دارایی
یارمه تیمان بدا ئه و هه نگاوه بنێن!خۆگه ر
نا، ئه وه به لامانه وه به رده وامیدان بـــه
گۆڤاری د لانپار« ده نگی کۆمیته ی ئاشتی
پشتگیری نیشتمانی کوردستان » بـــــه و
شێوه یه ی که هه یه و به ناوه ڕۆکێکی پتر
بابه ت و بیرمه ندانه تر ئه وه به لامانه وه
ته واو گونجاوه ، جێگه ی گله یی و گازنده
نییه ، به له به رچاوگرتنی ئه وه ی سه ر
تاپایی هاوولاتیانی کوردستان رۆژگارێکی
پڕچه رمه سه ری و کاره ساتی دلته زین
ده گوزه رێنن ، ملیۆنه هایان به سکێ تیر و
به ده یان برسین! پێویستیان به یارمه تی و
کۆمه که ، که که مترین ئه رکی سه رشانی
ئێمه ی ئاواره یه .

لیژنه ی سه رپه رشتی بلاوکردنه وه


OLANPAR

# دلانپار

ده نگی کۆمیته ی ئاشتی و پشتگیری نیشتمانی کوردستان



ناڤیشان :

000M
POSTE RESTANTE
00100 HELSINKI
FINLAND



به سه ر په رشتی لیژنه ی بلاوکردنه وه :

د. مامەش
د. محێدین
ئا. مستەفا
ھ. ئەگرەم


وێنه ی به رگی یه که م : میناتور - پیره نگی
میژوونوس و هونه رمه ند ی کورد
شه رفخانی به دلیسی
وێنه ی به رگی دووهه م :جغزی دیمکراتییه تی
بیسنور و دژ به ئاژاوه



# نه ته وه یه کگرتووه کـ

سالّی رابردوو بریاری ژماره ٦٨٨ ، له لایه ن نه ته وه یه کگرتووه کان وه ده رچوو ، به گوێره ی ئه و ، به شه کوردستانی داگیرکراو و به زۆر لکێندراو به عیراقه وه که وته ژێر کۆنترۆلی نه ته وه یه کگرتووه کان ، ئه م بریـــاره هێزاسمانی و له شکرکه شی عیراقی بۆ ژووروی هێلی ٣٦ قه ده غه کرد .

هـــ ه رئه وناوچه یه که به رهێرشی له شکرکه شی عیراق قه ده غه یه ، مانگێك پتره به رهێرشی له شگرکه شی تورکیایه ! تورکیا له وێشدا ژینۆسیـجـه نگی دژبه هاوولاتیانی کوردستان، که له پێناو دیمکراسی ، سه ربه خۆی ، ئازادی ، کوردستان خه بات ده که ن ده ده مینیَ ، له کاتێکدا نه ته وه یه کگرتوه کـــان به هیچشیۆه یه ك بۆ وه ستاندنی هێرشی تورکیا وورته ناکات ، ته نیا لـــه و باره له تورکیاش ناپرسێته وه ، ئێمه به لّگه مان هه یه و بـــاوه رمان وایــه دره نگوزوو ئێرانیش هێرشیکی واده کات ، به بیانوی قه لاچوکردنی ئـــه و هێزانه ی دژی ده ولّه تی ئێران و له پێناو مافه نه ته وایه تی ودیمکراسیه کاندا خه بات ده که ن و بنکه یان له ناوچه سنوریيه کاندا هه یه ! هـــه روه هــا سوریا هه مان کاری لێده وه شێته وه ، ئه و کوشتارو جه نگه دیاره هه مووی دژی هاوولاتیانی کوردستانه ، له قازانجی سه دام و رژێمه داگیرکاره کانی تره .

ئـــ ایا نه ته وه یه کگرتووه کان ئه م ناوچه یه پرۆژه کراوه ی له به شـــه کوردستانی به زۆرلکێندراو به عیراقه وه دروستکردووه بۆ ئه وه ی ببێته کوشتارخانه و کێردی ملپه رێنه ری بزووتنه وه ی رزگاریخوازی کوردستان ؟ بـــه باوه ری ئێمه به هه لّه تیگه یشتنی نه ته وه یه کگرتووه کان نییـــه

# یا . . . ئاشتی . . . ان

له گرفتی هاووڵاتیانی کوردستان ، به لکو چاوچوقاندن و لاری کردنه لــــه و گرفته .

گ رفتی هاووڵاتیانی کوردستان ناکرێت به پارچه کراوی سه یر بکرێت به لکو یه که یه کی که رت نه کراوه ، نه ته وه یه کگرتووه کان داواده کات ئۆرگانیکه بۆ یارمه تیدانی خه ڵکان و گرفته نه ته وایه تییه کانیان ، پیمان وایه ده بـــــی یارمه تی هاووڵاتیانی کوردستان به هێند هه ڵبگرێت ، نه ته وه یه کگرتووه کان کۆمه کی هاووڵاتیانی کوردستان ده دات له و بوده جه یه ی که له لایه ن نـــه ته وه کانی جیهانه وه له لای کۆده بێته وه ، وه لێ بۆچی ئـــه و کۆمه که راستـــه وخۆ ناداته ده ستی ئۆرگانه کانی کوردستان له بری رژێمیکی چه په ڵی وه ك رژێمی سه دام ، که دژبه هه موو مافیکی مرۆڤه !ئه وکۆمه که ی نه ته وه یه کگرتووه کان به هاووڵاتیانی کوردستان له ریگه ی تورکیا ، عیراق ، ئێران ، سوریا ، وه ك ئه وه وایه ئاوێکی پاك له ئامانێکی پیس به گه روی هاووڵاتیانی کوردستان دابکات !

ل ه کۆبونه وه ی ١٤ نۆڤێمبه ری ١٩٩٢ ، تورکیا ، سوریا ، ئێران ، رایانگه یاند دژی هه موو بریارێکن ته نیا درزیش بخـــاته نه خشه ی عیراق ، عیراق یش هه مان بۆچونی هه یه بۆ نه خشه ی ئه وان ، ئه مه ش یانی تیکرا دژی ئه وه ن هاووڵاتیانی کوردستان مافی بریاردانی چاره نوس له کاربێنن ، که واته مافی بریاردانی چاره نوس یانی چی،له کاتێکدا نه ته وه یه کگرتووه کان له هه مبه ر بریاری وادا بێده نگه ، ئاشکرایه به هۆی دانان به و خاڵه ، ئه وان له نه ته وه یه کگرتووه کان ئه ندامن ، ئایا ئه مه ئه وه ناگه ێنێ که ئه وانه دژی خـــودی ئه و بنچینانه ن که نه ته وه یه کگرتووه کانی له سه ر دامه زراوه ؟

# ..... ژینۆسید ؟

ئێمه که له ١/ ١٢ / ١٩٩٢ خۆراکبه‌ستی خۆمان ده‌ست پێکرد ، داوامان وایه نه‌ته‌وه یه‌کگرتووه کان بڕیارێکی ئاشکرا له باره‌ی مافه مرۆڤایه‌تییه کانی هاووڵاتیانی کوردستان بدات ، خۆراکبه‌ستی به‌رده‌وامه تاوه‌کو به‌رسیڤی ئه‌و پرسیارانه وه‌رده‌گرینه‌وه :

١- ته‌واوی هاووڵاتیانی کوردستان ، هه‌ڵبژاردنێکی ئازاد و دیمکراتیانه ئه‌نجام ده‌ده‌ن ، بۆ هه‌ڵبژاردنی به‌رله‌مانێکی کوردستانی ، داوامان وایه نه‌ته‌وه یه‌کگرتووه کان له‌و باره‌وه یارمه‌تیمان بدات .

٢- داواده‌که‌ین نه‌ته‌وه یه‌کگرتووه کان ، بڕیارێك بدات به کشـــانه‌وه‌ی له‌شکری تورکیا ، ئێران ، عیراق ، سوریا له ته‌واوی خاکی کوردستان .

٣- داوامان وایه کوردستان له ژێر کۆنترۆڵی نه‌ته‌وه یه‌کگرتووه کان دا بێ تاوه‌کو هه‌ڵبژاردن و دامه‌زراندنی ده‌سه‌ڵات مه‌یسه‌ر ده‌بێت به هاوکاری له‌گه‌ڵ ئه‌وانه‌ی ده‌ستبه‌کارن .

٤- داوا ده‌که‌ین نه‌ته‌وه یه‌کگرتووه کان راسته‌وخۆ ده‌گـــه‌ڵ ئۆرگـــانه کوردستانییه کان هاوکار بێت .

کۆمیته‌ی ئاشتی و پشگیری نیشتمانی کوردستان

١٢/٧/ ١٩٩٢ - چادری خۆراکبه‌ستی - هێلسنکی

* ئه‌م نامه‌یه له‌لایه‌ن کۆمیته‌ی ئاشتی و پشگیری نیشتمانی کوردستانه‌وه ئاراسته‌ی سکرتێری نه‌ته‌وه یه‌کگرتووه کان « په‌ترۆس په‌ترۆس گالی » کرا،

هەولێرنامەی کتێب

# مانگرتن و خۆراکبەستی

بە دەستپێشکەری کۆمیتەی ئاشتی و پشکیری نیشتمانی کوردستان لە رۆژی ١٩٩٢/١٢/١ لە باغی گشتی " کلۆڤی " سەنترالی شاری هێلسنکی چـــادری مانگرتن هەلدرا ، سەرلەبەیانی مانگرتنی خۆراکبەستی جاردرا ، رۆژانـە بەدەیان هاوولاتی کورد و فینلەدی بۆ ووتوێژ رویان دەکردە ئەو مەلبەندە ، لەوانە زۆربەیان خوێنکارانی بەشی مێژوو ، مافناسی ، بوون کە لـە جۆرەها زانیاری و دەنگوباسی کوردستانیان دەپرسی و دەکۆلیەوە ، هەروەهـا دان و ستاندیان دەربارەی دۆزی هاوولاتیانی کوردستان و پێشنیاریان دەربارەی چۆنییەتی یارمەتی و کۆمەککردن بە خەلکی لێقەوماوی کوردستان دەکرد ، "رابەرانی سەندیکای کرێکاران و ئەندامانی سەرکردایەتی پارتەکانی فینلەند" ، هەوالدەرانی رۆژنامەنوسی و رادیۆ تەلەفزیونی هەردووبەشی فیلەندی وسویدی چەند جار دەربارەی ئەو روداوە بلاویانکردەوە ، لەبەردەم چادری مانگرتن رۆژانە سەدان ریکلامەی مانگرتن ، بە هەردوو زمانی فینلەندی و ئینگلیزی " کە کۆپیەکەی لەو لاپەرانە دەبینن " دەگەیشتە دەستی خەلك ، پارە و کۆمەك دەخرایە سندوقی کۆکردنەوەی یارمەتی دارایی ، لـە رۆژی یەکشەمە لێپرسراوێکی کلیسای سەنترالی هێلسنکی سەریدا ، ئەو رایگەیاند کە ئەو رۆژە درود بۆ خەلکی کوردی ئاوارە و لێقەماو دەدەن هەروەها بـۆ قوربانییەکانی هاوولاتیانی کوردستان زەنگی کلیسا دەژەنن ، هەموو ئەوانە بەکەرمی داخوازی سەرکەوتنی مانگرتنی خۆراکبەستی بوون .

ئەو مانگرتنە وەك ئاشکرا کرا لەهەمبەر بێدەنگی نەتەوە یەککرتووەکان بو لە ئاست تراکیدیای هاوولاتیانی کوردستان و کرفتی نیشتمانی کوردستان . بۆیە لە رۆژی حەوتەمی مانگرتن نامەیەك بە ناوی "کۆمیتەی ئاشـــتی و پشکبری نیشتمانی کوردستان" ئەندامان و لایەنگران و دۆستانی ئاراستەی سکرتێری گشتی نەتەوە یەککرتووەکان " پەترۆس پەترۆس گالی " کـــرا تەواوی ئەونامەیە لە لاپەری " ١، ٢، ٣ " ی ئەم ژمارەیەی کۆڤارەکەمان بلاوکراودتەوە ، لە شەوی سێ شەمە چادری مانگرتن لەلایەن - گروپێك یـــا کەسێکی نەناسراوەوە سوتێندرا ، نوێنەری کۆمیتە " ســە فارەتی ولاتە داگیر کارەکانی کوردستانی بەم کارە تاوانبارکرد ، بەهەوالدەرانی راگەیاند ؛

تاوەکو پۆلیس لێکولینەوەی خۆی دەکاو دەگاتە ئەنجام ، نەناسراو ئاشـــکرا دەکات کارکێرانی ئەو سەفارەتانە تاوانبارن ، هەروها رایگەیاند مانگرتن بەردەوامە " ، شایانی باسە هەمان نامە لە " کۆنفرانسی زانستی و پراکتیکی کورد : لێکۆلینەوەی ئتنۆکلتوری و کۆمەلایەتی " کە لەلایەن " بەرەی یەککرتنی کورد ، سەنترالی نێونەتەوەیی کلتوری کورد ، ئینستیتوتی مێژووی روسیا " لــە پایتەختی روسیا - مۆسکۆ - سازکرابوو ، لە رۆژی یەکەمی کۆنفرانسدا ١٢/١٤ دوای خوێندنەوە و پێشوازی گەرمی ئامادەبوان ، بە ناوی بەشـداربوانی

کۆنفرانس دووباره ئاراسته ی سکرتێری گشتی نه ته وه یه ککرتووه کان کرایه وه ، داخوازی ژماره پێنج له لایه ن ئه وانه وه خرایه ته ك چوار پێشنیاخاڵه کانی نامه که « هاوولاتیانی کوردله کۆنه یه کێتی سۆڤییه ت پشگیری ئه وچاره سه ری یه ده که ن و به شداری هه ڵبژاردن ده بن » هه روه ها ده قێکی نامه که له لایه ن نوێنه رایه تی کۆنفرانس درا ده ست نوێنه ری روسیاله نه ته وه یه ککرتووه کان ، رۆژی ١٢/١٢/ ١٩٩٢ ، نوێنه ری کۆمیته له هێلسنکی ئاگادار کرایه وه کـــه ئۆفیسی نه ته وه یه ککرتوه کانی فینله ندا له وه زاره تی ده ره وه ئاماده یــــه ده گه ل نوێنه ری کۆمیته ی ئاشتی و پشگیری نیشتمانی کوردستان کۆببێته وه ، له رۆژی ١٦/ ١٢/ ١٩٩٢ کۆتایی به مانگرتن وخۆراکبه ستی هات ، کۆبونــه وه ی سکرتێری یه که می نوێنه رایه تی فیله ند له نه ته وه یه ککرتووه کان خـــاتو « ساتو ماتیله » و نوێنه ری کۆمیته ئاشتی و پشگیری نیشتمانی کوردستان لــه ئۆفیسی نه ته وه یه ککروه کان له وه زاره تی ده ره وه ، رۆژی ١٩٩٢/١٢/١٧ به ئاماده بونی نوێنه ری « فینلـه ندا کوردســـــتان کۆمێتی » خــــــاتو « تێرتۆ ئاهۆکۆس » له کاتژیمێر دوو ده ستی پێکرد ، له و کۆبونه وه یه دا که کاتژمێرونیوێکی خایاند ، دانوستاندنی گه رم به رده وام بوو ، له ئه نجامدا چه ند پێشنیاری کۆمیته په سه ند کران و هه ره وها به ڵێن درا له داهاتوودا بۆ چه سپاندنی داخوازییه کانی هاوولاتیانی کوردستان له کۆر و کۆبونه وه کانی نه ته وه یه ککرتووه کاندا هه وڵی بێوچان له گه ڕدابێ .

کۆمیته ی ئاشتی و پشگیری نیشتمانی کوردستان بانگه وازی خۆی ئاراسته ی هه موولایه ك ده کات ، رێکخراو یا که سایه تیه نیشتمانییه کان ، هه رکێ لــــه توانای داهه یه بۆ به جێهینانی ئه م ئه رکه نیشتمانییه کاربکات ، ئێـــــمه ئاماده ی هاوکاری و دانوستاندن و رێکخستن وگونجاندنی به ره و باشـــترین .

به رێوه به رایه تی

*کۆمیته ی ئاشتی و پشگیری نیشتمانی کوردستان*

# KURDISTAN

*01. 12. 1992*

*„HUNGER STRIKE"*

start - 14.00 — كاتژميردوو

INFORMATION. ART EXHIBITION. FOTO EXHIBITION

FOR 15 MILLION KURDS, PRESSED BY WAR, OCCUPTAION OF TURKISH ARMY



FOR 5 MILLION KURDS SUFFERING HUNGER, COLD, PRESSD BY IRAK + UN

Bo Kurdistan

FOR 7 MILLION KURDS PRESSED BY ISLAM 15CENTURY LAWS OF I.R. OF IRAN

Ji Bo Kurdistan

FOR 2 MILLION KURDS PRESSD BY SURYA AL - ASSAD REGIME

*30 MILLION KURDISTANS WANT*

*DIMOCRACI, INDEPENDENCY, FREEDOM*

...IE KAMPING ADRES : KULLVI (GLOET)

...ANIEMENKATU

...OR INFOMATI...

نمونه یه ك « ریكلامه ی خۆراكبه ستی »

**NÄIN H...**

## Syömälak... Kurdistanin ... Kaisaniemen p...

Helsinkiläinen kurditaiteilija **Rahbar Ma...** tilanteen vuoksi syömälakossa Kaisanieme... kentälle pystyttämässään teltassa on kuvia Kur... ulottuu lähinnä Turkin, Irakin, Iranin ja Syyr...

Rahbar Mamahs haluaa kiinnittää huomiota k... noihin, ihmisoikeusloukkauksiin ja murhiin. Hän o... nyt jatkaa tiistaina alkamaansa syömälakkoa toistaise...

Kurdistanin kansainväliseen rauhan- ja solidaarisuusk... teaan kuuluva Rahbar Mamahs on asunut runsaat kak... vuotta Suomessa ja saanut oleskeluluvan Suomesta.

Hänen kuvataidettaan on nähtävänä Kurdistan-komitean tiloissa Lapinlahdenkadulla.

JARMO MATILAINEN



*Syömälakossa oleva Rahbar Mamah... Kaisaniemen puistoon kiinnittääkseen ... tanin tilanteeseen.*

هونه رمه ند « ره هبه ر » له چادری خۆراكبه ستی

# جەنگی براکوژی کورد کورد بڕیاری ناڕەوای پەرلەمانی ناڕەوا

هاووڵاتیانی بە روومەتی کوردستان
کوردستان بە دەران
تێکۆشەران و خەباتگێڕانی کوردستان لە هەر کوێ هەن
ئۆرگان و کەسانی نیشتمان پەروەر
تەواوی رێکخراوە مافەرۆڤ پارێزەکان
ئەندامانی پەرلەمان لە هەر وڵاتێکدا هەن

لە کۆتایی سەدەی بیست دا سەر لە نوێ و بۆ جارێکی تر مێژوی پڕ لە کارەسات لە کوردستاندا دووبارە دەبێتەوە، جەنگێکی تری براکوژی کورد کورد کە بە هەموو پێوەر و هەر جۆری هەڵبسەنگێنین ئەنجامەکەی هەر زیانی هاووڵاتیانی کوردستانی لێدەکەوێتەوە، هیچ ووشەیەکی نییە پاساوی بداتەوە، ماوەی پتر لە دوو هەفتەیە بەر دەوامە.

ئەندامان و لایەنگران و دۆستانی هەر دوو کۆمیتەی ئازادیخوازانی کوردستان (KAK) و کۆمیتەی ئاشتی و پشتگیری نیشتمانی کوردستان (KAPNK)، کە پشگیری سەربەخۆیی و ئازادی کوردستانین و لایەنگیری هەر هێزێکین هەوڵی بۆ بدات و خەباتی لە پێناو دا بکات بە بێ چاوپۆشی کردن لە هەڵە و کەم کورییەکانی، دەنگی پرۆتیستۆ کردنی جەنگی براکوژی کورد کورد بە هەموو لایە دەگەیێنین، دووپاتەی ئەوە دەکەینەوە بە بێ هیچ مەرج و تەڵە دانانەوە چی زووە جەنگی کورد کورد راگیردرێت و هەتا هەتایە گۆڕ کرێت. داوا دەکەین و داخوازین لە گشت هاووڵاتیانی کوردستان بە پێشمەرگە و پارت و رێکخراوەکانەوە لە هەمبەر ئەو جەنگە ناڕەوایە هەڵوێست گرین، دەبا جارێ لە مێژوودا لە باتی جەنگی قەلاچو کردنی یەکتری دەنگمان یەکخەین، لولەی تفەنگەکانمان لە دوژمنان و داگیرکەرانی کوردستان بکەین و یەکبوونی و خاک ونیشتمانی کوردستان بە جیهان پێشان بدەین.

هەردوو کۆمیتەی ئازادیخوازانی کوردستان (KAK) و کۆمیتەی ئاشتی و پشتگیری نیشتمانی کوردستان (KAPNK)، باوەرمان وایە سەلماندنی ناڕەوایی جەنگی کورد کورد و براکوژی پێویست بە هیچ بەڵگەیەک ناکات، خۆی لە خۆیدا مەترسی گەورە دەخاتە سەر چارەسەرکردنی گرفتی نیشتمانی کوردستان.

ئێمەی ئەندامان، دۆستان، لایەنگرانی (KAK) و (KAPNK) جەنگی کورد کورد بڕیاری هەڵگیرساندنی ئەو جەنگە کارێکی ناڕەوا دەزانین ومەحکووم دەکەین، و داوا دەکەین بە زووترین کات راگیر درێت. ئاشکرایە لە هەموو لایەک جەنگی کورد کورد تەنیا زیانی هاووڵاتیانی کوردستان و بێ هێز کردنی بزووتنەوەی رزگاریخوازی نیشتمانی کوردستان و ئەو هەوڵ و تەقەلایەکە لە پێناو یەکگرتنەوەی تەواوی هێزەکانی کوردستان لە ئارادایە، لە جەنگی کورد کورد بە تەنیا داگیرکەرانی کوردستان قازانج دەکەن، هەرشە کردن و هەڵگەشاندنی پێگەی پێشمەرگەی هەر هێزەکی کوردستان لە لایەن هەر هێزی تری کوردستانەوە، لە سوود و بەرژەوەندی داگیرکەرانی کوردستانەوە.

ئێمە باوەرمان وایە لە پێناوی ئامانجی بەرزی نیشتمانی کوردستان لە کات وساتی ئاوەها دا، دەبێ روو لە هەر دوو لایەنە بکرێت کە گیرو گرفتیان لە نێوان دایە. هەتا گەر پەرلەمانی بەشە کوردستانی بە زۆر لکێندراوی عێراق رەوایی ئەو بڕیاری ئەو جەنگی کورد کورد و براکوژی لە تەواوی رەوایی خست. بۆیە داخوازین لە جەماوەری بەشە کوردستانی بە زۆر لکێندراو بە عێراقەوە کە بە هۆی هەڵگیرساندنی ئەو جەنگە لە هەموو لایەک پتر زیانیان بەر دەکەوێت، زیانێک دەبێتە هۆی کوێر کردنەوەی رێگەی ئازادی و رزگاری لە بەر دەم تەواوی بزووتنەوەی رزگاریخوازی نیشتمانی لە سەرتاسەری کوردستان.

پارلەمانی -بێ ئالا- ناڕەوا و بڕیاری ناڕەوای جەنگی کورد کورد بدەنە دواوە، سەرانی ئەو بڕیارە ناچار بکەن مل کە چی داواکارییە نیشتمانییەکانی هاووڵاتیانی کوردستان بن، جەنگی براکوژی کورد کورد راگرن.

هەنگاو بە هەنگاو بۆ پێشەوە لە پێناو:
هێنانە دی بەرەی رزگاریخوازی کوردستان.
گێڕانی کۆنگرەی نەتەوایەتی کورد.
گێڕانی کۆنگرەی نیشتمانی کوردستان.
هەڵبژاردنی جڤاتی نیشتمانی کوردستان.
هەڵبژاردنی پەرلەمانی رەوای کوردستان بە بڕیاری رەوای هاووڵاتیانی کوردستان،
دەسەڵاتی خاوەن بڕیاری رەوای نیشتمانی هاووڵاتیانی کوردستان.
یەک دەنگ و یەک دەست:
نابین بە قوربانی فیرەچوی براکوژی.
جەنگی کورد کورد و براکوژی گۆڕ بە گۆڕ دەکەین.

دروشمی هەموومان:
**سەربەخۆیی بۆ کوردستان**

کۆمیتەی ئازادیخوازانی کوردستان
کۆمیتەی ئاشتی و پشتگیری نیشتمانی کوردستان
Kurdistan National Peace & Solidarity Committee
Kurdistan Liberation Committee

# جه نگی

# کــورد کــورد

● خوێنی رژاوی رۆڵه کانی کوردستان له جه نگی کورد کوردا، ئه وه ده هێنێ له هه موو بابه تێك پتر بایه خی پێبدرێت ، نه وه ك هێندێ رۆشنبیری هه ڵپه رست وای به چاك ده زانن له رۆژگاری وه ك ئێمڕۆ ده س به کڵاوی خۆیانه وه بگرن و گه راقوپی لێبکه ن ، گێڕانه وه ی ئه م خوێنه به فیڕۆچوه به سودی سه رتاپای بزووتنه وه ی نیشتمانی کوردستانه ، وه ستاندنی ئه م دارِسکانه ، رێگه ی هه ناسه دانی پاکی بزووتنه وه ی نیشتمانی کوردستانه ، زه برێکی کوشنده ده گه ێنێ به رامیاری داگیرکارانی کوردستان که سه ده ها ساڵه به هۆی جه نگی کورد کورد زاڵن له سه ر کورد .

خوێنه رانی هیژا !

– به رای ئێوه برِیاری به رله مان ، له باشوری کوردستان ، ره وایه ؟

– پارتیا کارکه رێن کوردستان ، وه ك هێزێکی چه پی کوردستانی چۆن هه ڵده سه نگێنن ؟

– رژێمه داگیرکاره کان ده یانه وێ له رێگه ی جه نگی کورد کورد زه بری کوشنده له بزووتنه وه ی رزگاریخوازی نیشتمانی کوردستان بوه شێنن وه ك هه ر داگیرکارێك ، راستییه کی بێسیودووه ؟

– راو بۆچونتان ،کامه چاره سه رپێشنیا ده که ن ؟

ئه م پرسیارانه ئاراسته ی هه موو مرۆڤێکی رۆشبیرو لێهاتوی کۆڕی دیپلۆماسی و رامیاری و رۆشنبیری و کۆمه ڵایه تییه ، ئێمه ئه و وه ڵامانه مان گه رکه که ده بنه هۆی بنبرِکردنی جه نگی کورد کورد ، له سه ر ئاستی نیشتمانی ، چینایه تی ، نه ته وایه تی ، رێگه ی به ره و سه رکه وتن ته خته که ن !

له وبه شه دا ، وه ڵامی مامۆستای هیژا [ ف . ر ] بڵاوده که ینه وه ، هیوادارین چمکێ روناکی خێرخواهانه بێ بۆسه رباری ناهه مواری ئیمڕۆی بزووتنه وه ی نیشتمانی کوردستان .

*لیژنه ی سه رپه رشتی و بڵاوکردنه وه*

سوێد – ئێسکێل ستونه – ٢٧ / ١٠ / ١٩٩٢

لیژنه ی سه رپه رشتی بڵاوکردنه وه ی گۆڤاری دلانپار

ویرای سلاو رێز ! ،

ئه م جۆره کاره ساته ئه وه ده هێنێ کۆڕو کۆبونه وه ی دووروردرێژ و سیمنار و لێکوڵینه وه ی زانستیانه ی بۆ سازکرێت ، به ڵام لێره دا وه ڵامم کورت ده که مه وه ، هیوادارم له هه ڵو مه رجێکی له بارتر به تێرو ته سه لی له سه رباری ئێستا و ئاسۆی داهاتووی کوردستانی خۆشه ویستمان دانوستاندنی

پتر چڕبن ، ئه و وه لامانه به کورتی پوخته ی رای خۆمن له هه مبه ر ئه و
جه نگه ی له کوردستانی باشوردا هه لگیرسێندراوه .

دلانپار : به رای ئێوه بڕیاری به رله مان ، له باشوری کوردستان ، ره وایه ؟

وه لام : هه لگیرساندنی ئه م جه نگه ته واو ناره وایه ، به کوشتدانی رۆله ی کورد به ده ستی کورد تاوانێکی گه وره یه ، چوارسه د سال زیاتره دووژمنانی نه ته وه ی کوردمان له عه ره ب و فورس و تورك ئه م چه که گلاوه یان له گشت خاکی کوردستان به کارهێناوه و به هۆیه وه به سه ر هه موو راپه ڕین و شۆڕشه کانی نه ته وه که مان زالبوون .

بڕیاری به رله مانی باشوری کورستان دژی PKK بڕیارێکی یه کجار چه وت و ناره وایه ، هه له کردنێکی گه وره یه ، داکۆکی لێناکرێت .

به لام بۆ ئه وه ی به هه له نه چین ده بێ ئه و خالانه ره چاو کرێن :

١- ئه و سنوره دروستکراوانه ی به سه ر خاکی کوردستاندا سته مکارانه به ئاگر و ئاسن سه پێندراون ، ئه وه ماوه ی حه فتا و پێنج سالێکه ، له سه ر ئاستی جیهانیدا سه لمێندراون و شێوه یه کی یاسایی و ده وله تی وه رگرتییه ، له رووی ته کتیکاتی رامیاری ، که باسی ستراتیژیه تی پرۆسه ی کوردستان دێته گۆڕ و باسکردن ده بێ لێکدانه وه ی ورد بۆ هه موو شتێك بکرێت .

٢- به راو بۆ چونی من ، له هیچ روویه که وه توانای رامیاری و کۆمه لایه تی و پارتیزانی له هه موو کوردستان به گشتی و له هه ر پارچه یه کی به تایبه تی ئه و هێز و هه لومه رجانه نه رسکاون بتواندرێت ئه م سنوره دروستکراوانه هه لگیرێن .

٣- له ئه نجامی کۆمه لێك هۆی ستراتیژی نیوان ده وله تانی خۆرهه لاتی ناوه ڕاست و ولاتانی جیهاندا ، پرۆسه ی نه ته وه که مان تابلێی ئالوزو تێکئالاو گرییاوی بووه ، ئه م راستییه ریالیسته ده بێ لای هۆشمه ندان و رۆشنبیران و هێزه رامیارییه کان زۆر به وردی و دووربینی لێکدانه وه ی بۆ بکرێت .

٤- به راولێکدانه وه خۆم بۆ گشت بارو روداوه کانی پێشو ، گه ر رژێمی فاشی به غدا جه نگی کوێتی هه لنه گیرساندبا ، له ئه نجامی رامیاری فاشیانه ی به عسی عیراق باری کوردستانی باشور له ئه رمه نستانی سالی ١٩١٥ خراپتری به خۆوه ده بینی .

٥- ئه م هه لومه رجه ی دوای سالی ١٩٩١ له کوردستانی باشور وه ده ست هێندراوه ، به رای من سه رکه وتنێکی یه کجار به نرخ و هه لێکی زێڕینی یه کجار گرنگه ، نابێ به فیرۆ له کیس بدرێت ، له تاکه کوردێکه وه تا هه موو پارت و هێز و گروپه کانی کوردستان به رپرسیارن له پاراستن و ده ستگرتنی ئه م کۆرپه ساوایه ، ده بێ پشگیری له باری هه نکه ی کوردستانی باشور بکرێت و بپارێزرێت .

٦- بڕیاری به رله مانی کوردستان و به ره ی کوردستانی که کۆماری فیدرالی له کوردستانی باشور جاڕدایه ، هه نگاوێکی شۆڕشگێڕانه و ره وایه ، ئه م هه نگاوه پیرۆزه ، دووژمنه شۆڤینیسته کانی کوردستانی هاروشێت کردییه ، له تورکیا ، ئێران ، عیراق ، تا له ناو زۆربه ی ئه و هێزانه ی خۆیان به پێشکه تووخواز و به رهه لستکاری رژێمی عیراق له قه له م ده ده ن ، ده نگی ناسازیان به رزکردۆته وه دژی ئه و بڕیاره و به رله مانی کوردستان ، هه تا هه ره شه ی توندیش ده که ن ...... !

٧- به رای من ، نابیٚ هیچ که سیٚك یا ده سته و هیٚز و پارتیٚك له کوردستاندا کاری وه ها بکات ئاو بکاته ئاشی دووژمنان و دلیان گوشاد کات ، به هاندان و فیکه ی ئه وان دژ به نه ته وه ی خوٚی ره فتارکات ، دووژمنانی کوردســـتان مه به ست و نه خشه یان ئه وه یه ئه و کورپه ساوایه ی کوردســتانی باشور « مه به ستم سه ره تای کوٚماره فیدرالییه که یه » زوو بخنکیٚندری ، نه شه و گه شه نه کات ، نه که ویٚته سه رپا و له ناو بچیٚت .

دلانپار : پارتیا کارکه رین کوردستان ، وه ك هیٚزیکی چه پی کوردســتانی چوٚن هه لده سه نگیٚنن ؟

وه لام :له ده میٚکه وه من PKK به هیٚزیکی شوٚرشگیٚر و نیشتمانپه روه ر ده زانم « هه تا له به رگی دووه می کتیبه که م ، له لاپه ره ٢٧١ به دواوه چه نـــد رووپه ریٚکم له سه ر نوسیوه » له و سنوره ی ئاگاداریم له سـه ریان هه یه ، به را و هه لسه نگاندنم : بیرکردنه وه و ریٚبازی دوورونزیکیان له زوٚربــه ی هه ره زوٚری کرده وتیٚروانین وبوٚچونی - « کوٚمه له ی ره نجده رانی کوردستانی عیراق » ساله کانی ١٩٧٨ تا ناوه راستی هه شتاکان و « کوٚمه لـــــه ی زه حمه تکیٚشانی کوردستانی ئیٚران » له سه ره تای سه رکه وتنی شـــوٚرشـی گه لانی ئیٚران تا ئه م سالانه ی دوای - ده کات ، وه کو ده نگیٚکی خیٚرخوا داوا له براده رانی تیٚکوٚشه ری PKK ده که م چاویٚك به سه ر هه لویٚست و ریٚبازو هیٚندیٚ لـــه کرده وه کانیان بخشیٚننه وه ، چونکه به سود و به رژه وه ندی سه رتاسه ری بزووتنه وه ی رزگاریخوازی نیشتمانی کوردستان ناگه ریٚ .

ئاشکرایه له سالی ١٩٧٩ به یارمه تی پارتی دیمکراتی کوردستانی عیراق ، له ناو سنوری به شه کوردستانی به زوٚرلکیٚندراو به عیراق ، له سیٚسوچی سنوری ده وله تی نیوان ئیٚران ، عیراق ، تورکیا ، چه نـــد بنکه یه کی بچـوکیـان بوٚخوٚیان بنیات نا ، دوای په ره یان سه ندوو گه شه یان کرد ، به پیی ئاره زوی خوٚیان چه ندان بنکه یان به دریٚژایی سنوری نیوان عیـــراق و تورکــــیا دامه زراند ، بـــــه م دواییه ش گورجوگوٚلی چالاکی جوامیرانه یان گه لیٚ فراوان بوو مه ترسی گه وره ی بوٚ سه ر رژیٚمی توٚرانییه کانی تورکیا په یدا کرد .

دلانپار : رژیٚمه داگیرکاره کان ده یانه ویٚ له ریٚگه ی جه نـــگی کـــورد کـــورد زه بری کوشنده له بزووتنه وه ی رزگاریخوازی نیشتمانی کوردستان بوه شیٚنن وه ك هه ر داگیرکاریٚك ، راستیه کی بیسوودووه ؟

وه لام : زوٚر راسته ! رژیٚمی تورکیا یه که م هه نگاو ده گه ل حکومه تی ســـوریا که وته کیٚشه ، که PKK له ده شتی « بقاع » ی لوبنان نه هیٚلیٚت ، تا راده یه ك له وه ی مه به ستیان بوو سه رکه وتن ، بایاندایه وه سه ر کوردستانی باشور که وتنه جموجوٚل و هیٚرش بردنه ســـه ریان لـــه رووی رامیاری و کـــاری سه ربازییه وه ، ئه نجا که وتنه نانه وه ی په لپوبیانو به رامبه ر به بـــه ره ی کوردستانی عیراق و باری ناوچه که ، دوایان ده کرد هیٚزی PKK به تایبــه تی هیٚزه کانی هیٚلی سنور له ناو خاکی کوردستانی باشور نه میٚنیٚت .

دلانپار : راو بوٚچونتان ، کامه چاره سه ر پیٚشنیا ده که ن ؟

وه لام : لیٚره دا به راو بوٚچونم ده بوایه براده رانی ســـه رکردایـــه تـــی PKK له رووی به رژه وه ندی ئیٚستا و داهاتووی هه موو کوردســـتان هه لویٚستیٚکی وه های وه رگرتبایه ، دلسوزانه به گفتوگوٚی برایانه ده گه ل هیٚزه کانی به ره ی

کوردستانی عیراق و حوکومەتی کوردستان باشور چارەیەك بۆ ئەم شەڕ پێفرۆشتنەی دەوڵەتی تورکیا بدۆزرابایەوە، نەك سەرپێچکردن و سووربوون لەسەر هەڵوێستێك و ڕێبازی هیشکە دۆگما، وابزانم لە باری ئێستێکەی کوردستانی باشور، گەر نیازباشی و پاکی و دۆستایەتی و هاوکاری کردن لە نێواندا هەبێت، ماوەی ئەوە هەیە هەزاران تێکۆشەری کورد تێدا بژین، تا سنورێك بشاردرێنەوە، بنکەی خۆشیان بنیات بنێن و مەشق بەکاری پارتیزانی بکەن و گشت ئەرکە کانیشیانان ئەنجامبدەن و بایەخ بەهەمو لایەکی کاروباریان بدەن، کەسیش ڕێگایان لێ ناگرێت هەڵسن بە چالاکی و گورجوگۆلی پارتیزانیان دژ بە ڕژێمە داگیرکەرەکەی خاکیان، کورد گوتەنی « دز و ماڵخۆ یەکبن گا لە کولانە دەبەنە دەرەوە » ، پێشنیاشم ئەوەیە: لەو هەلومەرجەی هەنکە بۆ کوردستانی باشور رەخساوە نەك تەنها هەر لەسەر PKK بەلکە لەسەر هەموو رۆڵەیەکی کورد پێویستە و ئەرکێکی مێژووییە پشگیری لەو دەستکەوتووە بکات لە کایەدایە، دەستی یارمەتی و خێری بۆ درێژ بکات، نەك بە ریباز و رەفتارکردن راژەی دووژمنانی کوردستان بکات.

دوا ووتەم ئەوەیە: دەیەها جاریش لە رووی پارت و ڕێکخراوەکانی لای خۆمان داوە، پێش هەموو شتێ، نابێ لە بڵاوکراوە و بانگە وازەکانیان هێرشی نارەوا و تومەتی ناشیرن ئاراستەی یەکتری بکەن، وابزانم ئەوە سەرەتایە بۆ چوونە ناو ووتوێژی خێرخواهانە کە بەسود و بەرژەوەندی تەواوی بزووتنەوەی رزگاریخوازی نیشتمانی کورستان دەگەڕێتەوە.

لە کۆتلیدا دەڵێم: نەدەبوو، ئەم جەنگە روویدایە، کۆسپو کە دەری کۆنمان گەلێ کەم نەبوو ئەوەشی هاتە سەر، ئەرکی نەتوایەتیمان گەلێ سەختە، ڕێگاشمان تاریك و دورە، هەمووشی هەر مەترسی و کەند و تەگەرەیە، دەبێ هەموو لایەك، هەر کەسێك لە شوێنی خۆیەوە بە پێی توانا کاری خێر و چاکە بکات، تەقەلاش بدات چارە بدۆزیتەوە بۆ هەموو ناکۆکی و کینە و بەربیەکانی کۆن و نوێ.

هەر دەقێك، بەرهەم، وەرگێڕان، یا نامە بێ، بڵاو بکرێتەوە یا نا، بۆ خاوەنی نانێردرێتەوە، هەردەقێك، بەرهەم، وەرگێڕان یا نامەبێ لەتەك نازناو یاناوی خواستراوەدا، ناو و ناونیشانی تەواوی نوسەرەکەی لەسەر نەبێ وەلام نادرێتەوە، بەرهەمی وەرگێڕدراو دەبێ دەقەکەی لەگەڵ دابێت دەنا بڵاو ناکرێتەوە.

لیژنەی بڵاوکردنەوەی دلانپار

# هەڵبژاردە لە ژمارەکانی دلانپا ساڵی ١٩٨٦ ١٩٨٧

ژمارە دووی دلانپار لە ٢٥ /١ / ١٩٨٧ دە رچوە ، بە رگی یە کە می ئە م ژمارە بە وێنە ی شە هیدی سە روە ر سە رە ك كۆماری دیمكراتی كوردستان نە مر « قازی موحە مە د » رازاوە تە وە .

لە م ژمارە یە كۆمە ڵێ بابە تی هە مە جۆر هە ن :

مارشی دلانپار بۆ ساڵرۆژی دامە زراندنی كۆمـــاری دیموكراتی كوردســـتان « دە ستە ی بە ڕێوە بە ر » ، بیری ئابوری زانی لە كۆمە ڵگای كوردە واریدا « نوسینی : رە ها » ، هێمن و خۆشە ویستی پێشە وا« موحە مە د مە هابادی » ، لە كە شكۆڵی شاعیرە ئاوارە كاندا « ن . بێباك ».

خوێنە رانی خۆشە ویست ، لە م ژمارە یە بابە تێكمان هە ڵبژارد كە بە شێكە لە لێكۆڵینە وە یە كی فراوان ، لە گە ڵ ئە وە ی پترلە دە ساڵ بە سە رنوسینیدا ، پێنج ساڵ بە سە ربڵاوكردنە وە یدا ، تێپە ڕیوە ، بە لامانە وە هێشتاش با یە خی خۆی لە دە سنە داوە ، فە رموون ئێوە و بە شی یە كە می ؛

## بیری ئابوری زانی لە كۆمە لگە ی كوردە واریدا

« چە وسێنە رە كان هە ڵگری ئایـــــدۆلۆژی ، ئیمپریالیزم و كۆنە پە رستین ، دواین ئـــاینی چە وساندنە وە ، بۆیە دە بێ چە وساوە كانی هـــاو ئامانج باوە ڕی خۆیان بناسن و بە تە واوی لـــە بـــە رە ی ئایـــــدۆلۆژی دووژمنانیان خۆیان جیـــا كە نە وە » .

« چە وساوە كانی كوردستانیش لە شكۆی وبە رزی رۆڵی مێژوویی خۆیان بگە ن و لە بێشـــە رمی چە وسێنە ر و داگیركاران و ئیـــمپـریالیـــــزم تێگە یشتبان ، كە بنجی سە رە كییە لە گە یشتن بە ئامە نجە كانیان ».

لە چە ند شوێنێكی ئە م نوسینە ، تە نیا وە كو دە ستنیشانكردن ، پە نجە مان راكێشا بۆ جۆری بیركردنە وە ی كۆمە لكە ی كوردە واری و گوتمان لـــە

قوناغی یه که مدا ، له کومه لگه ی کومونیزم ، په نده کان ، به راسترین جوری بیروباوه ر و بیرکردنه وه ده زاندرین و ئایدولوژی کومه لگه بوون .
دووبـــاره ده گه ل رونکردنه ه ی چونییه تی سه رهه لدان و درووستبوونی چینه کان ،له قوناغی دووهه میندا باسی ئه وه مان کرد ، چون په نده کان شه قلی چینایه تیان تیکه وت و به پیی دابه شبوونی کومه ل بوچه ندین چین رواله تی ئه م دژکارییه یان به خوه گرت ، دیسا ســـــه رنجی خوینه رمان راکیشا چون په نده کان له لایه ن چینی چه وسینه ر هه ولیان بوده ده را بگوردین به ئاین ، به هوی بیئه نجامی ته قه لایان ، چه وسینه ران ریگه یان به وه ده دا ئاینیکی ده ره کی گونجاو ده گه ل مه رام و به رژه وه ندی چینایه تی خویان له نیو خه لکیدا بلاوبیته وه ، به خورتی هه ولی سه پاندنیان ده دا .
بیگومان ئاشکرایه ئه م جوره ئاینانه سه رتاپای ، هه رنه بی له ناوچـــه ی ئیمه دا ، هه موو ئاینه خیله کییه کانیان سریوه ته وه ، گومکردوه ، هه رچه نده زورجار له نه ریتی ئه م ئاینانه ش زورشتیان خواستوته وه ، هه رچونی بی ؛ ئه وه ی ئیمه لیره دا ده مانه وی رونیکه ینه وه له پله ی یه که مدا بیره ، نه ك ئاین ، به لام ئاین به شیوه یه کی گشتی که جوره دارشتنیکی ئایدولوژی و ئایدیاله به رپرسیارمان ده کات که لیی بدوین .
« بنجی سه ره کی تیکه یشتن له خورهه لات - که ئاســـمانی خورهه لاتیش ئاین - ده گریته وه ، نه بوونی خاوه ندارییه تی زه وییه » کارل مارکس .
ئایا ئه م گوته یه ده گه ل سه رتاپای بوچونی ئیمه ده گونجی ؟ روونـــتر ، ئه م گوته یه ده گه ل بوچونی ئیمه و بوونی ئاین له کومه لگه ی ئیمه دا چه نده برده کا و ده قدیته وه ، ئه وه ده خه ینه به رسه رنجی ره خنه ی زانستی ره خنه گران و بیرورای خوینه ران .
سه ره تا ده پرسین - کوا ئاسمانی کوردستان - ئاین ؟ کومه لگه ی کورده واری ئه و ئاینانه ی ناسیون که ده ره کی بوون ، هه رسی ئاینی سه ره کی - موسا ، جوله که کان ، عیسا - دیانه کان ، موحه مه د - موسولمانه کان ، یا به هوی موژده ده ره کانه وه ، وه یا به هوی زه بروزه نگ وه بلاوبوونه ته وه ، ئاینی له وان کونتر که له مه و پیش رونمان کرده وه به یارمه تی ده سه لاتی « ماد » و « موغه کان » له نیوان هوزه کان ، یا چه ند هوزیکی ئه وسای ئه م ناوچه یه بلاوبوته وه ، دووباره ساسانییه کان له کوتاییدا بایه خیان پیداوه ، پتـــر سووربوون له سه ر بلاوکردنه وه و به زورسه پاندنی به سه ر خه لکیدا .
ئیسته سه رنجی نه خشه ی ئاینی جیهان بده ین ده بینین زوربه ی ئـــــه و نه ته وانه ی باوه ریان به یه ك ئاینه ، وه نه بی ئاینه که لـــه ناوه خوی نه ته وه کانه وه سه ری هه لدابی ، به لکو له نیو کومه لگه یه ك ، گه لیـــك ، نه ته وه یه ك ، یا مه لبه ندیکدا ، دروستبووه و سه ری هه لداوه و لـــه نیو خه لکی ده ورووبه ردا سه پیندراوه و بلاوکراوه ته وه ، به م شیوه یه ده بینین کومه لگه ی کورده واری یه کیکه له و کومه لگایانه ی ، که دوای له ناوچونی نه ریتی کونی ئاینی هوزه کان ، ئیتر به و شیوه یه ی ئاین سه ری هه لداوه له نیوکومه لگاکانی تردا ، لیره دا نه هاتوته دی ، به لکو که وتوته ژیر کاریگه ری ئاینی ده ره کی [١] ، ئه م دیارده یه ، دیارده یه کی سه ره کی ناوه کی ترمان بو دیارده کات که هینده ی رولی ده ره کی و بگره ته واوله و به هیزتره ، ئه و یش به ربه ره کانیی ئایدولوژی ئه م ئاینانه یه ، ته نیا هه لسه نگاندنیان ، لـــه و

ساوه وئیستـه ش هه ر لـه روانکه ی ئایدۆلۆژییه وه و لـه تێکه ی کۆمه ڵگه ی کورده وارییه وه نرخی تایبه تی خۆی هه یه .

له مه وبه ر رونمانکرده وه ، که داکیرکاره یه کبه دوایه که کان ، بـه درێژایی مێژوو ، ئامیرێکی به رهه مهێنانی نوێتر و به هێزتریان نه هێناوه ته نێو ئه م کۆمه ڵگه یه ، هه ربه م پێیه ش بیرێکی به تێنتر ، یاخۆ نوێتریان " گه ر ئه م ده ربرینه بگونجێ " نه هێناوه ، هه رچه نده ئاینیش بوون ، به هێــز سه پێندراون ، به ڵام ده بینین له ژێر راو به رده وام هه ولی هه ڵته کاندنیان دراوه ، ئایدیالۆژی و بیری کۆمه ڵگه ی کورده واری بـه رده وام به ربه ره کانیی کردوون ، ئێمه ش ده مانه وێ لیزه دا له چۆنییه تی دروستبوونی ئه م دیارده یه بیرییه بکۆڵینه وه .

زۆران هه ن ره وتی مێژوو - هاتی مێژوو - له سه ر بنچینه ی لێکدانه وه ی ساکار به رپه رچده ده نه وه ، وایتێده گه ن که هاتی مێژوو که له پچه ی ده ستی مرۆڤه به رابه ر به مه رجه کانی ده وروبه ری ، به ڵام که س که سنورکراوبێ به هۆیه کانی ده وروبه ری له وه ده چێته ده ر که س بێ ، ده شۆرێ و به س . ده بێت به بایه کی رووت ، پاشکۆیه ك ، به هۆی ئه وه وه باره که له ژێر رکێفی وه ده ردێ ، هه موو ئازادی ده که وێته به رکۆنترۆلی ئه و ، جوانکاری ده کوژێ ، له کاتێکدا سنورکردنی ره فتار و جموجۆڵی جوانکاری گه ر دیالیکتیکیانه سه رنجدرێت ، به هیچ جۆری ره سه نایه تی و تاکایه تی که سایه تی و ئازادی هه ڵبژاردن لرف نادا ، به هۆی ئه وه وه که س که درووستکه ری باره ، هــه ر وه ك چۆن پێوه ی سنورکراوه ، له هه مان کاتدا ره خساوی فراوان و رێگه ی جۆراوجۆری هێنانه دی ئامانجه کانی هه رله و باره دایه که خۆی هه یه ، مرۆڤ ده توانی بیخاته به رتیشك و گۆڕه پانی جموجۆڵی خۆیه وه .

مرۆ و په یوه ندی مرۆ به ده وروبه رییه وه بریتییه له په یوه ندی - مرۆڤ - سروشت - مرۆڤ و مه تریال - مرۆڤ و شته کان ، گۆڕینی شتیش خۆی گۆڕینی مرۆڤه ، هه رله بواری گۆڕاندنی سروشت و گۆڕینی مرۆ ، سـه رخان دروستده بێ ، کارتێکردنی مرۆڤ له ده وروبه ری و زاڵبوون به سه ریا ، وه ده ستهێنانی ئابوری و پێداویستی ژیان له رێگه ی کاره وه ، پێداویستی وردبونه وه و سه رنجدان له سروشت ، شته کان ، پێویستی به کارێکه ، کاریش گۆڕانی سروشته ، که دووباره گۆڕینی مرۆڤ خۆیه تی ، ئه وه یــه جۆری بیرکردنه وه سنورده کات ، که بنچینه سه ره کییه که ی ژێرخانه ، واته باری ئابوری ، بۆ روونکردنه وه ی پتری ئه م بابه ته سه رنجی وردتری چۆنییه تی فراژیبوونی ئابوری له کۆمه ڵگه ی کورده واری ده ده ین .

ده بێ له یادمان بێ که ووتمان کۆمه ڵگه ی کۆمۆنیزم له و په ری فراژیبوون دابوو ، ئه رکی ئابوری کشتوکاڵی و ئاژه ڵداری ، باری ئابوری کۆمه ڵگه ، نیشته جێبوون و کۆچه ری ، پێویستی به رێك کردنی که ژ و وه رزه کانــی ساڵ بوو ، که بووه بنچینه ی دروست بوونی ساڵنامه یه ك ، له و وه خته وه و تاوه کو ئێسته ده توانرێ زۆررێکوگونجاو ده گه ڵ باری جوگرافی کوردستان به کار ببردرێت ، گه ر سه رنجی ئه م ساڵنامه یه بده ین ، ده بینین ئه نجامی ئه م په یوه ندیه یه که له سه ربچینه کانی ژێرخانی ئابوری کۆمه ڵگه دروست بون ، ئه نجامی په یوه ندی مرۆڤه به ده وربه ری ، ئه نجامی هه وڵدانی مرۆڤه بۆ زاڵبون به سه رسروشت و گۆڕینی ، ئه نجامی تاقیکردنه وه ی هاوژینی مرۆڤــه

ده گه ڵ رۆژگار .

ساڵنامه كه بریتییه له :

زانیاری ، ره سه ن ، رێكخراو ، سه رچاوه كه ی سروشتییه ، نه ك سه روی سروشت ، تێكه ڵ به باوه ڕی ئاینی و بیرۆكه ی پڕوپوچ نییه .

ئه م پێناسه ی سه ره وه ته واو و ده ق گونجاوه ده گه ڵ پێناسه ی وشه ی زانست ، كه بریتییه له :

زانیاری ره سه ن و رێكخراو ، سه رچاوه كه ی سروشتییه نه ك سه روی سروشت ، بۆیه ناتوانرێ به رپه رچبدرێته وه .

له پێشدا رونمان كرده وه كه په یوه ندی ، به خێوكردنی ئاژه ڵ [٢] په یوه ندی به به ره وبومی سروشتییه وه یه ، گیاوگوڵ ، كشتوكاڵ ، كه خۆی په یوه ندی به ئاو و هه واوه یه ، ئاو هه واش په یوه ندی به خولانه وه ی زه وی به ده وری ته وه ری خۆی و سوڕانه وه ی به ده وری خۆردا ، به م جۆره له باری گوزه رانی ئابورییه وه تاگه ردون و هه نییی به یه كه وه به ستراون و یه كیتیه كی ماتیریالیان پێكهێناوه ، كه ئه نجامی ئه م په یوه ندییه ئابوریه دابه شبوونی ئاو و هه وا و دروستبونی كه ژه كانی ساڵه ، مرۆڤ له بواری په یوه ندی ئابوریه وه به ده وروبه ری ، هاتنه وه و نوێ بوونه وه ی به رده وامی ئه م دیارده یه ، ساڵی دابه شكردووه بۆ كه ژ و كه ژه كانیش بۆ مانگ ، مانگه كانیش بۆ هه فته ، هه فته ش بۆ رۆژ ، كه هه ر مانگه ی وه رزیكی ئابورییه ، كشتوكاڵ ، یا ئاژه ڵداری ، به پیت ترین و پڕترین كه ژی به رهه م و كار« به لكو جوانترییایان » بۆته سه ری ساڵ ، ساڵنامه كه به روونی ئه وه مان به ده سته وه ده دات ، ته نیا ناوی مانگی نه ورۆز گومانی ئه وه مان ده ڕه وێنێته وه كه دوای رودانی راپه ڕینێكی فراوان ، له سه ره تای ساڵ ناوه كه ی به سه ر ناوی راسته قینه ی « ئاخه لیوه دا » زاڵبوه ، مانگی گه لاویژیش سه ره تای سه ر هه ڵدانی زانیاری ئه ستێره شوناسییه ، به م جۆره ده بێ له وه بگه ین ئه م ساڵنامه یه یه كجار كۆنه و ساڵنامه ی كۆمه ڵگه ی جوتیار و شوانكاره كانه ، كه بێ گومان گه ر ئاین هه بوایه به و شێوه یه ی له كۆمه ڵگه كانی تردا ، ئه وسا هه بوو ، وه یا زانستی ئه ستێره شوناسی پێشكه وتووتربوایه ، ئه وا ناوی خواكان ، ئه ستێره كان ، یا هه ر نه بوایه رواڵه تی به سه ر ناوی مانگه كاندا زاڵده بوو ئه م راستییه ده گه ڵ زۆربه ی ساڵنامه كانی تری كۆمه ڵگه كانی ده وروبه ر ماندا ده گونجێ ، به لام هه روه ك له پێشه وه ووتمان ، ئه م دیارده یه له و ساڵنامه یه بزره [٣] وه ك سه رنجده ده ین ، ئه م خاڵه لایه نگری ئه و باوه ڕه مانه كه ئاین له و كۆمه ڵگه یه یه دا به شێوه یه كی كه له كۆمه ڵگه كانی تردا بوونی بوه و كاریگه ر بووه نه بووه ، ئه م جۆره دروستبوونه ، له سه ر بنچینه ی رێكی ئابوری گوزه ران ، مرۆڤ ده باته وه سه ر رێبازێك كه له رێگه یه كی راسته وه بیربكاته وه « مێشك » ی مرۆڤ هه رگیز ئابوری نابێ ته نیا له و كاتانه ی به شێوه یه كی راسته قینه راستییه تی بابه ت تێیدا تیشكده داته وه ، بێگومان لێره دا ، تاقیكردنه وه و كاركردن پیشه و پێوه ری راستیمانن - لینین » .

هه ستی كۆمه لایه تی - تیشكدانه وه ی بوونی كۆمه لایه تییه ، هۆش به گشتی تیشكدانه وه ی گشتی بوونه ، ئه مه ش باوه ڕی گشتی ماتیریالیزمه .

25.1.87

2

WŠANDNA ROŠNBIRY GIŠTYE بڵاوکراوەیەکی رۆشنبیری گشتییە



سەرۆک کۆماری دیموکراتی کوردستان

رابەری رامیاری پارتی دیموکراتی کوردستان

سەرکردەی بزووتنەوەی رزگاری کورد و سەربەخۆیی کوردستان

# پێشەوا قازی موحەمەد

سالنامه كه و جۆرى دروستبوونى ته واو بوونى كۆمه لايه تى روونده كه نه وه به هۆى ئه وه وه تيشكدانه وه ى بوونه كۆمه لايه تييه كه ن ، ئه وه مان پێده به خشن بلێن مرۆڤ له وساكه وه له رێگه ى - ئابوريانه - بيرى خۆى گوزه ر كردووه ، هه ر به م جۆره ش له سه رهه مان ژێرخان و بارى ئابـــورى و گوزه ران ، له و رێگه وه په نده كان له و كۆمه ڵگه يه دا هاتونه ته كايـه وه ، بريتين له تيشكدانه وه ى بوونى كۆمه لايه تي - به گشت لايه نه كييـه وه - ئابورى كۆمه لايه تى - ئايديالۆژى .... هتد ، كه ده گه ل ره وتى بـــه ره و پێشه وه چونى كۆمه ڵگه فراژيبوون ، به رده وام په يوه ندى نوێ بوونـه وه و فراوان بونيان به خۆه گرتووه .

ده گه ڵ سه رهه ڵدان و دروستبوونى چينايه تى ، په نده كان نه ك ته نيا شه قڵى چينايه تيان به خۆه گرتووه ، به لكو بوون به ئايديالۆژياى چه وســـاوه و چه وسێنه ران ، هه ريه كه يان به لايه كدا و به گويێره ى به رژه وه نـــدى چينايه تى خۆى ، په ره ى به م لايه نه ئايديالۆژييه ى خۆى داوه ، ده بينين له كۆتايدا چه وسێنه ره كان پشگيرى ئاينيان كردووه ، به هۆى ئه وه وه خاوه ن ده سه لات بوون ، له پێناوى به رژه وه ندى خۆيان به سه رخه ڵكياندا سه پاندووه ، بۆ ماوه يه كى زۆر درێژخايه ن خه ڵكيان به وه خه له تاندووه كه پاداشـتى ئازاره كانيان له ئاسمان يه ك به ده وه رده گرنه وه ، هه ر به پێوه رى ئـه و يه ك به ده يه ى كه له زێده به رهه م لێيان ده سه ندن ! [٥]

هەواڵنامەی کتێب

سالى نويتان پيروز

كۆميته ى ئاشتى و پشگيرى نيشتمانى كوردستان

# هه یاسه له ئه وروستان چ باسه ؟

به رسیڤی : هه یاسی خاس

ته سبیحه که ی خراندو گووتی :
- گه لی براینه .... براده ریکم هه یه ، ناوناوه بزرده بی ، دوایی دووسی هه فته ..... دیسا په یدا ده بیته وه ، یاخوا به خیر بیته وه ! برا ئه وه له کوی بووی ؟ چه ند که ره ت بوو هه ر نه ی ده ووت ! باسه که ی ده گوری به رسیڤی نه ده دامه وه ، ماوه یه ك له مه و به ر توشم به توشیه وه بوو ، رامگرت و لیم پرسی :
- ئه ری چاوی خاری ئه وه له کوێ به جاری خوّت گوم کردووه ......
خه ریك بوو دیسا لیم بشاریته وه ! بوّیه دریژه م به قسه کانم دا و ووتم :
- بوّ لیم ده شارییه وه هه رچلوّنی بی خوّ ئاگام له هه موو شتیکه !
چاوی زه ق بوون و واقیورما ، پرسی :
- که واته ده زانی له کوی بووم !؟
- بیگومان .... جا شت هه یه له خاره هه یاسی نه هێنی بی !
- له کوی بووم ؟
ووتم :
- هه لبه ته له راوه گورگ !!
دایه قاقای پیکه نین و ووتی :
- توخوا ئه وه کی پیگووتی ؟
- به سه ری خارت که س پیی نه گووتوم !
وازی لی نه هینام .... که وته سویندانم ....! ووتم گوی بگره :
- باوه رکه که س پیی نه گوتم ، دوو روّژ به ر له وون بوونی ئه م جاره ت له کوّگایه کی گه وره ی فروّتنی که لوپه لی راو م دیتی ، به رادایی مامه له ی پیلاوت ده کرد !
گووتی :
- هه یاس .... به راستی زیره کی ... مادام وایه ، بابوّت باسبکه م ...!
ووتم :
- ده ی فه رموو ؟!
- به خاری خوّم بلیم ، هه رگیزله وگه شتانه ی من خوّشترنه بوه ونابی ، خوّمی لی کوّلاك ده که م و بوّ ئه وناوه به ره و خوار ده بم !
پرسیم :
- بوّ کوردستان !؟
- ئاها ......ئه هـ .... یانی ....!

ووتم :

- یانی چی .... ئاها ئه هـ ؟

فه رمووی :

- شوێنێکه کوردستانه و کوردستانیش نییه ؟!

له دلی خۆمدا گوتم هه بێونه بێ ریگه یه کی به ره و ئه و خواره دۆزیوه ته وه نایه وێ پێم بلێ ، بۆیه پرسیم :

- باشه ده بێ کوێ بێ کوردستانیش بێ کوردستانیش نه بێ ؟ چـاوی خاری ده هه ر ئه وه یه که من بۆی چوم !

ووتی :

- هه راست خۆیه تی ! راستییه که ی ده چمه ناوچه ی ئه رمینیا ! خوار شاری یه ریڤان و ئه وناوه !

- ته واو...... منیش هه ر بیرم بۆ ئه وه چوو ، ده نا پیاو پێلاوی نێو به فری بۆ چییه !؟

- ئای ئه وناوه کوردی باشی لێیه !جاچه نده زه وقیان به راو دێ! هه رمه پرسه !

- تۆبلێ کورد هه یه زه وقی به راو نه یه ، به سه ری تۆ هه یاسی خارت له هه موو که س پتر ئاره زوی له راوه به لام ئاخ ده ستی شکاوم !

- ئاهو .... مالت خراپ نه بێ ده تۆ ... توخوا ئه گه ر بیکه ی به خه م !

- کوره چۆن نه یکه م به خه م !له و ئه وروپایه به بێ راو پیاو دلی شه ق ده بات !!

ده ستی خسته ده ستم ، ووتی :

- باشه ده لێی چی ئه م جاره ببی به هاورێی خوارزات ، گه شتێکی باشی بۆ ده که ین ، چه ند پێسته و ددانه گورگیش له وانه ی کیژۆله ئه وروپایی حه زی لێده که ن ده ستکه وتمان ده بێ !!

- من ئاماده م ، ده تۆ ئه م جاره خه به رم لێبگێره وه !

کورینه سه رتان نه یێشێنم ! ده رۆژی نه برد ، شه وێ تازه ده بورژام ، زه نگی ته له فونه که م له زریکه ی دا ، خوایه خێر بێ به م شه وه ، ده ستم درێژکرد ، زاربیسته که م هه لگرت :

- خاره خۆتی ؟!

- خوارزا ئه وه تۆی به م شه وه خێره ؟

- هه ر ئێسته خۆت ئاماده که ، بروسکه م پێگه یشتووه ! به یانی بـــه رێ نه که وین ئه و ره وه گورگه مان له کیس ده چێ !

ده ستم به زاربیسته که وه سارد بوو ، ووتم :

- خوارزا ره وه گورگی چی ئه وه تۆ به راسته ؟

- خاره گیان ئه ی گوایه گالته م ده کرد.... بۆ قه تت درۆ له من بیستووه ؟!

- نه وه لا تۆ و درۆکوجامه رحه با ، به لام چاوی خاره ی من که لوپه لی راوم نییه !

- خه مت نه بێ به یانی هه ر له و کۆگایه ی که منت دی بوو هه رچی پێویسته ده ی کرین و یه کسه ر بۆ فرۆکه خانه ......

- باشه تۆ له و ره وه گورگه مسۆگه ری ؟

- ئای خاره گیان خوا سه لامه تت کا ، ده لێم بروسکه یان بۆ ره وان کردووم

- باشه نه یان نوسیوه چه ند دانه ن شه ش ... حه وت ....؟

- ماڵت خراپ نەبێ خارە هەیاس ، پیاو بۆ شەش حەوت گورگ ئەو ڕێیە دەکوتەوە ، هەر جارەکە دەنوسن رەوەیانی لە نێوانی چل و پەنجا !!
خەریك بو بڵێم توهـ لەو درۆیە ، لە دڵی خۆمدا ووتم پێی ناوی لەو ئەوروپایە مرۆڤ لە سەر قسەیەکی وا کەس نەکاتە دووژمنی خۆی ، ووتم :
- زۆر چاکە مادام وایە بەیانی ئامادەم !
درێژەی نەدەمێ بەیانی کە لوپەل کراو بلیتمان چێك کراو بەرەو فرۆکەخانە کەوتینە ڕێ ، لە تەکسی دابوین ، ووتم :
- ئادەی چاوی خاری ئەو بروسکەیەم پێنیشان دە ؟
- خۆ وەڵاهی لە سەر مێزەکەم دانابو ، لە پەلە پەلی لە بیرم چوو !
بەس دەزانی چی ؟
بە تاسەوە ، ووتم دەبڵێ :
- ئەو وشەی نوسیبویان چل و پەنجا ناگەینی
- ئەی زیاتر ؟
- نەوەڵا ... بە خاری خۆم بڵێم ، خۆی لە سی دانە دەدا !!
- بەڵا لە هیچی دا بۆ سی دانە پێستە گورگ کەمە ؟
- نەوەڵا !
دەبا لە کورتی بیبڕمەوە ، کە چوینە ناو فرۆکە و جێگەمان گرت ، فەرمووی :
- دەزانی دوێنێ شەو دوای تەلەفونەکەی تۆ تەلەفونیان بۆکردم !؟
- لە کوێوە ؟
- ئەو برادەرانەی خوارێ !
- ئێ دەنگوباس چییە ؟
- بە خاری خۆم بڵێم باس هەرباسی ئەو رەوە گورگە بو، دەڵێن بە فرێکی زۆرکە وتوە لە برسا بەو ناوە وەربون بەڵام ناوێرن تخونی ئاوایی کەون !
بیستوپێنج دانە گورگی بێ کە موزیاد !
-کوڕە چاوی خاری خوا سەلامەتت کا ، ئا ئێستە لە نێو تەکسی بووین ووتت سی دانەن !؟
- ئا هـ .... ماشەڵا چەند لە سەر قسان دەڕۆی ، جا توخوا بیستوپێنج و سی جیاوازیان چییە ، خۆ لە سەر ئەوەش نایکەینە مشتومڕ وەك ئـــەو حیزبانە یەکێ دەنوسی کورد سی ملیۆنە ئەوەی تر دەنوسی بیستوپێنجە !
توخوا باوکم جیاوازی چییە ! یاهە رفێرین لە سەرهە مووشتێ بیکەین بە هەڵا !
بیرم کردەوە هەتا گرفتەکە نەبووە بە گرفتی رامیاری چاکتر وایە بێدەنگ بم ، بۆیە ووتم :
- وەڵا هیچ !
چەند کاتژمێرێ بە ئاسمانەوە بووین ، گورگ کوژی هاوڕێم خەوی پیا کەوت ، تا فڕۆکە هاتە سەر باری نیشتن ، دەستێکم بە شانییەوە نا :
- دەهەستە خۆت ببەستە وادیارە گەیشتین !
چاوەکانی هەڵگلۆفی ، لە پەنجەرەکەوە سەیرێکی دەرەوەی کرد ، ووتی :
- خۆ بە راستە !
- ئەی چۆن ! خۆ خوابزا ..... گاڵتەت دەگەڵ ناکەم !
دووبارە سەیرێکی دەرەوەی کردوو ، ووتی :
- راست دەکەی ئەوە چیای ئەراراتە ، ئاها چۆن لە بەفرا سپی دەچێتەوە !

لە فرۆکە دابەزین ، پاسپۆرت و دەکیۆمێنتەکانیان مۆرکردین و بەرەو شوێنی وەرگرتنەوەی جانتە و کەلوپەلەکانمان رویشتین ، سەیرێکی کردم ووتی :

- ئاخ .... بیست دانە ! ئەو بیست دانە گورگەمان لە کیس نەچێ شتی باشە !

- بیست یا بیستوپێنج ؟

- دە ڕاوەستە سەرم لێ مەشێوێنە ، ئەوە تا برادەران چاوەڕێدەکەن !

دەستێکی بەرزکردەوە ، بەخوا هەرچەند ئەملاوئەولام نۆڕی کەسم نەدیت وەلام داتەوە ، دەی هەرچۆنێ بێ تەکسی داواکراو ، خوارزا لە شوفێرەکەی گەیاند بەرەو ئوتێلی ئارارات بکەویتە رێ ، شوفێر پێی پێوە ناو گێری گۆڕی ، روم تێکردوو ، ووتم :

- ئەو برادەرە کێ بوو دەستی بۆ راوەشاندی ؟

- خارە گیان ئەوە لە کوردە راوچییەکانی ئەم ناوەیە ، خۆی دێت بۆ ئوتێل دەزانی من لە کامە ئوتێل دادەبەزم !

- باشە چەند جاری تر وا رێکەوتووە ئەوها توشتان بەرەوە گورگی وازۆرەوە بێ ؟

- بەختی تۆیە ئاوا .... لە دەوروبەری چواردە پانزە دانە یەکن دەنا هەرگیز لە چل و پەنجا کەمتر نەبون !

- ئەوە تۆ چیت ووت ؟!

بەسەری ئێوە بەدەنگێکی وا وەلامی دامەوە :

- زوکە گەیشتین .... ئەوە ئوتێلی ئاراراتە !

هەر ئەوەندەم بۆکرا ، لە تاکسی پیادە بم و دەست دەمە جانتەوکەلوپەلەکانم و لە ئوتێل بە ژورکەوم ، ئەویش بەدوامەوە ، کابرای بەڕێوەبەری ئوتێل بەخێرهاتنی کردین و یەکێکی دەگەڵ ناردین تا ژورەکەمان پێنیشاندات ، خوارزا لە بەردەم دەرگەی ژورەکە وەستا ، جانتا و کەلوپەلەکانی دانا و لە ژمارەی ژورەکە ووردبوەوە ، پرسیم :

- چییە بۆ وا واقت وڕماوە ، خوارزا ...فەرموودەی بۆ ژورەوە با پشویەکی لێ بدەین !

- خارە ئەتۆ بلێی هەلەی نەکردبێ ، ژمارەی ژور هەموو جارێ نەهێنییە لە نێوانماندا ، ژمارەی ژور چەند بێ یانی ژمارەی گورگەکانیش ئەوەندە ، بۆیە باوەڕناکەم ... ئەو وشەی بروسکە کە هەر مانای پێنج دانە گورگ بێ ! دە لێی چی بڕۆم لێی بپرسم !؟

هەیاسی خارتان نەبوایە یەکی تربا خۆ لەتاوا ئەژنۆی دەشکا ، بەلام من هیچ خۆم شێلو نەکرد ، ووتم :

- بڕۆ خوا کەریمە ، رەنگە لە جیاتی پەنجا لێی تێك چوبێ و ئێمەی بۆ ژوری ژمارە پێنج ناردبێ ، خۆ ناتەوی ببی بە حیزبی و لەسەر ئەوەندە جیاوازیە بیکەی بە مشتومڕ !

- خۆ وەلاهی قسەکەت رێی تێدە چێ ! چونکە هەرگیز بۆ پێنج گورگی سەگباب بروسکە ناکات ، خۆی دەناسێ و دەزانێ چەندە مەراقی راوم ، بەدەردی تۆش گووتەنی خۆ ئێمەش نایکەین بە مەسەلەی حیزبەکان !

- دە مادام وایە تەواو پرسی پێناوی و فەرموو !

پەلەمەکەن هەر چەند رستەیەکم ماوە ئیدی دەگەینە کۆتایی .

ئیدی بەیانی خۆمان پۆشتە کردوو تفاقمان هەلگرت ، دوو تفەنگی تاپڕیان لە

کیفی خاکی پێداین ، کاتێ کابرا تفه نگه کانی دایه ده ستمان ، خوارزا ده گه ڵی
که وته وتووێژ ، کابرا زه رده خه نه یه کی هاتێ و په نجه کانی تاقوجووت کرد !
من سه رنجمدایه کابرا چۆن په نجه کانی لێکدی هێناو برد ، به ڵام به ته واوی
تێنه گه یشتم چی ووت ، به سه رخۆم نه هینا تا له ئوتێل به دوور که وتین ،
له نیوه رێگه ی ئه و گرده ی بۆی ده چوین ، پرسیم :
- چاوی خاری من زمان نازانم ، ئه و کابرایه چی ووت ؟
به توڕه ییه وه لێی روانیم و ووتی :
- خوارزا .... تۆ بۆ راو هاتی ده گه ڵ من یا ده ته وێ له گشت نه هێنییه ك
بگه یت و پیشه که م له ده ست ده رهێنی !
- حاشا خوارزا .... وه ڵاهی به لای منه وه راو هه ر بۆ رابوردن و ئاره زو
زه وق و خۆشییه ، ئه ز هه ر بۆ خۆشی تۆ هاتم!
هه ر له به یانییه وه تاده مه و ئێواره به فر بشێله ، ناو ناوه سه نده ویچێکی
ده ردێناو ده ی کرده دووکه رت و ده مان خوارد ، دوایش به سه ری ترمۆسه که
دووفرچایمان به سه ردا ده کرد ، ئه وجا خوارزا دووربینه که ی به چاویه وه ده نا
ئه و ناوه ی ده دا به ر دووربین !
قسه له کورتی خۆشه ، چه ند ئێوه گورگتان دیت منیش هه ر ئه وهێنده ! بۆیه
له خوارزام پرسی :
- ئه رێ ئه و ره وه گورگه ی له برسان هه ته ره ببون کوان چیان به سه ر
هات ؟ تۆ له سه ره تا ووتت ... په نجا دانه ن ، لێکدا لێکدا که مت کردنه وه
فه رموو ئێسته بۆ ده رمانیش دانه یه ك له و ناوه دا نییه !؟
قا ... قا .... ده ستی به پێکه نین کرد ، ووتی :
- خاره هه یاس ده ڵێن تۆ زیره کی و دونیا دیده ی ، تو سه ری هه رتکمان
شێری وه ك من له و ناوه بێ گورگ ده وێرن سه ر ده رخه ن !
ووتم :
- ئه شه دوو بیلا راست ده که ی ، من دونیا دیده م ، باوه ڕ بکه چ نه ماوه نه ی
بینم ، به ڵام شێری درۆزنم نه دیبو ! باش بو زه مانه به زه یی پیمداهاته وه و
ئه ویشم دیت ، جا فه رموو با بگه ڕێنه وه !
کۆڕی براده ران پرسیان :
- هه یاس .... هه ر نه بوایه وێنه یه کت بۆ یادگار ده گه ڵ بگرتایه ، ئێسته
ئێمه ش ده مان ناسی !
رووم کرده براده ران ووتم :
- کوڕینه ده ستم دامێنتان له و ئه وروپایه ئاگاداری خۆتان بن ئه گه ر بڵێی
پڕی شێری درۆزنه ، ئه و گورگ کوژه شیان یه کێکه له چلان ! هه مووشـیان
روخساریان یه که و ده موقه پۆزی خوێناویان له گورگ ده کات ، بـۆیـه
به پێویستم نه زانی وێنه ی ده گه ڵ بگرم !!

# ئارمانجی ئەندێشەی خاو یا پادشای ڕووتە

[ روونكردنه وه یه ك ده رباره ی چاوپێكه وتنه كه ی رۆژنامه ی سه رده می نوێ ده گه ڵ كاك عه زیز محه مه د سكرتێری كشتی حیزبی شیوعی عیراق]
[ له و روونكردنه وه یه دا ئه مه به ستمان هێرش كردنه سه ر حیزبی شیوعی عیراق و نه ده شمانه وێ پاكانه بۆ بزووتنه وه ی نه ته وایه تی كورد بكه ین به لكو ته نیا پیاده كردنی راستی گرفتی نیشتمانی كوردستانمان مه به سته و به س]

ه. ئه كره م

«به شی دوایی»

چوارهم: هه رله خۆه دیاره ، ئه م بۆچونه ی پارتی كۆمۆنیستی كوردستان دژی بۆچون و بیركردنه وه ی ئۆتۆنۆمی و ئۆتۆنۆمیخوازاه كانه ، ئه وه تا له وه لامدا هاورێ عه زیزمحه مه د ، دیسا هه و لده دات بۆچونه كانی پێشه وه ی دووباره بكاته وه ، باسه كه ی به وه كۆتایی پێدێنێ ، كه رای دووهه م وه ك ئه وه وایه یه كێك نه توانی سه ر ته پۆلكه كه وێت ، هه ولی چونه سه ربه رزترین لوتكه ی شاخه كه بدات ، به لێ به بۆچونی ئۆتۆنۆمیخوازه كان ئازادی هاوولاتیان و رزگاری نیشتمانی كوردستان وه ك ئه وه وایه نه توانین به سه ر ته پولكه یه ك هه لگه رێن ، هه ولی لوتكه بده ین ! ملی رێگه ی به ره ولوتكه بگرین ، هه رزۆر راسته ئۆتۆنۆمیخوازان كه هه تا ئێسته نه یان توانیوه سه ر ته پۆلكه ی ئۆتۆنۆمیش بكه ون ، سلبكه نه وه كاتێ ده بینن جه ماوه رێك هه ن ، نه هه ر به بۆچونی ئه وان ناتوانن سه ر ته پۆلكه ی ئۆتۆنۆمی بكه ون ؛ به لكو هه ولی لوتكه ش ده ده ن !! ئه مه ش له وه وه دێت كه ئه وانه ی ده یانه وێ سه ر ته پۆلكه ی ئۆتۆنۆمی كه ون و پێشی ناگه ن ، رێگه یه كی یه كجار خاو خلیسكیان گرتۆته به ر ، تاقیكردنه وه ش بۆی سه لماندین ؛ سه ر كه وتنه سه ر ته پۆلكه ی ئۆتۆنۆمی چوارده سالی خایاند ، هه لدێرانیش له سه ر هه مان ته پۆلكه وه چوارده چركه كه متری برد ! خۆ سه ندنی مافه ره واكانی هاوولاتیانی كوردستان سه ر كه وتنه سه ر ته پۆلكه ی یاری منداڵان و گومبه تی خۆله مێشی به رده ركی گه رماونییه تا ئه وه نه وه نوێیه ش پێوه ی بخافلێ و خشخشۆكه ی لێبكات !؟ ئه وانه یش به ره و لوتكه ده رۆن دیاره پێلاوی پۆلا ده كه نه پێ و رێگه ی په یژه ی به ردین ده گرنه به ر

به ره و

به ره و لوتکه ی شاخی سه رکه شی رزگاری ، به شێوه یه کی تر ئه مانه دوو
بیروباوه ڕی جیان له جۆری بیر کردنه وه و بنچینه ی بنه مایان و تیڕوانین
له گۆڕانکارییه کانی سه رتاپای ده ووروبه روئالوگۆڕییه کانی جیهان و قۆناغی
نوێی خه بات له م سه رده مه ماندا ، ئه وه تا به شێوه یه کی زۆر سـه یر
بزووتنه وه ی ئۆتۆنۆمی ده گه ڵ هه موو ئه و پێشنیارانه ی له دوایدا هاوڕێ
عه زیزمحه مه د به رچاویان ده کات نه ك ته نیا یه کناگرته وه به لکو دژیشن
، رای دووهه میش که ئه و هیوای راستی بۆده خوازی ده گه ڵ پێشنیاره کانی
پتر یه کده گرنه وه ، ئه وه ش به سه بۆ ئه وه ی هـاوڕێ عه زیز محه مه د
ته واو دڵنیا بێ که رای دووهه م راستییه کی مێژوویی بێچه ندوچونه .
پێنجه م : ده رباره ی { په یوه ندی ...... هه تا ...... کۆمه ڵانی خه ڵکه وه }
هه مووی قسه ی راست و به جێن سێودوویان لێناکریت ، به ڵام هـه ر دوای
ئه وه ئیتر کوتانه وه ی ئاسنی سارده ، پێشنیان ووتویانه : که پـه نه ك
به خۆدادانه دوای باران ، که به که لکی هیچ نایه ت ، ئه و به ره یه ش کـه
ئه و هێنده داخی بۆ هه ڵده کێشرێت ، گوایه ده بو به ر بیست ساڵ هه بوایه ،
هه ر که په نه که که ی دوای بارانه ، ئێمه ، لێره دا نامانه وی هه ڵوێست لـه
به رابه ر به ره درێژه بکێشی ، هه موو لایه ك ده زانین زۆر هۆی سـاکاری
وه ك دۆزینه وه ی رێگه یه ك بۆ راکردن به ره و ده ره وه پاڵده ری سه ره کی
بو بۆزۆرلایه ن ئیمزای خۆیانی تیا بدۆزنه وه ، مۆرکردنی ئه و بـه ره یه
خۆیله خۆیدا ئه وه ی سه لماند : که گشت لایه نه کان لـه ئه نجامی بێهیواییان
بو په نایان وه به ر برد له کاتێکدا که وه ك ته نیا رێگه له به رده م مایه وه ،
ئه ویش جێهێلانی گۆڕه پانی خه بات بوو له تاکه یه ك کۆلانه ی ته نگژه وه
که گه ر هه موویان له دوای یه کدییه وه نه بان، نه یان ده توانی به و کۆلانه
ته نگه دا رابکه ن ! ئه و رێگه چاکترین هه ڵبژاردن بوو له به رده میانـدا ،
دیاره ئه و هه ڵبژاردنه ش دوور که وتنه وه بوو له گۆڕه پانی خه بـات و
جه ماوه ر ، له چاکترین باردا له ریزی جه ماوه ردا هه ر ئه وه ی پێده وترێ
{ به ره ی راکردنی دوای کاره سات } ، باری نێو خۆی به شه کوردسـتانی
به زۆر لکێندراو به عیراقه وه وه نه بێ له هیچلایه شاراوه بێ ، به لـکو
ته واوی ئۆرگانه ده وڵه تی و جیهانییه کانیش ئاگـاداری ووردوودرشـتی
رووداوه کانی بوون ، هه ر بۆیه به ره له هیچ کۆڕێکی جیهانیدا ده نـگی
خۆی نه بیسته وه ، ته نیا له کۆنفرانسی له نێو دانی کیمیچه ك له پارسی
فره نسه ، نوێنه رایه تی به ره نه ده نگی هه بوو نه ره نگ ، سـه یریش
له وه دایه به دوای دانهینانی زۆربه ی سه رانی به ره به راستی ئـه وه ی
که له کۆڕی دیپلۆماسی و نێو ده وڵه تی سه ر ده ر ناکه ن ، هـاوڕێ
عه زیز محه مه د هه ر سوره له سه ر ئه وه ی به سه رکردایه تی رامیـاری
ناویان بنێ !؟ له کاتێکدا له هه موومان پتر ئاگارداره که ئـه م به ره یه
چه نده قه واره یه کی وشك و برینگه و مۆمیای ئاده م و حه وا نییه ، بـه
فویه کی خانمی میتزانیش گیانی بکرێته به ر به نوکه سـوژنێکی تاتشه ر
فسده کرێته وه ! بۆیه دوای ئه م هه مو کاره ساته نه ده بوایه چیتر لـه
راستی بترسابا ، بۆ به رده وامیدان به هه ڵه و شاردنه وه ی که موکورییه کان
بپاڕاباوه ، چونکێ دیاره ئه م هه ڵوێسته هـه ر ئه وه ی لێده که وێته وه

رۆژی له رۆژان ببێته کۆسپ ، جه ماوه ری ئه وبه شه ی کوردستانی لێهه لزه نیَ پشتی بشکیَ، دیاره ئه مه شیان زیانێکی مه زنه لـــه ته واوی بزووتنه وه ی رزگاریخوازی کوردستان .

ده رباره ی دوا ستونی لاپه ڕی هه شت { دید و هه ڵویستی .........هتد} بۆ به راورد ، تکا له خوێنه ر ده که م بگه ڕێته وه سه ر پێشه کی ئه و باســه و په یوه ندی گرفتی دیمکراتییه ت و مافی نه ته وایه تی هاوولاتیانی کوردستان که بایی گه یاندنی مه به ست رونمان کردۆته وه .

هاوڕێ عه زیزمحه مه د ، له سه رجه می ئه و چاوپێکه وتنه ، هه وڵ و ته قه لای ته رخانی یه ك تاکه ئامانج کردووه ، له کۆتایشدا هه رچه نده پرسیاره که ی کاك جه مشید حه یده ری ئه و سه ره باسه ناگرێته وه ، به لام ئه و بـــه پێویستی ده زانیَ له دووتۆی وه لامه که یدا باسی بکات ، به مه ش به ته واوی په رده له سه ر بیروباوه ڕه کانی هه ڵده مالیَ ، هه وڵ و ته قه لای سه رتاپای یه ك ده خات له وه ی که وا پیشانبدات ، بزووتنه وه ی مارکسی نویَ لـــه کوردستاندا ئه نجامی شکستی و به رته کی شکستییه یه ، ئۆتۆنۆمیخوازه کان رۆژبه رۆژ پتر له گۆمی هه ڵه کانیاندا نقومده بن ، ئێسته ش باوه ڕیان وایه که ئه و سه ره ویلکه ره نگاو ره نگه ی بایی ئه وه ناکات هه ڵه کانی خۆیانی پێداپوشن ده شی بۆ هه ڵه بوونی بزووتنه وه یه کی نوێتر له خۆیان فراوانترو به ربه رینتر ببیَ به سه رپۆش ! هه ربۆئه وه ی خوێنه ر له جغزی باوه ڕه کانی پترتیپه ڕنه کات و بیرنه کاته وه ، ده یه ویَ لایه نێکی تری باوه ڕه که ی لـــه بواری پرسیار و وه لامی له م جۆره دا بسه پێنیَ ، بۆیه هه ر خۆی ده پرسیَ، ئایا به هه ق ئێمه پێویستمان به حیزبێکی نویَ مارکسی یه بۆ کوردستانی عیراق ؟ ئێمه ش ده ڵێن به لیَ به حه ق پێویستیمان به پارتیکی مارکسی نوێیه { هه ر له و پێداویستییه مێژووییه شه وه بوو پارتی کۆمۆنیستی کوردستان هاته کایه وه } ئێمه پێویستمان به پارتێکی کۆمۆنیستی کوردستان -عیراق نییه راستر به زۆرلکێندراو به عیراقه وه نییه ، ئه مه یان زۆراسته ، ئه گـــه ر پرسیاره که ی هه رته نیَ ئه وه ی مه به ست بوایه ، بـه و شێوه ی ئێمه لیێ تێده گه ین ، به لام به داخه وه مه به ستی ئه و ئه وه نییه ! به لیَ پێویستیمان به پارتێکی مارکسی نییه له کوردستانی عیراقدا ، راستر به زۆرلکێندراو بـــه عیراقه وه ، وا ته پارتێکی قیمه کراو پارچه پارچه کراو، به لکو چه وساوه کانی کوردستان پێویستیان به پارتێکه وبه س ، بۆ ئه مه ش هیچ دادگا مان گه ره ك نییه ، ئه و کاره ساته ی ئه وان پارتیانه بـه ســه ر جه ماوه ری کوردستانیان هێناوه چاکترین به لگه یه که هیچیان نه ك ته نیَ فه ڕیان به سه ر مارکسیزم و تیۆری زانستییه وه نییه به لکو به ته واوی به لاوه یان ناوه ، کورد گوتــه نی سوێندی که س ناکه وێت ، که ئه و پارتــانه نه هه ر پرنسیپه کانی مارکسیزم و خه باتی چینایه تیان به لاوه ناوه ، به لکو پرنسیپه کانی خه باتی کوردایه تیشیان پشتگوێخستووه ، وه نه بیَ هه ر له تاقیکردنه وه کانی خه ڵکی به لکو له هــی خۆمانه ش هه رگیزا و هه رگیز هیچ فێرنابن ! جا ئایـــــا ئه وه به س نییه ، به ڵگه ی ئه وه نییه که ئه وانه کۆتاییان هاتووه ؟ به گشتی تێنه گه یشتنی ئه وان له مارکسیزم و تیۆری زانستی ، هی له وانه ش به ره وژورتر ئـه وه تا هه ر هه موی له وتێگه یشتنه دا خۆی ده دۆزێته وه که ده ڵێت { ره نگه هه یـــه بڵێن چیمان به سه ر سنوره وه یه ، ئێـــمه بڕوامان پیَ نییه و فه راموشی

ده که ین ، به لێ سنور { وه همه } و به تۆبزیش به سه ر خواستی گه لی کوردا چه سپێنراوه ، به لام له گه ڵ ئه وه شدا ئه مه شتێکه و { واقیع } وحوکمه کانی ئه م واقیعه و پاشماوه ی دابه شکردن به قامه تی گه لی کورده وه شتێکی تره } ئا له و په ره گرافه دا ، له و ده ربڕینه دا ته واو ئه وه مان بۆ ده رده که وێ که نه ك هه ر ئه و پارتانه مارکسی و زانستیانه بیرناکه نه وه ، به لکو ئه وه تا هاوڕێ عه زیزمحه مه دیش لێره دا ده چیته ریزی ئه وان ، ئه گه ر ئه مه راستی یه کی زه ق و بێکێشه نییه ، بابفه رموون وه لامبده نه وه ؟

جارێ له پێش هه موو شتێکدا ، راسته ئێمه ده بێ باوه ڕمان به سنورنه بێ ، به لام نه ك فه راموشی که ین ! که س نییه به وشێوه یه بیربکاته وه ، نه خێر باوه ڕنه بوون به سنوره کان له سه ربنچینه ی زانستیانه وه هه ڵده ستێ ، که ئه میشیان ئه مه یه : ئه م سنورانه له کشانی په یوه ندییه کانی فیوداليزمه وه ره گیان کوتاوه و سه ریان هه ڵداوه ، دوایش وه ك بنچینه یه کی ئابوری و سودێکی ماکی کوردستان له نێوان داگیرکارانی - ئیمپریالیزم + ده وڵــــه ته دروستکراوه کان - به شکراوه ، ئه م دابه شکردنه ی ســــــه رده می فیودال دابه شکردنی کۆن ، دوایی دابه شکردنی دووباره ی له نێوان ئیمپریـــــــالیزم و داگیرکاره کۆنه کان و ده وڵه ته پابه ند و ده ستکرده کانی ئیمپریالیزم ، که له وانه وه به میراتگری بۆیان ماوه ته وه ، له و بواره به بێ ره چــاوکردنـــی به رژه وه ندی هاووڵاتیانی کوردستان ، ســــنوره ده سکرده کان سه پێنــراون ، ئه مه یه که م .

دووهه م : ئه گه ر مرۆڤ مارکسی و زانستیانه بیر بکاته وه ، چۆن ده کری { وه هم } له هه مانکاتدا { واقیع } بێ ؟ نه خێر سنوره ده ستکرده کان هه روه ك له سه ره وه روونمانکرده وه { وه هم } نین ، به لکو واقیعن ، به لێ ســــنوره کان وا قیعن ، ئه و واقیعه ن که ئیمپریالیزم و ده وڵه ته داگیرکاره کان ، سۆسیال نه ته وه په رسته کان و کۆنه په رسته کان و ئۆ تۆنۆمیخوازه کان ده یانـــــه وێ به زۆریزۆران به سه ر هاووڵاتیانی کوردستان ســـاغیکه نه وه ، ئـــه مه ئه و واقیعه یه که ئه وان به هه مووشێوه یه ك هه وڵی بۆده ده ن ، به لام ئه مه ئه و واقیعه نییه که له هۆش و گۆشی هاووڵاتیانی کوردستان دایه ، ئێمه گـــه ر خۆمان نه خه ڵه تینین ، هه ر بیریك که چووه مێشکی جه ماوه ره وه ، ده بێته باوه ڕ { هێزێکی ماکی } و له هۆشیاریدا ده چه سپێ ، له وه ده چێته ده ر بیرێکی رووت بێ ده بێته هێزێکی ماکی ، لێره شدا له نێوان ئه و دوو واقیعه ماکییه دا ململانی هه یه نه ك له نیوان { واقیع } و { وه هم } دا ، به لێ له نێوان واقیعیکدا که دام وده زگاکانی ئیمپریالیزم ، سۆسیال نه ته وه په رست ، کۆنه په رست و ئۆتۆنۆمیخوازه کان ده یانه وێ به سه ر کوردا بیسه پێنن ، که کورد - عیراقی ئێرانی - تورکیایی - سوریایی - بێ ، ده ریش که وتووه ئۆتۆنۆمی له و واقیعه رزگاری ناکات به لکو پترده گلێنێ ، واقعێکی ترکه بوونی نیشتمانه راسته قینه کانه ، واقیعی دووهه م { له راستیدا یه که م } ئه و نیشتمانانه ی که له راستیدا هه ن و له هۆشی هاووڵاتیان ده ژین و خه باتی له پێناوده که ن ، ئا ئه م واقیعه به وهێنده به رپه رچ نادرێته وه بێن و بڵێن : ده بێ له گه ل ئه و واقیعه مامه له بکه ین که هه یه - ئه و واقیعه و پاشماوه که ی به قامه تی کورده وه - نه خێر چونکه ئه م واقیعه ی هه یه و سه پێنراوه ، دروستکراوه ، نـــه ئه و واقیعه یه که جه ماوه ر و بزووتنه وه له راستیدا خه باتی بۆده که ن ، ئالێره دا بــۆمان

ده رده كه وێ كه مامه له كردن ده گه ڵ ئه م واقیعه وه ك هه یه و سه پێنراوه له خواستی جه ماوه رو ئامانجی خه باتی راسته قینه ی نیشتمانی و چینایه تی دوورمان ده خاته وه و به ره و مه نزلی كۆتایی خانه ی شكستیمان ده بات ، به رپه چدانه وه ی ئه م واقیعه – به رپه چدانه وه ی سنوره كان – هه نگاوێكی ته واو شۆڕشگێرانه یه ، واته واقیعی سه پێنراوی – عیراق – ئێران – توركیا – سوریا – واقیعی راسته قینه ی عیراق – ئێران – توركیا – سوریا – كوردستان – دووباری واقیعی دژبه یه كن ، دیاره به رپه چدانه وه ی واقیعی سه پێنراو كارێكی واقیعی شۆڕشگێرانه یه ، كارێك نییه به فه راموشكردن وله بیربردنه وه بێته دی ، به لكو ده بێ بزووتنه وه ی رزگاریخوازی نیشتمانی كوردستان به ته واوی هۆشیارییه وه ئه نجامیدا ، ئه وه شه ته نیا رێبازی سه ركه وتن ، پێویسته بزووتنه وه ی رزگاریخوازی نیشتمانی كوردستان له گه ڵ ره وتی جه ماوه ر بڕوات ئاراسته ی خواستی ئه و ئامانجه بێت ، چونكه به رله هه موو شتێك بزووتنه وه له { وه هم } رزگارده كات و { واقیعی } راسته قینه به رجه سته ده كات .

جا ئه گه ر هاورێ عه زیز محه مه د له گرفتێكی ئاوا گرنگدا هه ر ئه وه نده جیاوازی له نیوان { وه هم } خاو ئه ندیشه و { واقیع } رووده دا بكات ، ئێمه تێناگه ین چۆن ده شی ببێ به پارێزه ری ئه و دادگایه و به رگری له ماركسی بوون و نه بوونی پارته كانی تر بكات ؟ !

ده گه ڵ ئه وه شدا ئێمه هه تا ئێستا گرفته كه مان هێشتا یه كلا نه كردووه بۆیه ده بێ به دواوه ی دابچین و به شێوه یه كی ئاشكراتر ئه وه بڵێن كه ئێمه باوه ڕمان پێیه و له گوتنی سڵناكه ینه وه كورده واری گوته نی ئه و گرفته ی به زۆریزۆران ئیمرۆ زۆرلایه ن هه ن ، ده یانه وێ له جه ماوه ری بشارنه وه ! ئێمه ره پوڕووت وئاشكرای كه ین به شێوه كی ئاشكرا بڵێن : پارتی كۆمۆنیستی عیراق – ئیران – توركیا – سوریا – یاخود – پارتی كۆمۆنیستی عیراق – ئێران – توركیا – سوریا – كوردستان – دیاره هاتنه كایه وه ی شانه ئاماده ییه كانی پارتی كۆمۆنیستی كوردستان له ناوه ڕاستی حه فتاكاندا وه ڵامی ئاشكرای ئه م پرسیاره بوو ، به ڵام ده بێ لێره دا ئه وه بووترێ : بێگومان بزووتنه وه ی كۆمۆنیستی بزووتنه وه یه كی هاوئامانجه هاتنه كایه وه ی پارتی كۆمۆنیست هه ر له نێو خودی بزووتنه وه كه خۆیدا گه شه ده كات نه ك دژ به خودی بزووتنه وه كه و بیروباوه ره كه ی ، دیاره لێره شدا ئه و بۆچون و بیره نوێیانه سه رده كه ون كه ده بری خواست و ئامانجه كانی جه ماوه رن ، هه ر له به ر ئه وه شه ده بینین پارتێكی ماركسی زانستبین ، لای كۆنه پارته كۆمۆنیسته كان شتێكی نامۆیه ، چونكه ئه وان سه رتاپا له جیهانێكی ئه ندیشه { وه هم } چنراودا ده ژین ، له توانایان دانییه رووبه رووی روده { واقیع } ببنه وه .

ئه ی ده رباره ی كۆنگره ی نیشتمانی كوردستان چی بڵێن ؟ ئه گه ر بگه ڕینه وه بۆ پرۆگرامه كه ی پارتی كۆمۆنیستی كوردستان ، ده بینین هه ر له سه ره تاوه خه باتیان ئاراسته ی ئاستێكی ئه وهابووه ، نه هه ولی شه ش ساڵ له مه وبه ر به لكو هه ر له سه ره تاوه و ئه وكاتیش و ئیمرۆكه شی ده گه ڵ دابێ له داهاتووشدا پشگیری ئه م جۆره خه باته ده كه ن ، به ئاشكرا و به رده وامیش پروپاگه نده ی بۆده كه ن ، چونكه به رله هه موو شتێ ئه مه لایه ك له خه باتی سه ختی كۆمۆنیستانه یان ساغده كاته وه ، له زوویه كه وه زۆر هه ڵوێست و

چاره سه رکردنی گیروگرفتی مه زن له سه ر هه ڵنانی هه نگاویکی ئه وه هایی په یوه ستبو ، نه ك هه رئه وه وه ك له به ڵگه نامه کانیان ده رده که وێ ته نیا جه ماوه ریان به وه گۆشکردووه ، گه ربێتو پارته کانی دیمکراتی کوردستانیش یه کیتییه ك پیکبێنن و جه نگی سه ربه خۆیی کوردستان بکه ن ، بێ سیودوو ده بنه هاوسه نگه ریان !

هه ڵبه ته جیگه ی داخه نه پارته کانی دیمکرات به ره یه کی ئاوایان پیك هانی و نه ئاماده ش بوون جه نگی سه ربه خۆیی بکه ن ، نه به ده نگ بانگه وازه که ی پارتی کۆمۆنیستی عیراقیشه وه هاتن و نه گوێشیان له که س گرت و نه به هاواری جه ماوه ریشه وه هاتن ! به لکو به رده وام بوون له سه ر پتر پارچه پارچه بوون و تیژکردنه وه ی ناکۆکییه کانی پله دوو ، ئه و کاره ساته ش هه ر ئه نجامی ئه و هه ڵه زلانه بوو ، ئێسته ش له هه موو رۆژی پتر ئه وه روون و بێچه ندووچونه ، هه روه ك له پرۆگرامی ناوه خۆشدا روونکراوه ته وه { هه موو کۆنگریه کی نیشتمانی کوردستان به بێبوونی نوێنه ریکی چینه چه وساوه کان کۆنگره که برپاره کانی ناسه رکوتوون } بیگومان له به ر زۆر هۆ، له پێشه وه ی هه موویاندا ئه مه یه : بزووتنه وه ی ئۆتۆنۆمیخوازناتوانی رابه ری کۆنگریه کی ئاوا بکات ، چونکه په یوه ستته به سنوری ده وڵه ته داگیرکاره کانه وه ، که ئه وانیش به هیچ جۆرێك رێگه ناده ن نوێنه رانی کۆنگره ی نیشتمانی کوردستان پێبنینه سنوره پیرۆزه کانیان ، له به ر ئه وه ی برپاره کانی کۆنگره ی نیشتمانی کوردستان بۆ ته واوی هاووڵاتیانی کوردستانه نه ك بۆ ئه م یا ئه و پارچه لکێندراوه ، له به ر ئه و هۆیه ش ئه م جۆره هه لایانه { ئێمه هه ر له و به شه خه باتده که ین و مافمان به سه ر به شه کانی تره وه نییه } که له بنچینه دا داگیرکاران باوه ریان پیێ نییه ده بێته به ڵگه یه کی پوچه ڵ والا ، رێگه ی ئه وبه رئه مبه ر ده برێته وه و له بنچینه وه بانگه وازی سه ربه خۆیی جارده دات ، هێلی سوری نێوان هه موو دۆست و دوژمنه کان دابڕ دیارده کات ، ئه مه ش نه ئه وئامانجه،که ئۆتۆنۆمیخوازه کان هه ولی بۆده ده ن نه باوه ریشیان پیێه تی ، نه ده ش وێرن قه ره ی له قه ره بده ن .

هه ر له به ر ئه مه ش ئه م کۆنگره یه ته نیا ئه و پارت و هێزانه ده توانن رابه ری بکه ن که باوه ریان به ئازادی هاووڵاتیان و رزگاری کوردستانه ، ئه مه ش خۆی پێویستی به سه نترالیکی یه کبوو هه یه نه ك چه ند سه نترالێك چونکه له راستیدا ئه وه ی بزووتنه وه ده گلێنی بوونی ئه م هه مووسه نترالیه دیاره خه بات له پێناو سه نترالێکی وا، ئه وسه نترالیه ی که له ترۆپکی داڕجڤاتی نیشتمانی کوردستان،نوێنه رایه تی و رابه ری ده کات بوه به گرفتی کات و خه باتی رۆژانه ی زۆربه ی هێزه کانی کوردستان ، پێویسته چی زووه بێته دی.

هه ر ئه و هه وڵدانه له مێژینه و مێژووییه ی شانه ئاماده ییه کانی پارتی کۆمۆنیستی کوردستان ، دیاره ئه و بۆچونه ی پارتی کرێکارانی کوردستان پ .ك.ك ، به ر په رچده داته وه ، که وا بۆی ده چن له هه ر به شه ی کوردستان ده بێ ناوکیکی مارکسی هه بێ و له کۆنگره دا به شداری بکه ن ، دیاره به بۆچونی پارتی کۆمۆنیستی کوردستان ناکرێت نوێنه رایه تی چینه چه وساوه کان به رێکخراویه کی چه ند پارچه یی و شه پره لیدراوه وه بچنه کۆنگره ی نیشتمانی کوردستانه وه .

هه ر له به ر ئه م هۆیه ش زۆر زۆر گرنگه ئه وه دیاربکرێت که به چ ناوێکه وه

چوار پارتی کۆمۆنیستی عیراق - ئیران - تورکیا - سوریا - لـــه کۆنگره ی نیشتمانی کوردستان به شدارده بن { نه ك به بیۆ له به رچاوگرتنی چۆنییه تی ئه م به شداربوونه - هه روه ك هاوریۆ عه زیز محه مه د پێشنیاری کردووه - به چ ناو سیفه تیکه وه ده بیۆ } چونکه ئه م پێشنیار و بۆچون و ده ربرینه خۆیله خۆیدا رێگه به ربه ست کردنه له وه ی کۆنگره ی نیشتمانی کوردستان ، نوێنه رایه تی راسته قینه ی یه کبوی چه وساوانی کوردستان به خۆه بگرێت ، دیاره پارتی کۆمۆنیستی کوردستان هه روه ك چوارناوکی کۆمۆنیستی کوردستان به رپه چده داته وه له سه ر تاکه نوێنه راتی چه وساوانی کوردستان پێداده گریۆ ئاشکرایه پارته کۆمۆنیسته کانی عیراق - ئێران - تورکیا - سوریا -ته نیا وه ك میوانی کۆنگره به خێرهاتنده کات ، خۆ ئه گه ر ئه و پارتانه له و راستیه نه گه ن ، دیاره ده یانه وی به زۆری مافی ئازادی و دیمکراتی و بوون و بریاری چه ماوه ری چه وساوه ی کوردستان پێشێل بکه ن ، دووباره بێن و ئاره زووی پارتایه تی خۆیان به سه ر بزووتنه وه ی چه ماوه ری دا بسه پێنن .به مانایه کی تره وه دیسا دوای خاوئه ندیشه ی { وه هم } خۆیان بکه و ن و رووده { واقیع } پشتگوێبخه ن .

خوێنه ری به رێز! چاکه ئه وه ش روونبکه مه وه ، که جگه له وه ی ئه م نوسینه وه لامی راسته وخۆی چاوپێکه وتنه که ی سه رده می نویۆ بوو ، له هه مانکاتدا ، وه لامی چه ند لاباسێکی تری بلاوکراوه کانی ئه ورۆژانه ش ده گرێته خۆ ، وه ك چاوپیکه وتنه که ی رێگای ئاشتی و سۆسیالیزم ، هه روه ها چه ند نوسینێکی تری سه رده می نویۆ و هێندی له و باسانه ی له دووتۆی - الثقافه الجدیدة - دا بلاوکراونه ته وه ، بۆ رونکردنه وه ی پتر ئه م چه ند دوا وشه شی ده خه مه سه ر .

نه وه ی نویێ کوردستا ن پێویستی به وه نییه که س چیتر به وجۆره ئامۆژگاری بکات ، گوایه { روونکردنه وه ی مێژوو .... پێویستی به وه یه کای کۆنی بـۆ به باکرێت } . له راستیدا مێژوو له هیچ کات و سه رده مێك دا کـای کۆن نییه ، به تایبه تی مێژووی چل تا په نجا سالی ئه م دواییه ی بزووتنه وه ی رزگاریخوازی کوردستان ، خه رمانه یه کی مه زنه ئیمرۆ له هه مووکاتێك پتر پێویسته ده ستی لیبدرێته شه نه و کاری خۆی له گه لدا بکرێت ! ئه وانه ی وای تێگه یشتوون ئه و مێژووه کای کۆنه ! ته نیۆخۆیان ده ستخه رۆده که ن ، لێره دا جیێ خۆیه تی ئه وه ش له رووی ئه و که سانه بده ین که سه رووتاره کانیان بـه پیاهه لدان به پریسترۆیکا و ئاشکرایی و دیمکراتییه ت ده ست پێده که ن ، له هه مانکاتدا داوای ئه وه ده که ن ، کای کۆن به بانه کرێت !؟

ئه وانه ده بیۆ بزانن له بۆچونی ئه واندا پریسترۆیکه و ئاشکرایی نه ك هه ر کای کۆنی به باکرد به لکو ده رگای کادینی حه فتا سالـه ی خسته سه رپشت ، تا ئه وه ی وه ك له کوده واریدا ده گوتریۆ ، هه تا قوری بنیشی ده رنه یه ت کۆتایی نایه ت ، ئه گه ر بمانه ویۆ به هه موولایه ك بگه ینه راستـی و خۆ هه لنه خه له تێنین ، ده بیۆباوه رمان به وه بیۆمێژوومان کای کۆن نییه به لکو خه رمانه ی شه نه نه کراوی خوینینه ، ده بیۆ سورکرێته وه .

ئه وانه ی خه رمانه ی مێژوویان لیۆ بوه به کای کۆن له وانه جیا ناکرێنه وه که به زۆریزۆران ده یانه ویۆ تارمایی { وه هم } خاوئه ندیشه مان ، لێبکه ن به پادشای { واقیع } رووده !

# زارۆیانی جنۆکە

هۆنراوەی : بورهان شاوی

خۆر پرتەقالی خوایە
توری دا ئاسوی شێت
کورد
زارۆی جنۆکەن
پێوەی گەردان و
سەرشێتی بوون
دیوتە
جنۆکە شێت بێ !!!
***
خۆر ، شەوێکی
زێڕینە
نەوروزە ئاسمانە
جنۆکە ... خەویان پێوە دیوە
دوری گوندە دەرباییەکانیان بۆ کاکێش کرد
تاجی مەرمەڕ
شاری گڵپەی گڕ
گوندی ..... بە بڵنو بە رامەی بەڕو
رەوا دران
لە بەرەبەیاندا سەربڕان
چاوەکان
لە بەردەم مێژوودا
کوێرایان دا هێنرا
دۆڵەکان
ئەوە یاندیت
هەرگیز دەریا نەیدیبوو
تا لە پێلوی شەو ، رەندۆکی پاڕانەوە
بە گوڕ داباری
***
چ رەشەبەهارێ
بە ئاخی جنۆکەدا بوریە
بۆ دایکان

مە رگی زیوین
بۆ زارۆیان
گرا و
بە ئاگر
زارۆی بلورین
بە کە ڤر
روبارێ لە خوێنی یاقوتی پێشکێش کرد
بۆ منیش چیای خوێین
دیاری کپ -یش
نە فرە ت

***

رۆژا حە شرا چیایە
کاتێ خێلی مامۆس و هۆزی کە رکە دە ن
گۆشتخۆر .... گورگانی بیابان
دە یوسۆن ..... هە تیوانی بە رە
ئە لفوبێ بە ردینە کان
ئە تکی خۆیان گۆرە وخۆڵ کرد و
هـــاتن
لە سە ری منداڵانی ئاسۆیان دا !
ئـــــــــــــــــــــــخ
بە هانای « نوح » نە هاتن پە ندە کانی
لە سە رگە ردانی جنۆکە دا ، کە شتی بێسە روشون بوو
نیایی لە شلە ی ئاسنی رکدا نقوم بوو
وشە لە خۆڵە وشە دا ونبوو
رۆژی حە شری سە روچاوە پیرۆزە کانە
کە ئاسمان فسفور و هاسن دە باری
سۆسن سە ردولکە ی خۆلە مێش دە لاوێنێ
شە ونمیش
چامە یە کە تە نیای پە رییە کان دە گێرێتە وە
ئاو لە ئاو نە ناسە
رە گیش لە تاریکی زومرودا داماوە
لە ترسی ستێری گاڵتە جاران !!!

***

جنۆکە شێتو وێت بوون
لافاوە ......... لافاوە ....
هە ی نوحی پە ندوێژ و هیژا
بە زە یت بێ بە گوناهی باڵات لە ژیرباڵی بازدا
چاوە رێبە دە رێ هە لێ
ئالێرانە
ئە زمونی ویژدانە

***

له چیادا وونبون جنۆکه
نه وه ی ئه وانم و
شوکر هۆشیارم و ده یان لاوێنمه وه
له وونیدا شونیان هه ڵده گرم
ته نیا و بێکه س

***

هوندابوون
ج
ن
ۆ
ك
ه
.
.

١٩٩١ / ٤ / ٥
مارل – ئه ڵمانیا

دڵانـــــــــسپار

بخــــــــــــوێنه وه !

بــــــــــڵاوی بـــــــــــکه وه !

بـه به رهـه می به پێزتان به سه ری بکه نه وه !

هــه م راژه ی خۆتانه ، هــه م راژه ی نیشتمان !

ئە گە ر بێتو نە ك تە نێ نە زانین هێلە سە رە کییە کانی ئە و پلانە چین ؟ بە لکو تە نێ نازانین قە وارە و چە ندایە تی چۆنایە تی چجاییە؟ ئە وپێشە کییە ی لێوە ی دە چینە نێو بابە تە کە وە هێشتا نە خە ملیوە ، پێویستە دە سپێشکە ری لە و بوارە دا بکرێت ، بە زووترین کات بنچینە یە کی وا ئامادە بکرێت کە دوای بە و لایە نە نە رییە دواکە وتووە ی خە باتی هاوولاتیانی کوردستان دێنێ .

هە ر لە سە رە تاشە وە دە بێ ئە وە بڵێن کە زانیاریمان دە ربارە ی ئۆرگـــانە جیهانیە کان پترە تا ناوچە ییە کان ، هە رچە ندە جە نگی ئێمە راستە وخۆ، لە ژیانی رۆژانە دا رووبە رووبونە وە یە دە گە ڵ دە سە لاتە بنکە ییە کان،دە زگاکانی داپڵۆسین و شۆراندن ، لە هە مانکاتدا دژی ئایدۆلۆژی داگیرکارانە یانە کـــە درێژبونە وە ی ئایدیالۆژییە تی داگیرکردن ودە ستبە سە راگرتنی ئیمپریالیزمی جیهانین ، بە لام ئە مە ئە وە ناگە یێنێ کە ئە م دە وڵە تە بنکە ییانە پراکتیکی کتومتی ئیمپریالیزمی جیهانی بکە ن ، بۆیە بۆ ئە وە ی دە ست نیشانی لایە نە تایبە تیە کانی جە نگی سایکۆلۆژی دژی بزووتنە وە ی نیشتمانی کوردســـتان بکە ین ، پێویسە لە گشت لایە نێکی بکۆڵینە وە .

هە روە ك ئاشکرایە وە ك هە موو ولاتانی جیهان ، داموودە زگــای راگە یاندنی تایبە تیان هە یە ، پارە یە کی بێشماری بۆ تە رخاندە کرێت ، لە جۆرە ها شێوە دا لە گە ڕە ، رۆژنامە ، گۆڤار ، تە لە فزیون، رادیۆ، سینە ما، سیخورە تایبە تیە کان ، عیراق ، ئێران ، تورکیا ، سوریا، وە ك هە ر دە وڵە تیکی ئە م جیهانە پـان و بە رینە پرۆژە ی پرۆگرام کراویان لە گە ڕدایە ، کە ناوە رۆکە کە ی بریتییە لە شۆراندنی سایکۆلۆژییە تی نە تە وایە تی و نیشتمانی هاوولاتیانی کوردستان ، فراژیدان بە لایە نە نە رییە کانی لە پێناو پە روە ردە کردنی ئە م نە ریانـــە وە ك نە ریت و دواتر چە سپاندنیان لە دە روون و ســـواخدانی ئـــە و دە روونە ، هێنانە کایە وە ی ئە و سایکۆلۆژییە تە کاریگە رە ی دژی خواست و ویســـتی نیشتمانی و نـە تـە وە یی هاوولاتیـانی کوردســـتانە ، بۆ ئـــە م پرۆژە یە ش داموودە زگاکانیان خستۆتە گە ڕ ، ئاراستە ی جە ماوە ری فروان کراون ، لـــە پێناو فریودانی هە لوێست ، دە ستخە ڕۆکردن ولە رێلادانی ، دواتـر گە ماروودان و هە لوشینی .

لە سوریا ، سێ رۆژنامە ی رۆژانە بە زمانی عە رە بی ، ســـێ ئێستە گە ی رادیۆ ، ئێستگە ی دیمە شق بیستوچوار کاتژمێر کاردە کات ، دوو ئێستگە ی تر لە حە لە ب و دیمە شق رۆژانە چە ند کاتژمێر کاردە کە ن ، رۆژنامە کانی سوریا بە قە وارە گە ورە ن و لە دە وروبە ری بیست رووپە ڕن ، دووکە ناڵی تە لە فزیۆن لە کاردان ، چە ندین گوار و نامیلکە ش لە تە ك ئە وانە بە دە یان پە رتووك بلاودە کرێنە وە ، جگە لە چاپە مە نیە تایبە تیە کانی دە سە لاتی پارتی بە عسی عە رە بی ئیشتراکی ، دیارە بە هە موو یانە وە بە جۆرە هـا دە ربڕین و شێواز تە واوکە ری یە کترین ، لە عیراق ، ئێستگە ی بە غدا شە ورۆژکاردە کات ، لـــە تە ك ئە ودا ، دە نگی جە ماوە ر ، هێزی چە کدا ر ، بە زمانی عە رە بی ، ئێستگە ی بە غدا ، ناوچە ی ئۆتۆنۆمی بە کوردی { لـــە وە تە ی راپـــە ڕینە جە ماوە رییە کە ی سالی رابردوو ئە وبارە گۆڕاوە } کە ناڵی تە لە فزیۆنی بە غدا دووانن ، هە روە ها لە کە رکوك ، موسڵ ، بە سرە ، ئێستە گە ی تە لە فزیۆن لـە کاردان ، بە زبانی عە رە بی ، کوردی ، تورکی ، رۆژنامە کانی رۆژانە ، بـە زمانی عە رە بی ، سە ورە ، جمهوریە ، عیراق ، سە یاد ، لە تە ك کۆمە ڵی رۆژنامە ی تر

به زمانی عه ره بی ، کوردی ، هاوکاری ، پاشکۆی عیراق ، چه ندین بلاوکراوه ی هه فتانه و مانگانه ، جگه له نامیلکه کانی پارتی به عسی عه ره بی ئیشتراکی ، زنجیره یه کی بیکۆتایی ، له ووتارو لیدوانه کانی سه رۆکی فه رمانده و ده سته و دایه ره که ی ، هه روه ها له ئیرانی شا -رژیمی ئیسلامی رادیۆی ده نگی جمهوری ئیسلامی ، ده نگی ته هران و جگه له رادیۆی کرمانشا ومه هاباد به زمانی کوردی چه ندین رۆژنامه ی رۆژانه و گۆڤاری مانگانه له ته ك که ناله کانی ته له ویزیون له کاردان ، بلاوکراوه کانی ئیمرۆی ئیران مۆرکیکی ئایدۆلۆژی بورژای فارس + بیری ئیسلامیان به خۆه گرتووه ، چاپه مه نی نامیلکه ی هه مه جۆریش له ته ك بلاوکردنه وه ی نوسینه کانی کلاسیکی ئیسلام ، دیـاره تورکیاش وه ك هه ر سیٚ ده وله ته داگیرکاره که ی تـــر ده یه ها بلاوکراوه ی وه ك جمهوریه ت ، میلییه ت ، ته رجمان ، گن ئایدن ، سه باح ، حورییه ت ، تان ، که رۆژنامه ی رۆژانه ن ، له ته ك ژماره یه کی بیکۆتای گۆڤاری هه مه ره نگ ، جگـــــه له رادیۆی ده نگی تورکیا ، له دیاربه کر { ئامه د } ده نگی تورکیا و ئیچ ئه نه دول ، له ئه ده نه - ئیستگه ی چقورئاڤا ، پینج که نالی ته له فزیونی له کاردان ، له م دوایه رادیۆ و ته له فزیونی { گ.ا.پ - پرۆژه ی ئاو و به سته نوییه که ی تورکیا له سه ر روباری فورات } دامه زریندراون ، ئه م هه موو هۆیانه ی پروپاگه نده به شیوه یه کی هاوئاهه نگ له سه ر نه خش و پلانی تایبه تی و پرۆگـــرامی پلانه کراو به رده وام به ئامانجی شۆردنه وه ی میشکی جه ماوه ر له گه رن ، ده یه ها ده زگای تایبه تی ، سه دان پسپۆر ته رخانی به ریوه بردنیان کراون ، ده ستگا کانی - میت - تورکیا - موخابه رات -عیراق و سوریا ، ساڤاك -ئیران ، به هه زاران نه فه ر کاریتیدا ده که ن،ته نیا خزاونه ته نیو ریزه کانی خاچی سوریش ، جگـــــه له سه رپه رشتیکردنی زیندا ن و ئه شکه نجه و تیرۆرکردن ، کۆکردنه وه ی زانیاری ده رباره ی خه لك و سازدانی تۆمار بۆ هه ر که سیك ، هه ولده ده ن له ریزی هه موو پارت و ریکخراو ئۆرگان و چین و توێژه کانی کۆمه ل گه رادانین له کاتی تایبه تیدا بتروکین ، دیاره له ته واوی داموده زگاکانی په روه رده دا له ریزی مامۆستایان هه ر له باخچه ی ساوایان تاوه کو زانکۆکان نه فه ریان هه یه ، جگه له وه ی زۆربه ی بابه ته کانی خویـــنـدن ته رخانی جیگیرکردنی ئایدۆلۆژی ده سه لاته ، له گه ره که کانی شـــار و لـــه ئاوایی و گونده کان ، ته نیا له سنوری رامیاری ده وله تیش تیپه ریان کردووه ، له خۆر هه لات و خۆرئاوا ، به هۆی بنکه کانی سیخورسازی { ئه مباسی } چ بـــه هۆی نه فه ره به کریگیراوه کانیان زانیاری ده رباره ی خه لکی ئاواره کۆده که نـــه وه { له کاتی له چادانی ئه م بابه ته بۆجاری دووهه مه سه رکرده یه کی تـــری پارتی دیمکراتی کوردستان ئیران ، چه ند کادریکی پیشکه وتووی بزووتنه وه ی جه ماوه ری کوردستان به ده ستی ئه وانه له ئه ورووپا تیرۆربکرین } هه ولده ده ن بخزینه هه مووشوینیکه وه شتیکی که می تیدا ده سکه وێ ، به لایه نی عیراق و سوریا جگه له رۆلی گرنگیان لــــه به ریوه به رایه تی ریکخراوی ئاسایش و ستراتیژی عه ره بی ، ته واوی راسپارده کانی ئه م ریکخراوه به شیوه یه کی درندانه جیبه جیده که ن ، وه ك چۆن تورکیا و بلۆکی ناتۆ ، په یمانه ده وله تیه کانی ئه م لایه نانه به شیکی ترن له پرۆژه ی جه نگی سایکۆلۆژی ، سه ره رای هه موو ئه وه ی ووترا پروپاگه نده ی رۆژانه ی سیخوره کان له نیو جه ماوه ردا بیپشو به رده وامه .

له به رابه ر هه مووئه مانه دا بزووتنه وه ی نه ته وایه تی ونیشتمانی کوردستان
ئه وه ی هه یه تی بشی ناونری دامووده زگا ، ئه وه ده کری بلێن ، دامووده زگایه کی
زۆرکز و لاواز و بێده سه لات ، ته واو شپرزه لێدراو و شر و شه پرێو ، هه ر
به شه وهه رپرۆگرامه وهه ربلاوکراوه یه کی له نۆته وئاوازێك وئایدۆلۆژیا یه ك
ده چری و جوکه ی دێت ! هیچ شێوه یه کی سه نترالی له به رابه ر ئه و جه نگه
سایکۆلۆژییه پلانه کراوه دا نییه ؟ ته نیا له ده ره وه ی کوردستان یشدا که
ره خساوی له بار و یه کجار فره و فراوان به رده ستن ، تاکه رۆژنامه یه کی
رۆژانه مان نییه ده نگی بزووتنه وه ی رزگایخوازی کوردستان به رێکوپێکی
بلاوبکاته وه ، جه ماوه ری فراون پترله ژێر کاریگه ری پروپاگه نده ی سه ربازی
، رامیاری ، رۆشنبیری ، سایکۆلۆژی داگیرکارانه تا پروپاگه نده ی نیشتمانی و
نه ته وایه تی و چینایه تی بزووتنه وه ی رزگاریخوازی نیشتمانی کوردستان ،
تاوه کو ئیمرۆش هیچ ئاسۆیه کی روون به دی ناکری،که ناوه رۆکێکی وا یا
هه وڵ و ته قه لایه کی بۆ پرکردنه وه ی ئه م بۆشاییه پێوه دیاربی ، ته نیا
بنکه کانی ده ره وه ی کوردستانیش له بری ئه وه ی هه رنه بی که وه ك هه لێك
هه لکه وتوون جێگروچاره سه ریك بۆ ئه م باره فه راهم بکه ن ، ئه وا نه یش
به داخه وه و به پێچه وانه وه هێنده ی تر باره که یان ئالوزکردووه ، هۆی
هه ره سه ره کیش بی ستراتیژییه تی نیشتمانی بزووتنه وه ی رزگاریخوازی
نیشتمانی کوردستانه ، دووریمانه له هه موو پلانێکی هۆشیارانه و ده رکنه کردنی
رۆلی کارو بایه خی کۆنترۆلی سه نترالیانه ی هێزی بیروهۆشیاریمان ، ئه وه ش
گه وره ترین زه بری کوشنده ی له برپره ی پشتی بزوتنه وه ی رزگاریخوازی
نیشتمانی هاولاتیانی کوردستان ده دات ، چه ند جاره پشتی ده شکێنی وبه زیانی
بێژمار به سه رماندا ده شکێته وه .

ئه ودیاده یه له بچوکترین جموجۆل و کاری دیپلۆماسیانه ماندا ئاشکرا ده ر
ده که وێت ، پیشانیده دات که چه نده له و لایه نه دواکه وتوو خه ساره ت
مه ندین { له ئێواره کۆرێکی ماته می هه له بجه ی شه هید دا ، نوێنه رانی
زۆرلایه ن وتاریان دا هه ندی له وانه به هه زاران له ژماره ی قوربانییه کانیان
پترکرد ، هێندێکی تریان به هه زارانیان لێکه م کرده وه ! } ته نیا بۆ کارێکی
ئاوه هایش نه کراوه ژماره کانمان تێك بکه نه وه !؟

جا چۆن ده بینه جێی باوه ری خه لکی ؟

به ره لایی، ئالوزی ، بێسه روشوێنی وا په راگه نده ی نه کردووین خۆشبێته وه !
به کوردی و کرمانجی وسا ژیه کدی نه قه تاین ب هاسانی بگه ینه هه ڤدوو !
{ له کاتێکدا ئه م به شه ی ئه و بابه ته بلاوده کرێته وه ، پێنج سال به سه ر
نوسینیدا تێپه ریوه ، تازه و له نوێوه ماوه ی دوو مانگ پتره له ناوچه کانی
سنوره ده سکرده سه پێنراوه کانی ده وله ته داگیرکاره کانی کوردستان جه نگی
کورد کورد به رده وامه ، که چی زۆربه ی هاوولاتیانی کوردستان ئاگاداری سه ره
تایشیان ده رباره ی راستی رووداوه کانی ئه و جه نگ پێناگات ! } .

جا چۆن ده توانین خۆمان گردکه ینه وه ؟ چۆن ده توانین به ره نگاری ئه و شالاوه
● ئابوری + رامیاری + سه ربازی + رۆشنبیری + سایکۆلۆژی { عه ره بی +
فارسی + تورکی } یه ببینه وه ؟؟

که بێگومان له و ململانێیه جیا ناکرێته وه که له هه موو کات و سه رده مێکدا
له سه ر ئاستی جیهانیدا له گه ره .

## هاوولاتیانی کوردستان خه باتده که ن

دژی :

تالانکردنی ئابـــوری
ململانیێ رامیـــاری
په لاماری ســه ربازی
شیێواندنی کلـــتوری
شلۆراندنی سایکۆلۆژی

به و هۆیه وه که سه رله به ری دواکه وتنی ئابوری [ ژێرخانی کۆمه ڵگه ] پشیێوی کۆمه لایه تی ، نه بوونی یه که یه کی نه ته‌وایه تی نه تـــه وه ی کورد ، زمان ، سنورێکی دیاریکراو ، نه بوونی ده سه لاتیکی ئابوری ســـه ربازی هاوولاتیانی کوردستان به نه ته وه ی کوردیشه وه ، هه ر هه مووی ده خرێته ئۆبـــالی تۆپۆگرافی ناوچه جوگرافیه که ی کوردستان ، ته نیا هۆی نه بوونی ریگاوبانیش ، که کوردستانیکی بیٚ ریگاوبان هه رگیز له مێژوودا نه بووه ، ئه وه یش هه ر له قه به ر ئه و هۆیه جوگرافیه کراوه ، له سه رێکیتر هه ر ئـــه و نوسه رانه ووشه ی چه شنی ستراتیژی و به ستنه وه ی خۆرهه لات وخۆرئاڤا ، سه روبـه خواروو ، رێگه ی به ردة وامی له شکرکه شی ق ، گۆره پانی جه نگ و پیکدادانی له شکره کانی چوارکنار ، هه رهه مان ناوچه ی جوگرافی کوردستانه ! جگـــه له وانه ی باوه ریان وایه زمانی کوردی بۆیه چه ند زارێکی جیاوازه ، چونکه کوردستان ناوچه یه کی چیایی سه خته ، هه ر له به ر ئه م هۆیه شه گوایـه چه ند په یژه موزیکی جیا هه ن ، بـــه کورتی ئه ری و نه ری لـه فراژیبوون و دواکه وتن هه رهه مووی خراوه ته ئۆبالی دژواری چیاو شاخ و داخ و سروشته جوانه که ی کوردستانه وه ، هه رده لیێ به ده ستی نه زانانه جوانی برینداركراوه مرۆڤی کوردستان داگیراوه بۆ پله یه ك که ته واو له به رابه ر ئه و سروشته ی هه زاران ساله له باوه شی گرتووه ، ده سته وه ستان ، ده ستکورت ، بێته وانابیٚ زانراوه ، ئه وه ی له مێژوودا به رچاوه ، ئه وه یه که مه ڵبه ندیکی جوگرافی له ماوه ی هه زاران سالدا گۆرانی ده گمه نی تێدا دێته کایه وه ، به لام هه مان کۆمه ڵگا له هه مان مه ڵبه ندی جوگرافیدا زۆرگۆرانی کۆمه لایه تی بـه خۆه ده بینیٚ، له وباره وه ووتراوه ، گۆرانکارییه کۆمه لایه تییه کان له لایه نی قولی ، بنچینه یی ، فراوانی ، به و که مه گۆرانه سروشتیانه به راورد ناکرێن کـه رووده ده ن .

له و به رتێگه ، گه رسه رنجی کوردستان بده ین ، به ردیته ئه وه ی له هه موو شتیٚ پتر گۆراوه نه خشه ی جیوپۆله تیکییه تـــا سیسته می کۆمه لایه تی ، سیسته می کۆمه لایه تیشه تا گۆرانه سروشتییه کان ، هه رله خۆه دیاره هۆی سه ره کی هه ن که کاریگه ربوون به سه ر ره وتی مێژووی نه ته وه ی کورد ، کۆمه ڵگه ی کوردستاندا ، ئه و ره وته به ده ربرینی نوســـه رانی خۆمالی زاراوه ی [ به رۆینی ئابوری ] له قه به رکراوه ، زاراوه ی زانستی ئه و له بـــه ر رۆ ینه ئابورییه [ فراژی بوونی کۆمه ڵگه ی کوردستانه له ژێرکیفی ده سه لاتی داگیرکاردا ] . ئه گه ر به دوای ده روازه یه ك ، یا سه ره تا ناونیشانێك بگه رێن ، له مێژووی کوردستاندا ، نویٚ بابه ت بیٚ ، ده بیٚ ئه مه یان بیٚ :

[ تۆژینەوەیە : سیستەمە ئابوری و کۆمەلایەتییەکانی کۆمەلگەی کوردستان لە ژێر رکێفی دەسەلاتی بێگانەدا ]

بەمەدا ، هەردوو هۆی ناوەکی و دەرەکی دەکەینەوە یەك ، کە کاریگەر بون لە فراژیبوونی کۆمەلگەی کوردستان ، رۆلی فاکتەرە ناوەخۆییەکان ، کە ئەری و بەرگریکاری بەردەوامی بووە ، رۆلی داگیرکارانەی نەری ، کە دواخستن و مەییبوون بوە ، دەکەونە روو .

لە فەراموشکردنی دەرزکردنی مێژوومان بەو هەردوولایەنەوە ، زیانی مەزندە کەین ،لە وتێگانەی کورت دەکرێنەوە لە داریژگەی بۆچونە نیشتمانی، چینایەتییەکان ، بۆیە بەبێ تێگەیشتن لە شێوازەکانی بەرهەمهێنانی بەر لە سەرمایەداری ، رۆلی ژێرکێفکردنی کلامەلگەی کوردستان لەلایەن دەسەلاتی بێگانەوە ، هەرگیز ناتوانین ئەنجامێکی زانستی وەدەست بێنین ، بەبێ ئەو ئەنجامە زانستییەش دیارە هەموو چارەسەرییەك بۆ راستکردنەوەی باری لەنگی بزووتنەوەی جەماوەر ، هەموو بۆچونێك لە پێناو دەستنیشانکردنی دۆست و دووژمن ، بەگشتی هەر هەنگاوێکی بەرەو پێشەوەمان چاپێکی کالی خەباتی مێژوویی رابردوومان دەبێ .

بێدەنگی لە بەرابەر شکستی کۆمەلگەی کوردستان ، هەر لە سەرەتاکانی زاینییەوە هەتا هێرشی موحەمەدییەکان کە بەدواوەیدا هات ، تا دەگاتە سەدەی حەڤدەهەم ، ئەو سەدەیەی کە رێگەی یەکگرتنی نەتەوایەتی تێدا خەملاو هەرخۆیشی سەرەتای چاخی راپەرینی نەتەوایەتی کوردە و گەورەترین قۆناغەکانی داهاتووی مێژوویمانی لەسەر هەلچنراوە ، کە تاوەکو ئیمرۆ چەند لاپەرەیەکەم و لێدوانی سەرپێیانە نەبێ نەی گرتۆتە خۆ ، رۆلێکی مەزنی بووە لە دروستکردنی پشێوی،ئالوزی بیرکردنەوە و شێواندنی بۆچونەکانمان .

هەلبەتە دیارە ، دەسەلات لەسەر بنچینەی ئابوری بنیات دەنرێت ، کە لەوێشدا رۆلی سەرەکی هێزەکانی بەرهەمهێنان و هۆیەکانی بەرهەمهێنان دەیگێرن ، ئەگەر بگەرێنەوە بۆ بۆچونی زانستی دەبینین ئەویش دوو رێبازی گرتۆتەبەر، شۆرشگێر، ناشۆرشگێر ، رێبازی دووهەم بە سیستەمی بەرهەمهینانی ئاسیاوی ناسراوە ، بەکێك لە روالەتەکانی ئەم سیستەمە ، مەیینی پەیوەندیە ئابورییە + کۆمەلایەتییەکان و نویێ نەبونەوەیانە ، وەك چۆن کۆمەلگە لە ئاستی خۆبەرێوەبردندا دەهێلێتەوە ، جا چجای ئەوەی کۆمەلگەی کوردستان زۆربەی رەوتی مێژوویی نەك تەنیا ناچێتە سنوری چارچیوەی ئەم جۆرە سیستەمە ،لەو کاتەی دەبینین لەلایەن هەر ئەوجۆرە سیستەمە ژێردەستە کراوە ، ئەم بارەش بەگەورەترین زیانی مێژووی کۆمەلایەتی کوردستان دەناسرێت .

دیارە ژیان سەرلەبەر بەرهەولدانە بۆدەربازبوون لە هەلەو کەموکورییەکان ، گەیشتن بە راستی ، بەرەو بابیەکانی چاکە و جوانی ، لێرەشدا مرۆڤ کە دەستبەسەربوو ، ئازادییەکەی بایی ئەوە ناکات بیر لە چاکە و جوانی بکاتەوە [ تەنیا لە بازنەی باوەرەکانی خۆیەوە نەبێ ، کە دژ بە ژێردەستەیین ، بەلایەن مرۆڤی ئاساییەوە ، ئەو بارە دەگۆرێت بە هەستکردن بە چاکە وجوانی لە جغزی گشتیدا ئەگەرهاتوو ئەو مرۆڤە ئاسایی هۆشیاربێ ]

لە هەمانکاتدا ناتوانێ بە ئازادییەوە خاوەن ئارەزوە مرۆڤایەتییەکانی بێ و

به ئازادییه وه له چاکه و جوانی ده وروبه ری چه شه بچێژێ ، ئه و باره چونکه دژ به سروشته ئازاده که ی مرۆڤه له کۆتاییدا به ره و یاخی بوونی ده بات .
راسته نمونه کانی به په رچدانه وه ی داگیرکردن و ته قه لادان له پێناو رزگاری ، هه وڵدان له پێناو هه ڵبرینی کۆت و زنجیر، پیرۆزترین نمونه ی قاره مانین ، به لام ئازادی هه ر ئه وه نییه مرۆڤ کاربکات و بخوات و که له پچه له ده ست و ژێرده سته نه بێت ، به لکو به رله هه موو شتی ئازدی هۆشیارییه ، به بێ ئه و هۆشیارییه مرۆڤ ئازادیش بێ هه ر نا ئازاده .
ئه و هۆشیارییه نه ته وایه تییه نیشتمانییه ، له کوردستاندا وه ك ئه و ژووره قورینه ی لێهاتووه که ده نگدانه وه تێیدا کارێکی نزیکه له نه بوون ، تــێـگه یشتنمان له وباره هۆیه کی مه زنه بۆ تێگه یشتنمان له هه نییی ئازادی مرۆڤ یا کۆمه ڵگه ، بۆیه لێره دا ئه و پرسه به تێنوتاوێکی به هێزه وه خۆ ده سه پێنێ به رپرسیارمان ده کات له بونی ده نگدانه وه ی ، به رسیڤێکی بێگریکۆڵه ی وا که هۆشیاریمان پێی ره وابێت .
ماك ، بیر ، دوولایه نی پێکهێنه ری ئاره زوی مرۆڤن ، ماك ، ئه وشته یه که پێداویستییه کی مرۆڤ جێبه جێده کات ، جا ئه و پێداویستییه ســــه رچاوه سروشتییه که ی گه ده بێت یا مێشك ، ئه وه هیچ لــه و گرفته نا گۆرێت ، که واته بــــه بێ دامرکانده نه وه ی ئه م پێداویستییه ی مرۆڤ له سنوری پێویست بوون دا ده مینێته وه ، ئاره زوه کانی ئاو خواز نابن .
مرۆڤ گیانداریکی دابراو نییه ، په یوه ندی به ده وروبه ره وه هه یه ، ئه وه ی له و مه ڵبه نده دا ده ستی نه که وێ هه ڵپه ی ئه ولاتری بۆده کات ، ئــــه و رواڵه ته له مێژوودا شێوه ی ، ستاندن ، ئاڵوگۆر، وه رگرتن ، دواتر کریـن و فرۆتنی وه رگرتووه ، ئه نجامه که شی یه سه رکه وتن یا ژێرکه وتن بوه ، یا وه ك هێزێکی سه رکه وتوو زاڵ یا ژێریکه وتوو بنده ست به رده وامبووه لــه فراژیبوون ، هــه روه ك دیاره له و ململانییه دا بابیه مرۆڤایه تییه کــان ده دۆرێن و ده له نگن ، له لایه ك نه ریته کانی ژێر ده ستکردن په ره ده ستێنن ، به شه که ی تریش ئازادییه که ی له ده سده دات ، جیاوازی نیوان ئـــه و دوو دژانه { بابیه مرۆڤایه تییه کانه } هێزه زاڵه کان ناتوانن ده ســـــتبه رداری چه وساندنه وه بن و له خوه کانی دڕندایه تی رزگاریان بێ، بــــه لام مرۆڤی ژێرکه وتوو ده توانێ ئازادییه که ی ده ستگیرکاته وه ، له وباره شه وه هه رچی رێبازیك بگرێته به ر لێی نابێت به دڕندایه تی ، به لـکو وه ك ململانێیه کی مێژووی ، نه ته وه یه ك ، چینێك ، تاکێکی چه وساوه ، کا ردانه وه یه کی ره وای مێژووکرده ، دژ به دڕندایه تی داگیرکار و چه وسێنه ر .
بانمونه یه کی گشتی وه رگرین ، که سه رله به ری ئه و پێشه کیه مان بۆ شیێ ده کاته وه : له کۆمه ڵگه ی کوردستاندا ، هێزه کان و هۆیه کانی به رهه مهێنان بوون و هه ن ، که بنچینه ی پیشه کانن ، وه ك چنین ، که پێویستی به ده ستکارو ئامیره کانی به رهه مهێنانه ، چنین پیشه یه کی باوی کۆڵگه ی کوردستان بووه ، به هۆی ئاژه ڵدارییه وه ، تا ئه وئاسته ی گوندی گه وره لـــــه کوردستاندا هه بون ، سه رتاپای گوندییه کان به چنینه وه خه ریك بوون ، ئامیره کـــانی چنین به گوێره ی ماکه کان بوون ، له گێچێکی مێژووییدا له زۆربه ی کۆمه ڵگه کاندا ئامیره کانی چنین به ره و باشتر گۆران ، هه رله ته شی تاوه کو خولخوله ، ئه وه ش بوو به هۆیه ك بۆ سه ره تای دروستبوونی مانیفه کتوره ، دواتر

کارگه و ماشینی نوێی چنین ، هه لبه ته ئه م گۆڕانکارییه په یوه ندی به سه رجه می پێشکه وتنی زانســـتی و هونـــه ر و لایه نه کانـی تری کۆمه لایه تییه وه بووه ، ئه م هه نگاوه له کوردستاندا نه هاته دی ، پیشه ی چنین بۆی نه لوا خـۆی خاوه نی خوری و ئامیر و ده ستیکارگێڕ بێت ، له ورێیه وه ببێ به خاوه ن ئه ستمایه ك و سه رمایه بکه وێته گه ڕ ، هه رله خۆه دیاره رێبازه شۆڕشگێڕیـــه که ی په ره سه ندنی سه رمایه داری نه گرته به ر ، له سنوری خۆیدا مایـــه وه ، یاوه خۆراستربلێن ، خزییه نێوان دووبه رداشی نوێ نه بوونه وه ی دابه شبونی کار له کۆمه لگه ی کوردستاندا ، هێزی بازوو، به ر هه مهێنانی ئاژه ڵداری ، واته گه زێکی چنراو، سێ به شی خاوه ن خوری و به شێکی خاوه نکار ، ئه وجۆره دابه شبونه رێگه ی ئه وه کوێرده کاته وه ئامیره کانی به رهه مهێنان چاکتربکرێن ، بنچینه ی کۆمه لگه که بکه وێته جمین و جولان ، چونکه ئه گه ر خورییه کـه ئه و هێنده بۆ به رستنی رانه گه یشتین ئه و کاته بیر له وه ده کرێته وه چاره سه رێه ك فه راهم بکرێت { باشتر کردنی ئامیره کان ، ده ست خستنی ده ستی کارگه ری پتر } به لام که خوریه که ئه و هێنده نه بوو دیاره گرفتمان نابێ ، که گرفتی ماکیش نه بوو ، بیرکردنه وه ی لێ نایه ت ، خۆ ئه گه ر هاتـــوو خوریه که مان پتریش بوو ، به لام له و لاوه هۆیه کی ده ره کی وه ك که سێکی سییه م په یدا بوو ، له خولی ئالوگۆڕی شتومه ك یاخود کڕین و فرۆتن یـــا ده ستبه سه رداگرتن ، یا خود ئاماده بوو پاره بدات ، ئه وه دیاره ده بێته هی ئه و، ئه ی ئه گه رئه و پاره یه له بڕوباوبوو له بازاردا ، سکه یه کی رۆیشتوبو ؟

ئه وه هه رله خۆه دیاره به رهه مه که ده چێته ده ستی ئه وه وه ، ئه وکاته ئه و لایه نه پتر ته قه لاده دات ، ئامیره کانی به رهه مهێنان چاکتر بکات ، ده سـتی کارگه ر په یدابکات ، چونکه جگه له به رهه می خۆی ، ئه و به شه ی ئێمه شی که وتۆ ته ده ست ، ئه مه هه مووی له لایه ك ، له لایه کی تره وه ، که ناوی سکه و پاره ی به ره واجی بازاڕ هات ، دیاره ده سه لاتیشی ده گه لدایه ، هیچ پاره یه ك له بازاڕدا به بێ ده سه لات کیلۆیه ك زبلی پێنایه ت ، ئه و ده سه لاته رۆلێکی گرنگ ده بینێ به وه دا که رێگه ده گرێت ئامیره کانی به رهه مهێنان لـــه و کۆمه لگه یه دا که سه رچاوه ی که ره سته ی خاوه نوێ بێته وه ، ئه وکاته هـه ر هێنده ت خوری بۆده هێلێته وه که خۆتی پێداپۆشی یاخۆ ئه ویشت بۆناهێلێته وه هه ربه م جۆره سود ده چێته سه رخه رمانه ی سه رمایه ی ئه و ، جگه له وه ی به شێکی به رهه مه که ی هه رله هه مان کۆمه لگه دا ساغده کاته وه ، واتـــه به شێکی ئه و پاره ی که دابووی وه ری ده گرێته وه .

گه ر ئـــه م نمونه یه له گۆشه نیگایه کی فراوانه وه به رچاوگرین به روونی چۆنیه تی فراژیبوونی ژێرکێفی ده سه لاتی داگیرکارمان بۆ روونده بێته وه . ئێستێکه ش ده بینین داگیرکار ، هۆی دواکه وتنی کۆ مه لگه یه ، که ره سته ی خاوی له کارده کات و ده ستیکارگێڕی به هه رزان ده کڕێت و رێگه ی ئه وه کوێـر ده کاته وه ئیتر له ومه لبه نده ئامیره کانی به رهه مهێنان نوێ ببنه وه ، هـه ر ئه وه شه له بنچینه دا ده بێته هۆی راپه ڕینی خه لکان و له باری تایبـــه تی مێژوویدا شۆڕشی جه ماوه ری دێنێته کایه وه .

له بواری تێگه یشتن له و نمونه ، ده توانین له چۆنییه تی کاریگه ری ئه م باره بگه ین ، به چ شێوه یه ك کارده کاته سه ر چه شه و ئاره زوی مرۆڤ و بـه چ ره نگێك له سه رخانی کۆمه لگه دا ره نگده داته وه .

ووتمان مرۆڤ له هه موو شتێکدا چاکی و جوانی ره چاوکردووه ، مه به ستی بووه ، وه ك پێداویست ، ئه یگه ر لێره دا ماك ببێته چاك + جوانی ، واتـــه شتێ که پێداویستییه کی مرۆڤ جێبه جێبکات ، گه ربێت و- هه رزان + چاك + جوان ، راسته وخۆ هه ڵگێرینه وه ، ئه نجام گران + خراپ + ناشیرن ، ده گه ڵ ئه وه شدا دیسا ئه و هه ڵگێردراوه هه رپێویستده بێ ، به ڵام له هه ما کاتدا ئه م هه ڵگێرانه وه هه رخۆی ته واوی ئاره زوه کانی کۆمه ڵگه ش ئاوه ژووده کات ، هه ربه وشێوه یه چه شه و ئاره زوی کۆمه ڵگه ی کوردستان هه ڵگێردراوه ته وه ، لێره شدا کۆیله تی + خراپ + ناشیرین ، جێگه ی به ئازادی + چاکه + جوانی ، له قکردووه .
هه رچه نده گرفته که هه رئاوا شێوه یه کی ماتماتیکی روتی نییه ، چونـــکه کۆمه ڵگه ته نی بیری رووت نییه و به س ، به لکو له شێکی زیندووی خاوه ن سه رێکی بیرکه ره وه یه ، مرۆڤ له خودی خۆیدا به هۆی زۆربنه ماوه هه وڵده دات ئه وگرفته بگۆرێت و راستیکاته وه ، بۆ باره سروشتییه مرۆڤایه تییه که ی خۆی ، هه روه ك ده بینین ، ئیمرۆ زۆربه ی خه ڵکی جیهان خه باتده که ن له دژی هه ڵه بۆ گه یشتن به راستی ، له پێناوی دیمکراتییه ت دژ به دیکتاتۆریه ت ، له پێناو ژیانێکی بێچه وساندنه وه دژی چه وساندنه وه { به هه رهۆیه که وه بێ } له پێناوی رزگاری دژی ژێرده سته یی ، ئـــه و خه باته هه روه ك ئیمرۆ له ئارادایه ، له رابردوشدا له گه ڕبووه ، له داهاتووشدا بـــــه رده وام ده بێ ، ته واوی رێبازه کانی خه بات ده گرێته به ر ، شێوه ی نوێتریش دێنێته کایه وه .
تائێره گه یشتینه بارێکی ئه و تۆ بتوانین کاریگه ری مێژووی نمونه که مان به دی بکه ین ، تابزانین چۆن ئاره زوبرا و هه سته چه واشه کراوین ، هه روه ك چۆن رێبازی خه بات و رامیاریمان چه واشه ده کرێت ، کـــــه هۆی سه ره کی تێکه وتنی دیپلۆماسیانه ی بزووتنه وه ی رزگاریخوازی کوردستانه ، له لایه کی تره وه نمونه که مان ده خه ینه به ر باری سه رنج .
ئه گه ر بهاتایه و چنین له کۆمه ڵگه ی کوردستاندا رێچکه ی فراژی به ره و مانیفه کتوره و کارگه ی مه زن بگرتبایه ، ئه وکاته ده ستی هونه رمه نـــدی کوردیش له وبواره دا باڵا ده بوو ، له نه خشاندن و رازاندنه وه ی جۆره هـای به رهه می وا ، که رۆژانه ملیۆنه های خه ڵکی له کاریان دێنان ، هه رله جل و به رگ تا به راخه ر و په رده په نجه ره و ...... هتد ، ده گات ، به رهـــه می بیروبازوی خودی کۆمه ڵگه ده بوو مۆرکی نه ته وه یی و سه رده می خۆی به خۆوه ده گرت ، ئه وکاته ئاره زوی خه ڵکیش له هه ڵبژاردن ئـــــازادییه کی فراوانی به خۆوه دبینی ، به ڵام که ئه وه مان بۆنه ره خسا ، دیاره ئازادی هه ڵبژاردن و ئاره زومان که وتۆته به رکاریگه ری ئه وبه رهه مانه ی له ده ره وه ی کۆمه ڵگه هاتوونه ته ناوه وه ، جۆرێکی تری جوانی چه شه یه کی تر به سه ر ئـــاره زو و ئازادیماندا سه پێنراوه ، ئێمه ده زانین که جوانی هه روا گرفتیکی ته سکه بـه ر نییه ، به ڵام ئه و جوانییه ده بێته نمونه ، هه رچه نده نمونه که ش خواستراوه بێت ، له کاتێکدا له به راورد دا ، ئه و نمونه یه وه ك ئه وه یه له بری تابلۆیه کی ره سه ن ، ئاره زومان به تابلۆیه کی کۆپیکراو ئاوخوازبکه ین ، که هـــه رگیز له وه تێپه رناکات که ئێمه کۆپیه که یمان دیوه نه ك تابلۆ ره سه نه که ، یاخود له بری گوڵێکی سروشتی گوڵێکی نایلۆنمان - بۆجوانی-هه ڵبژاردووه ! بۆجوانی - نه ك له به رئه وه ی - جوانه ، ده گه ڵ ئه وه شدا گرفته که لێره دا کۆتـــایی

نایه ت ، چونکه به رده وامی نمونه که ناوه ستی ، هه روه ك ووتراوه :
له شکرێکی داگیرکار هێنده پڕمه ترسی نییه ، وه ك داگیرکردنێك له رێگه ی که لوپه ل و ورده واڵه وه ! چونکی ئه نجامی به رده وامی نمونه کان له هۆش و هه ستی مرۆڤ جێگه یه ك دروست ده که ن و شونیان هه روا به ئاســانی ئاسرێته وه ، گرفته که له وه ش ده ترازێ هــــه روه ك ئــــه وه ی ماك – پێویستییه کی مرۆڤ بێ به س ، به لکو ده کشێته سه ر لایه نی گیـــانی کۆمه ڵگه ، ته نیا له شتکه شه وه ده گوازێته وه بۆ هه موو ئه و لایه نانه ی له به رهه مهێنانیدا ده ستیان هه بووه ، به وه نده ش ناوه ستێ ، باس لـه جوانی به رهه مه که ی بکرێت « چونکی نمونه که له بواری دووبار بوونه وه و نه بوونی جێگرێك » وه ستاکه شی ده بێته تاکی بێهاوتا، بـــه م جۆره پله ی مرۆڤی کۆمه ڵگه به ره و خوار ده خزێت ، به هره ی وه ستای خۆماڵی ، د چێته پله ی دووهه مه وه ، هه ر به م پێوه ره ش چه شه ی کۆمه ڵگه ژێربـــاری ئاره زوه کاریگه رییه کانی کۆمه ڵگه یه کی ده ره کی ده بێ ، ئـــــه و گرفته مه زنه به رووني ، له زۆرلایه نی رۆشنبیری کۆمه ڵگه دا ره نگده داته وه ، ته نیا ده رژێته ناوه رۆکی به رهه می هه ره ساکاری فۆکلۆر و که له پـــوری نه ته وایه تییه وه ، ئه گه رنا به لای مرۆڤه وه له خۆشه ویستی پیرۆزترنییه ، وه ك په یوه ندی مرۆڤانه ، که چی لانکی { بێشکه ی } ئـه و خۆشه ویستییه ی مرۆڤی کورد ، وه ستاکه ی تارانی یا به غداییه !؟

لانك ، لانك ، لانکۆلی
لانك ، له دار هه ناری
وه ستابێ له تارانێ
لانکێ دروستکا بۆ چاوجوانی .....هتد

یاخۆ [ بۆمن بانگه که نه وه ستایه کی له موسرێ یا به غدایێ ] ته نیا شیرنی کوڵی یاریش ده چێته وه بۆ شیرینی – قه ندی ته ورێز و شیراز ، هـه روه ك ئه وه ی له کوردستاندا هه نگوین به زاری کورد تاڵ بێ ، له راستیشدا ئـــه و کاریگه رییه له وێژه ی باڵای نوسراودا هه ر به جارێ جێگه ی داخ و ناسوره ، له پێناو { عسل } ی عه ره بی "مه لاخدری شاره زوری" هه نگوین و هه نگیڤی کوردی تورده داته ده ره وه ی چه شه ی شیرینی هه روه ك "عسل"ی عـه ره بی له هه نگوینی کوردی شیرین تربێ ، ئه وه ئه گه ر عه ره ب هه نگوینی هه بوبێ { به ووته ی مامۆستایه کی ئۆژه ری کورد له هه موسوره ی عسل دوورسته ی تێدایه په یوه ندی به هه نگوینه وه بێ ئه ویش له قسه ی یه کێك ده چێ که ده رباره ی هه نگوین بیستبێتی نه ك تامی کردبێ ! } هه روه ك چۆن جوانترین شتێ دولبه ر خۆی پێ برازێنێته وه – لیره ی عه باسی – شایی – یه ، ئـه وه ی دواییان . پاره یه کی ئێران ییه ! هه موو ئه مانه بێگومان جێگه یان بـــــه ده ستکرده خۆماڵییه کان له قکردوه ، بونه ته نمونه ی بێهاوتایی ! تـا راده یه کی زۆر هونه ری مۆسیقاو شێوه کاریشمان ، که نزیکه ی سه د ساڵێکه هه ناسه ی هاتۆته وه به رهێشتا له ژێرکاریگه ری هه مان ره وشدان گه ر هونه رمه ندانمان به قولی بیر له و گرفته نه که نه وه له ئه نجامدا مایه پوچ و ده ست به تاڵ ده بین ، به لێ له و نمونه ی هێنامانه وه ، هه روه ك هه موو لایه نێکی تر تاکی ناوه کی و ده ره کی له ململانیدا ن ، گوێنده دێت و وه ستای هه ولێر وبانه ش ده خاته پاڵ وه ستای تارانی و به غدایی ، ئه مه ش ده گه رێته وه بۆ ئـــــه و

هەواڵنامەی کتێب

ته قه لایه که کۆمه ڵگه وه به رخۆیده نیَ له پێناو پاراستنی ره سه نایه تیه که ی ، ئێمه ده توانین له و نمونانه به فراوانی سه رله به ری کۆمه ڵگه بگرینه وه ، له هه موولایه نه کانی ژیاریدا ، شونی هه ڵگرین ، هه رله سوێند خواردنمان به پیرۆزه نامۆکان و له بیرچونه وه ی پیرۆزه خۆماڵییه کان ، ئه و پیرۆزه نامۆیانه ی هیچ په یوه ندییه کی گیانیان به کۆمه ڵگه ی کوردستانه وه نییه به لکو نیشانه ی ئه و هه وڵ و ته قه لایانه ن که له سرینه وه ی ره سه نایه تی کۆمه ڵگه ی کوردستاندا وه گه ڕهێنراون ، تاوه کو روده ی ژیاری ئیمرۆمان .
ئه و تێشکانه ژیاریه ماوه یه کی وای خایاندووه ، به راده یه ك هۆش و گۆشی مرۆڤی کوردستانی داگیرکردووه ، سایکۆلۆژیه تێکی تایبه تی هێناوه ته به ر ، که زۆربه ی لایه نی بابیه مرۆڤایه تییه کانی داله نگاندووه .
ده گه ڵ هه مووئه وه شدا به هۆشخۆهاتنه وه و هۆشیاریمان ئه و هێنده کاریگه ر یه کی قولی پێوه دیارنییه ، که ببیَ به هه ستانه وه یه کی وا راپه رینێك و ته کانێك بیَ ته واوی رواڵه ته نامۆ و نه ریه کان راماڵی و سایکۆلۆژییه تی سۆاخدراومان له ره نگه نامۆکان بشۆرێنی ، ئه م باره له ره وتی بزووتنه وه ی رامیاری و کۆمه ڵایه تی رۆژانه ی خه باتماندا ، هه روه ك چۆن له لیتراتوره ی سه ربه و قوناغه ماندا به ردیته ، پێش ئه وه ی چه ند نمونه یه ك به رچاوخه ین ، چاکوایه باسێکی ئه و هۆشیاری و هه ستانه وه یه بکه ین .
چه پۆکی ئیسلام ، که دوای ساسانیه کان ته واوی کوردستانی گرته وه ، تاوه کو ئیمرۆکه ش ژه نگی ژیاری نه چۆته وه ، ئه و ئیسلامییه ته ی هاووڵاتیانی کوردستان ئاوهایان دیوه :

« حوشتر باڵی بوایه ماڵی ده ڕماندین ! »

دیاره گه ر ئه م هێرشه ، **به** سواری فیل بوایه ، نه ك حوشتر ، په نده که ش ئه و باڵه ی بۆ نه ده خواسترایه وه ، تابتوانیَ ئه وچه نده سه ده یه به ئاسمانی باوه ڕدا بفرێت یاماڵی کاولی له رمان بگێڕابایه وه ، ده گه ڵ ئه وه شدا ئایدیالی ئیسلام ، بۆشاییه کی ژیاری گه وره ی خسته دیواری مێژوومانه وه ، لێکدابڕانی مێژوویی هێنایه ئاراوه ، هه تاوه کو سه ده ی حه قده هه م ، که هه ناسه ی راپه ڕینی هاته وه به ر ، راپه ڕینێکی هۆشیارانه ی به رپاکرد ، ئه ویش وا سیَ سه ده یه به رده وامه تازه خه ریکه جه مسه ری به یه ك گه یشتوی پته و بیَ ، هه نگاوی یه که می ده ستپێبکات ، ناوه ڕۆك و شێوه ی یه کبگرێته وه .
ئه م راپه ڕینه مێژوویه هه رخۆیشی هه ڵسانه وه یه کی ئابوری و رامیاری و کلتوری نه ته وه یی کورده ، له وسه رده مه ، هاوئاهه نگ ده گه ڵ سه ره تای سه رهه ڵدانی ده سه ڵاته ناوچه ییه کانی کوردستان و بوژانه وه ی ئابوری هۆشیاربونه وه و خۆناسینه وه ی کۆمه ڵگه ی کوردستان ده ستپێده کات ، دیاره ئه وکاتیش ژیاری کوردستان به رکاریگه ری ژیاری فارس و ده وڵه تی ئیسلامی عه ره ب خه په کرابوو ، تا راده یه کی زۆرخه ڵکان روویان له رابردوو داهاتووی خۆیان وه رگێڕابوو ، تا له سه رده ستی - مه لای جه زیری - ئه حمه دی خانی - رێچکه ی ئه م داگیرکردنه له سه رئاستی رۆشنبیری شکێنرا ، له راستیدا ئه و دێره هۆنراوه ی „جه زیری„ بۆ سه رده می خۆی ، بانگه وازی مانفیستێکی یه کجارمه زن بوو :

« گه ر لوء لوء ی مه نثور ژ نه زمی ته ده خوازی
وه ره شعری مه لای ببینه ته ب شیرازی چجاجه ت »

ئه م سه رهه ڵدانه ، هه رئاوه ها له ناكاو نه هاتوته كایه وه ، به لكو ماوه یه كی ته واوی خایاندووه ، ده گه ڵ ئه وه شدا ئه و را په رینه به ناوه رۆكه وه كه ده ربڕی هه ستانه وه یه كی نه ته وه ییه ، له شێوه دا وانییه ، به لكو شێوه ی كه لچه ری كلاسیك و یاساكانی هه ڵچنینی هۆنراوه ی ئه و سه رده می ئیسلامی وه رگرتووه ، قاڵزاغه ی ئه و سه رده م پۆشیویه تی ، جگه له وه ی هه ر ئه و دێڕه مانفیسته ی «مه لای جه زیری» به رپه رچدانه وه ی نوسین و ره وانبێژی و وێژه ی فارسی زاڵی ئه و سه رده مه ، له هه مانكاتدا چونه ژێر باری نوسین و ره وانبێژی وێژه ی عه ره بی جێگری زاڵی هه مان سه رده مه ، هه ر چه نده له دووتوی ناوه رۆكی ئه م راپه ڕینه رۆشنبیریه نوێیه ، ده توانین هێڵی سوری تایبه ت به یه كگه یاندنه وه ی جه مسه ره كانی مێژووی لێكدابڕاومان هاوكات له گه ڵ رواڵه ته رۆشنبریه كانی كوردستان ده ستنیشان بكه ین ، هه ر لـــه ئه فسانه مێژووییه كانه وه تابه ئاین و داب و نه ریت راده گات ، به ڵام لـــه هه مانكاتدا هه موو ئه م ده ربڕینانه له سنوری شێوه وێژه ی عه ره بی به نده ن

« مانـــی نییه تی قوه تـــی ته سویری برۆی تۆ
ئه و قه وسه به ده ستی موبه ته لا یه كێشراوه »

مانی – ئه و هونه رمه نده ی ناوی له هۆنراوه ی ته واوی هۆزانوسانی سه ربه و راپه ڕینه دا دیاره و دووباره ده بێته وه ، له پێش و پاش ئه وانه یشدا ناوی هه ر هه بووه ، یه كێكه له په یامبه ره كانی سه رده می خۆی دامه زرینه ری ئاین و ده وڵه تی مانانا بوو، ئه و ئاینه ی كه بایه خی زۆری به نیگاركێشان و په یكه ر تاشی « ریلیف » داوه ، زانراوه كه مه زنترین هونه رمه ندی په یكارتاشی سه ر ده می خۆی بووه ، ووتراوه گه یوه ته چین و له هونه ری چینی ســـودمه ند بووه ، هونه ره كه ی رۆڵی گرنگی له بلاوكردنه وه ی ئاینه كه یدا گێڕاوه به م شێوه یه هه وڵدا ن بۆ یه كخستنه وه ی جه مسه ره كانی ژیاری هه ره كۆنی كوردستان به رله سی سه ده سال هه ستی پێده كرێت ، ئاهه ر له و كاته دا ئاینی ئیســـلام دژبه هه موو جۆره كانی به رجه سته ی هونه ری شێوه كاری وه ســـتاوه ته وه و قه ده غه ی كردوه ، هاوكات ده گه ڵ ئه م هۆشیاربونه وه یه ، قوتـــــابخانه ی به دلیسی – هونه ری میناتور به ته واوی كێشه هونه ریه كا نه وه – دارشتن ، كۆمپه زیسیا ، ره نگ ، فۆرم ، ده ربڕین ، سه ری هه ڵداوه !

له ئه نجامی فژاریبوون و گۆڕانكارییه رامیاری و كۆمه ڵایه تیه كانی ســه ده ی شانزه وحه ڤده ، كه سه ره تاكانی هه ڵچون وگردوڵه كردن بوون ، به هۆی بوونـی كه لچه رێكی كۆنینه ی ده وڵه مه ند وفۆلكلورێكی فره لایه ن ، ئه فسانه ، چیرۆك ، داستانی هه مه جۆرله ناوه رۆكدا شۆڕشێكی ره سه ن هاته كایه وه و هه ڵایرسا ، مه به ست لێره له شێوه { به كوردی نوسین } نییه ، به كوردی نوسین وده ربڕین به كوردی ، هه رده كاته وه ده ربڕینی هه ست و نه ستی مرۆڤی كورد خۆی ئه و { شێوه } ی مه به سمانه – كێشه كوردیه ره سه نه كانن ، ئه م لایه نه نزیكه ی سی سه ده سال له ژانه دایكبون دابووه ، تاله كۆتایدا له سه ره تای سه ده ی بیست ده گه ڵ ناوه رۆك دا یه كی گرتوه ، مانای ئه م شۆڕشه له ناوه رۆكدا ، لـه وه دا دیاره كه « نالی » مه لاخدری شاره زوری ده ربڕیوه :

« ته بعی شه كه ر باری من ئه گه ر كوردی ئینشا ده كا
ئیمتحانی خویه مه قسودی له عه مدا واده كـــا »

له مانفیسته که ی "حاجی قادری کۆیی"دا، تێککردنه وه ی شێوه وناوه رۆك ده گاته ئاستی ته قینه وه و ترۆپکی ره چه شکێنه ر :

« به یته کانم ، عه یبی لێمه گرن خواروکه چن
مه قسه دم وایه له و به ندو باوه ده ربچن »

هه ردوابه دوای ئه م دێڕه مانیفیسته ی"حاجی قادری کۆیی"دا به نزیکه ی چاره گه سه ده یه ك ، راپه ڕینی هۆشیاربوونه وه ی نیشتمانی و نه ته وه یی ، به بــێ پاشه کشه ده گاته وه سه رچاوه ی یاساکانی هۆنراوه ی کوردی و « لات وعزه ی و هه بل » مۆتکه ی سه ر زمانی هۆنراوه ی کوردی هورد وخاش ده بن ، زمـــانی هۆنراوی کوردی ده سبه رداری یاسای کلاسیك و که لچه ری ئیســـلامی عه ره ب ده بێ ، به م جۆره فراژی له ناوه رۆکه وه ده کشی به سه ر شێوه دا ، مـه می ناوه رۆك به زینی شێوه ی شاده بی « شێوه رۆك »که ئه و په ڕی بالایی وگه یی ته واوه تییه هه ناسه ده کاته به ربزووتنه وه ی سه رده می نوێی ئه و راپه ڕینه ته واوی ده ریای که لچه ری کوردی ده هه ژێنێ ، په خشان ، چیرۆك ، نۆڤل ، جۆره کانی تری لیتراتوره وه ك شێوه ی نوێ ده ربڕین ده گه ڵ یه که م یــه ك گرتنه وه ی ناوه رۆك و شێوه ، یا سه رهه ڵدانی « شێوه رۆك »سه رهه ڵد اوێن و دێنه کۆڕی بزووتنه وه ی پڕله جوانکاری وته کانێکی به هێزتر به به رســه ره تای بزووتنه وه که ده که ن .
رێبازی ئه م شۆڕشه مه زنه ی که لچه ری کوردی و گه یشتنی به و پله یه ، تابلۆیه کی فره فراوان و ره نگین و نه خشینی ته واوی بزووتنه وه ی ژیـاری و مرۆڤایه تییه ، ره نگرێژی خه م وهیواهه میشه ییه کانی مرۆڤایه تی و شوون و شه قل ومۆرکی هه ژانی کۆمه ڵگه ی کوردستان نه مری خۆی تێدا ده نوێنێ ، سه رتا هه نگاوی پێشکه وتووخوازنه ی نیشتمانی کوردستان به خۆی و قوولییه ژیارییه کانییه وه ، که ژاوه ی ره نگین و هه مه لایه نی که لچه ری گه شـــاوه به ره و ته ختایی شانۆی نه مری مرۆڤایه تی به ڕێده کا ، بواری ناهێلێته وه لــه به رده م مرۆڤایه تی جگه له وه ی به وپه ڕی دڵفراوانی ودڵوڤانییه وه باوه شی خۆی بۆبکاته وه ، توند له ئامیزی نه مری بیگرێته خۆ .
ئه م راپه ڕینه ی به شێوه یه کی کورت باسمانکرد ، تابلێی هه نگاوێکی پیرۆز بوو، هه رچه نده ماوه یه کی درێژی خایاندووه ته قه لایه کی شێوه شکێن نه بووه ، هه ره وه ك روونمان کرده وه رواڵه تی سیسته می ئابوری و ژێرده ســـتکردنی کوردستان له لایه ن ده سه ڵاتی بێگانه وه هۆی کاریگه ربوون له دواخستنی ئه م هه نگاوه ، هێشتاش هه رکوسپن له رێگه ی زمانی یه کبوی کورد ، هـــه روه ك داگیرکردنی کوردستان ولکاندنی به زۆری کوردستان کۆتای نه هات ، کاریگه ری له ســـه ر داهاتووی فراژیبوونی ئه م هه نگاوه ش هێشتا هه ر به رده وام ره نگده داته وه ، بۆیه ده بینین ئیمڕۆی له چاو سه ره تای ده ستپێکرنی به رێژه له رابردووی کز تره .
دوای سیٚ سه ده به گشتی و سه د ساڵ به تایبه تی دوای بانگێشه ی هـۆنراوه ی نیشتمانی و نه ته وایه تی له گۆڕه پانی خه باتی بیردا له هۆنراوه گواستمانه وه بۆ په خشان ، به داخه وه ئه م په خشانه به رێژه گه لێك دواکه وتووتره لـــه ناوه رۆکی رابردووی زمانی هۆنراوی ئه م هه نگاوه رۆشنبیریه :

بولغار وسـرب و یـۆنان
هه م ئه رمه نی و قه ره تاغ
هه ر پێنجی به ئه ژمار
نابن به قـه دی بـابان
خاوه نی جه یش و رایـات
ئه ركانی حه رب و لێدان

ئه م باره خۆی ترسناكترین جۆری تێشكانه له به رده م بزووتنه وه ی نیشتمانی كوردستان ، ئه وه ی هه یه له راستیدا شێوه یه كی یه كـجار دواكه وتووی په خشانی رامیاری كلاسی لاسه كه ره وه ی رامیاریسته كانی كورده { رۆشنبیره شۆڕشگێڕه كان } كه شه و رۆژ دووباره ی ده كه نه وه ، بای نیو هه نـگاو به ره و پێشه وه چونی جه ماوه رناكات ، ئه و ئازوقه گیانییه نییه كه جه ماوه ر هه نگاوی پێ ته واو كات ، پشتی پێ ببه ستێ، وه ك خۆیان ده ڵێن گوایه له سه رووی هه موو ره خنه یه كه وه یه ! كه چی خۆیله خۆیدا ئه وه نده دواكه وتووه به شی ئه و هێنده شی پێوه نییه ده گه ڵ ناوه رۆكی هۆنراوه ی شـاعیرێكی شۆڕشگێڕی وه ك { حاجی قادری كۆیی } به راورد بكرێت ، كه نزیكه ی سـه د ساڵ پێش ئیمرۆ ژیاوه ، شینوشه پۆڕكردن بۆ مافی بیستوئه وند ه ... ملیۆن كورد و كوردستانی بێ ئالا و بێ سنور ، به راورد كردنی روبه ری كوردسـتان به هێنده ی روبه ری فره نسا ، یا دانمارك و ..... نازانم كوێ وكوێ ، یاخود سوریا و ئوردن و فه له ستین و لوبنان به سه ر یه كه وه ..... رازاندنه وه ی ئه و مافه قوتدراوه ی بیستو ئه وه نده ملیون هاوولاتی كوردستان هه مووی له ناوه رۆكدا یه كجار دواكه وتوه و هێشتاش هێزی ئه م چه ند دێره هۆنراوه ی تێدا به دی ناكرێ كه له سه ره وه نوسیمانه وه ! به داخه وه بۆ سـه د ساڵ به ره وپێشه وه چونی به ره و پاشمان له گۆره پانی ئایدۆلۆژی و دیپلۆماسی ، هه روه ك ئه م هه نگاوه له ناوه رۆكدا له رابردووی دواكه وتوتره ، ئیمرۆش پراكتیك و شێوه ی ووتاردانی زۆرسستتر و بێته واناتره له وسـه ره تایه ی لێوه ی ده ستپێكرد ! سه یرنییه كه هاوئاهه نگ ده گه ڵ یه كه م لێكدانه وه ی ناوه رۆك و شێوه ی ئه م راپه ڕینه ی باسمانكرد ، هه رله و كاتدا نوێنه رایه تی دیپلۆماسی نیشتمانی كوردستان له سه ر ئاستی نێو ده وڵه تی روویخـۆی ئاشكرابكات و له كۆنگره جیهانییه كاندا ناوێكی هه بێ ، { سیـڤه ر } گه واهی ئه م گوته یه ده دات ، كه چی ئیمرۆ له ولاتیكی وه ك فره نسا نوێنـه ری به ره ی به شێكی كوردستانی به زۆرلكێندراوی كوردستان ، كه ولاتـه كه ی به كیمیچه ك كاولده كرێت ، له كۆنفرانسێكدا كه بۆ له ناو بردنی كیمیـچـه ك سازدرا ، ناتوانی له له نده نه وه بگاته پاریس !؟ كه خه ڵكان هه ر بۆ وه رزش به مه له له ئاوی نێوان ئینگلته ره وفه ره نسا ده ده ن و ده په ڕنه وه !
تا ئێره تاكه شتی كه جیگه ی هیوایه ئه مه یه :
ئه م هه نگاوه ی نراوه هێشتا توانای وه به رماوه ، به تایبه تی له لایـه نی شێوه پێشكه وتنی پێوه دیاره ، ئه وه ی ئیمرۆكه پێویسته ئه وه یه روبكه ینه رێبازیكی نوێخواز و به ره و ناوه رۆكیكی نوێ هه نگاو بنێن .

# دیمکراتییه تی بێسنور ، دژ به ئاژاوه

سه ره تا یه ك :

تائیمرۆ داگیرکارانی کوردستان بواری ئه وه یان نه داوین ژیانێکی هێمن بژین ، ده توانین بڵێن:به درێژایی ژیانژیاری هاوولاتیانی کوردستان له قۆناغه جیـا جیا کانی مێژوودا چه شه ی ژیانی ئاشتی زۆرکه م نه بیێ به خۆه ی نه دیوه ، ئه وه تا ئیمرۆش وه ك دوێنیێ کوردستان داگیرکراو ژێرده سته یه ، چه وساندنه وه و له ناوبردنی به کۆمه ڵ و قڕکردنی مرۆڤ ، بنبڕکردنی سروشت ، شه ورۆژی بـه یه که وه گرێداوین ، ئیمرۆش هه ر وه کو دوێنیێ کوردستان به ده ست ده ردی کوشنده ی ناکۆکی و دووبه ره کی و جه نگی کوردکورد و خه باتی پچـــڕپچڕه وه دهناڵێنیێ ، ئیمرۆ له هه موو سه رده مێك پتر کۆمه ڵگه ی کوردستان دووچاری ئه و ململانییه ژیاریه نه ریه ی داگیرکارانه که له هه ر پێنج رووی ، تالانکردنی ئابوری ، ململانی رامیاری ، په لاماردانی سه ربازی ، شـێواندنی کلتوری ، شۆراندنی سایکۆلۆژی ، هه ڕه شه ی لێده که ن .

روداوه کانی گۆڕه پانی خه بات پێمانی ده سه لمێنن ، که بڵێن :

بزووتنه وه ی رزگاریخوازی شێوازی خه باتی چه کداری گرتۆته به ر « رێبازی مان وسه رکه وتنی ژیری به ر له و سه رده مه و سه ره تایه مان گرتۆته به ر» چونکیێ تاکه رێگه یه له به رده م به رابه ر به و دووژمنه ی جه نگی به سه رماندا سه پاندووه ، چاره سه ری دیمکراتیانه به پێوه ری ئه وسه رده مه وسه ره تایه ی که ئیمرۆ له ئارادایه ته واو ره تده کاته وه ، گرفتی ئێمه ش له وه دایه لـــــه وه لامدانه وه ی جه نگی دووژمن ، تاوه کو ئیمرۆ نه مـان توانی بیسه لمێنین ، خه باتی چه کداری { جه نگی به رگری یا رزگاری } رێبازی ســـــه رکه وتنی ژیریمانه له به رابه ر هێزی جه نگ و په لاماری دووژمن ، له وباره شه وه لـــه ته ك ئه زمونی درێژخایه نمان که خۆی له نزیکه ی سه د ساڵێك ده دات هێشتاش که موکوڕی هه ڵه مان یه کجار زۆرن ، هه رله به ر ئه مه شه هاوولاتیـــــانی کوردستان زیانی فره مه زنیان به رده که وێت ، ده بی ئه وه ش له به رچاوبگرین که له داهاتوودا زیانی پترمان لێده که وێت و زه بری گه وره ترمان ئاراسـتـه ده کرێت ، گه ربێتو له سه ر ئه و ره وته ی ئیمرۆمان به رده امبین .

گه رله کوردستاندا سه نترالێك پێك نه هێنین ، نه یکه ین به چـه قی هه ڵگری گرفته کانمان ئه وه هه رگیز ئه نجامێك وه ده ستناهێنین ، دیاره هاتنـه کایه وه ی سه نترالێکی ئاوا بێگومان گشت تێکه ولێکه ی داگیرکارانی کوردســـــتان و دووژمنانی رزگاریمان هه ڵده وه شێنێته وه ، ئه وه شه کورته وخه سته وکرۆکی باوه ڕی یـــه که م قوناغی ئه م سه ره تایه نوێه ی کۆمه ڵگه ی مرۆڤایـــه تی پێی تێناوه .

باسه که مان :

بزووتنه وه ی نیشتمانی کوردستان ، خه باتی زۆربه ی هه ره زۆری خه ڵکی ژێرده سته یه دژی داگیرکار ، زۆرترینی چین و توێژه نیشتمانییه کان ده گرێتـه خۆ ، به م هۆیه وه هێزیکی پڕ ته وانای تێدا چه که ره یه ، وه ك پێداویستیێکی

ئه م سه رده مه،رۆژبه رۆژ به ره ی خه ڵکانی ژێرده سته و زۆرلێکراو فراوانتر
ده بێ ، به م هۆیه وه ش به رله هه مووشتی بزووتنه وه که پێویستی به ده سته
به رکردنی دیمکراتییه تیکی بێسنوره ، نه به مانای به ئاژاوه کردنی دیمکراتیه ت
و چه واشه کردنی ره وتی بزووتنه وه ی رزگاریخوازی نیشتمانی و پێشکه وتوو
خوازانه ی ، نه به مانای هه ڵواسینی د یمکراتییه ت به په تی دیمکراتییه ته وه .
سیمایه کی نوێـــــــی بزووتنه وه ی نیشتمانی ، فراوانبوونی ئاستی رامیاری
بزووتنه وه که له سه رئاستی نیشتمانی و جیهانیدا ، به تێگه یشتن و ناسینی
هۆیه هه مه چه شنه کانی ئه م قوناغه نوێیه و گه ڕان به دوای هۆیه نامۆکان و
دۆزینه وه یان و به گه ڕخستنیان تاکه رێگه یه بۆ گه یشتن به سه رکه وتن ،
یه کی له سیما هه ره به ناوبانگ و له هه مانکاتدا هه ره نامۆی بزووتنه وه کەش
دیمکراتییه ته .

به داخه وه که ته ماشای گرفتی دیمکراتییه ت ده که ین له کۆمه ڵگای کوردستاندا
ده بێ هه ربلێێن:خۆزگه مان به وه ی ره شه با به ده واری شڕی کرد !هه ربۆیه شه
له بواری ژیاری سه رده م و جمینی بزووتنه وه ی سه رتاپای مرۆڤایه تیدا ،
نه مان توانیوه ئه م نمونه به رپه رچده ره وه یه بین که سه رنجی گشتی به لای
خۆماندا راکێشین .

به لێ راسته تاکی کوردستانی له ژێرده سته ی ته وژمیکی یه کجار دژواری
چه وساندنه وه یه ، راسته کۆمه ڵگه ی کوردستان ژێر رکێفی جه نگێکی پێنج
قولی ، ئابوری ، رامیاری ، سه ربازی، کلتوری ، سایکۆلۆژی ، فـــره فراوان و
به هێزدایه ، راسته بزووتنه وه ی رزگاریخوازی نیشتمانیمان دووچاری رێگه ی
هاتونه هاته ، راسته هه ڵه ی یه کجارگه وره ده کرێت ، به هۆی ئه و ته وژمه
فشارییه ی چوکی به سه رسنگی کۆمه ڵگه ی کوردستان داداوه تاکی کوردستانی
تێگلاوه ، راسته ده وڵه ته یه ککرتووه داگیرکاره کان له هێرشی پێنج قولـــی
خۆیاندا ، جغزێکیان کێشاوه و به هه مووشێوه یه ك هه وڵده ده ن بزووتنه وه ی
نشتمانی رزگاریخوازی کوردستان ، به هیچشێویه ك توانای ئه وه ی وه بـه ر
نه گه ڕێ له و جغزه پێ بنێته ده ر ، له شوره ی ئه و جغزه پانتییه ك به سه ر
سه ری خۆیه وه به دینه کات و ئه و پانتاییه له و بنمیچه ی تێنه په ڕاندوه
که به ناوی ئۆتۆنۆمیه وه { یا ئه و باره ناهه موار و پڕ له ئاژاوه ی ئیمڕۆ له
ئارادایه ، به جیهانی کردنی جغزی دیارکراو } به سه ر به شیکی هاووڵاتیـــانی
کوردستانی به زۆرلکێندراو به عیراقه وه سه پێندراوه ، که جه ماوه رێـــکی
فراوانی ئه وبه شه دژی وه ستاونه ته وه { به تایبه تی دوای تێوه گلانی سه رانی
ئه و به شه به گه مکردن و خزینه چه قی ئه و جغزه } ، بـــه هۆی ئـــه وه وه
بزووتنه وه ی ئه م به شه له و قوناغه دا توانای به وه ناشکی لـــه و جغزه ی
بۆی کێشراوه پێ بنێته ده ر ، له به ئه وه ش که خاوه ن بنکه یه کی جه ماوه ری
بـــه هێز نییه خۆی به پلانی چه قه وه هه ڵواسیوه ، ناش توانی نمونه یه کی
ره سه نی دیمکراتییه ت فه راهه م بکات ، هـــه ر له خۆه شرا دیاره که گرفتی
دیمکراتییه ت و فشاری پلانه کراوی ده وڵه ته یه ککرتووه داگیرکاره کان و تێوه
گلانی به ره ی کوردستانی ، به تایبه تی { یه کێتی و پارتی } هه رگیز بـــه
یه که وه هه ڵناکه ن ، بۆیه ئیمڕۆکه به شی هه ره زۆری خه ڵکی کوردستان لـه و
به شه داگیرکرا وەدا به گیان و ماڵ له دژی ئه و باره ن ، دژایه تی جه مـــاوه ر و
به رپه رچدانه وه ی ئه وباره ی داگیرکاران سه پاندوویانه ته واوی کوردســـتانی

هەواڵنامەی کتێب

ته نیوه ته وه ، له هه مانکاتدا ناوچه رزگارکراوه کانی کوردستان « له راستیدا به مانا زانستییه که ی ناوچه ی رزگارکراو ، هه تاوه کو ئیٚسته ناوچه ی رزگار کراومان نییه ، واته ناوچه یه ك که به هیٚچ جۆری داگیرکار نه توانی پیٚی تیا نیٚت و داگیری بکاته وه»[1] که ده توانین بلێن جغزی بزووتنه وه ی دژبه داگیرکار و جغزه که ی داگیرکاره ، له ویٚشدا جه ماوه ری شۆرشگیٚر بۆی نه کراوه ، ئه و نمونه دیمکراتیه ، دیمکراتییه تی ره سه ن که له پیٚناویدا خه بات ده کات ، هه ر نه بیٚ سه ره تاکانی به جیٚبینیٚ و داموده زگایه کی جه ماوه ری بیٚ ، جه ماوه ر بتوانیٚ به ئازادییه کی ریٚژه یش بیٚ کاروباری رۆژانه ی تیٚدا جیٚبه جیٚ بکات ! له ئه نجامی ئه و باره ی باسمان کرد ، ئه و جه ماوه ره ی که جغزی داگیرکار به رپه چده داته وه ، به تایبه تی تویٚژه رۆشنبیره که ی جه ماوه ر ، ناتوانی له گه ڵ ئه و جغزه ش بگونجیٚ که دژه داگیرکار فه راهمی کردووه ، ، ئه مه ش کاریٚکی ئاساییه ، چونکه نمونه که ی داگیرکار فه ری به سه ر دیمکراتیه ته وه نییه ، به لکو فشاریٚکی فاشیانه ی راسته و خۆیه ، نـــــه ئه و نمونه یه ش به نمونه یه کی ره سه نی دیمکراتییه ت په سند ده کات که له ناوچه رزگـــار کراوه کاندا هه یه ، واته له و جغزه ی دژه داگیرکار ! به هۆیه وه ش به شیکی جه ماوه ر راسته وخۆ دژی هه ردوو جغز خه باتده کات ، به شیٚکی تـــــری هه ڵوه دای ده ربه ده ری و ئاواره ی وڵاتان بووه ، ئه م به شه یان تاراده یه کی زۆر له هه ردوو جغزه که دوورکه وتۆته وه ، هــــــه ر نه بیٚ به شیٚوه یه کی راسته وخۆ له ژیٚرکاریگه ری هیچ کام له و جغزانه دا نییه ، که چی ئه مه شیان ، له پراکتیکدا هه ر سه رنه که وتوه ، نه ی توانیوه نمونه یه کی ره ســــه نی دیمکراتییه ت و سه ره تاکانی به رچاوخات .

هه ر له و کاته ی که له ژیٚر کاریگه ری ئه و دوو جغزه دانییه ، له وڵاتانی خۆرئاواو و خۆرهه ڵاتدا ، له باریٚکی ته واو جیاوازه ، زه مینه یه کی به پیتی دیمکراتیه تی له به رده م ئاوه ڵایه ، که چی هه ر بۆ نمونه ئه وه ی ده رباره ی ئه و دوو جغزه ده گووتریٚ ئه و ره خنانه ی ئاراسته ی ئه وان ده کریٚت ، له وه باشتر به و به شه ش ناگوتریٚت ، که بۆ نمونه له وڵاتیٚکی وه ك سوید لـــه فیدراسیوندا خۆی ده نویٚنیٚ ! ئه م رواڵه ته ی نا دیمکراتیه ت بـه بڵاوکراوه و چاپه مه نییه کانی ئه و لایه نانه وه ته واو روون و ئاشکرایه .

راسته سوید یا هه ر وڵاتیٚکی تر تورکیا ، عیراق ، سوریا ، ئیٚران ، نییه ، راسته ناوچه رزگارکراوه کانی کوردستانیش نییه { جغزی دژه داگیرکار } راسته گرفتی دیمکراتیه ت له ویٚش و لیٚره ش یه کجار جیاوازن ، ئه ی که واته بۆچی ناتوانین نمونه یه کی دیمکراتیانه ی وا به رچاوخه ین که جیٚگه ی ره زامه ندی جه ماوه ر و خه ڵکانی ده وروبه رمان بیٚت ؟ کوا ئه و نمونه ی که نه ك هه ر بۆخۆمانمان ده ویٚت به لکو ئامانجی گه لانی هاوخه باتیشمان به هیٚنانه دی ئه و نمونه یه وه به ستۆته وه ؟

وه ڵام هه ر ئه وه یه : ئیٚمه له هه ر کویٚ بین ! تیشکدانه وه ی باری ناوخۆی کوردستانین !؟ که سیش له ودا خۆی به رپرسیار ناکات ، ئایا ئیٚمه ئاویٚنه ین تا ته نی ووزه مان ئه وه بیٚ تیشکده ره وه بین ؟ یاخۆ مرۆڤین ، وزه ی گۆران و به ره وپیٚشه وه چونمان له باردایه ؟ ئایا ئیٚمه هه ردروستین خۆمان بخۆینه وه و خۆمان راڤه که ین ، یا ده بیٚ بگۆرپین ؟

گرفتی ئه و به شه لیٚره دایه ، له هه مانکاتدا که ته واوی رژیٚمی کاپیتاڵ ده داته

دواوە ، چ لە رێکخراو چ لە دە رە وە ی رێکخراوە کاندا ، یاخۆ لە تاکە نیشتمان پە روە رە کان بێ، بە رپە رچی ئە وە دە دە نە وە رژێمی کە پیتاڵ لە کوردستاندا بچە سپێ ، نە هە ر لە بە ر ئە وە ی بورژوای کوردستان بۆی ناکرێت ئە مە برە خسێنێ ، بە لکو بە رای ئە وان ژیاری سە ردە م بە رە و ئــــە وە دە چێت چە وساندنە وە بنبر بێت ، بوار نە ماوە بۆ هاتنە کایە وە ی دە وڵە تێك یـــــا دە سە ڵاتیکی وا رواڵە تی چە وساندنە وە ی پێوە بێ ، لە هە مانکاتدا ئـە گە ر بە زۆرم لێنە گرن ، چ لە وانە ی لە وڵاتە سۆسیالیستە کان بوون یا لە وێ نیشتە ن ، نییە لێم نە بیستبێ : ئــە گە ر سۆسیالیزم ئە وە بێ من یە کە م کە سم دژی دە وە ستمە وە ! لێرە دا دە بێ ئە وە بگوترێ کە هۆی چە کە رە کردنی ئە م رایە ، تە نیا لە بە ر ئە وە نییە کە هە ڵوێستی دە وڵە تە سۆسیالیستە کان لە بە رابە ر گرفتی نیشتمانی کوردستان یە کجار نە رییە ، بە لکو هۆی ئە م هە موو هە ڵە و کە موکوریە زلانە ن کە لە بە جێهێنانی سۆسیالیزم دا دە کرێن ، هە رئە و هە ڵانە شن بونە تە بنچینە ی هە ڵوێستی نە ری بە رە ی سۆسیالیزم لە هە مبە ر گرفتی بزاڤی نیشتمانی کوردستان ، ئە م دانە دواوە ی هە ردوو نمونە ی رە خساو ، دە مانخاتە بە ردە م پرسیارێکی تر ، ئایا ئە وانە ی هە ر دووجۆری رژێم دە دە نە دواوە ، چ پلانێکی تریان هە یە لە بری ئە واندا ؟

لە دە مە تە قێدا ، رە نگە هە ریە کە و بە لایە کدا بکە وێت ، نمونە یـــە ك هە ڵبژێرێت ، هە ر لە یە کێتی سۆڤیە تە وە ...... تاوە کو کوبا ! ئە وە لـــە یاد بکات کە ئە وە تا ئیمرۆ هە ر هە موویان هە ڵە و کە موکورییە کانیـــان وە دە رکە وتووە ، جگە لە وە ی ئە وە ش لە یاد بکرێت کە هیچ یە ك لە و نمونانە لە هیچ کۆمە ڵگە یە کی تر دووبارە نابنە وە و لە وناوە شدا رە نگە ، بە لـکو هە روە ك دە بینین ، لە نێوان لایە نگرانی ئە م دووبۆچونە ، دە نگێکی کـــز نوزە ی دێت و پێشنیای رژێمێکی بێلایەن دە کات ، کە نمونە کە هە رلە خۆیە وە پوچە ڵە ، چونە کە ئە و دە وڵە تانە ش دە گرێتە وە کە راستە وخۆ کوردستـانیان داگیرکردووە ! رامیاری فاشیانە ی ئە وان ئە وە تا بە بە رچاوانە وە یە .

کە واتە نمونە کە ی ئێمە تە نێ بزووتنە وە چە ماوە رییە کە خۆیە تی ، کـــە بە داخە وە لە وە بە ولاوە بزووتنە وە ی جە ماوە رێکی فراوانی ژێردە ستە ی دژ بە داگیرکارە ، هیچ رواڵە تی تری دیمکراتیانە ی تێدا نابینرێت .

بە دیمکراتییە ت کردنی بزووتنە وە ی رزگاریخوازی نیشتمانی کوردستان ، بە دیمکراتیە تی فراوان و رە سە ن « دیمکراتییە تی بێسنور و دژ بە ئاژاوە » تە نیا هە نگاوی چارە سە رییە ، بۆ ئە وە ی بزووتنە وە کە لـــە و جغزە ی بە دە وریدا کێشراوە و لە و جغزە ی بە دە ورە ی خۆیدا کێشاوییە دە رهاوێژی .

پێویستە ئە وهێزە مان تیا بێت نمونە یە کی ئە وتۆ بخە ینە روو ، لە بـە ر چاوی جیهان جێگە ی متمانە بێ ، دە نا هیچ چارە یە کمان نـییـە ، دە رگـــای رزگاریمان لە روودا داخراوە .

لە سیستە می ئیمرۆی جیهاندا و لـە شێوە ی بە رێوە بردنی ئیمرۆی کۆمە ڵگە ی مرۆڤایە تیدا دە بێ لە وە بگە ین ، کە جیهانێکی خاوە ن سـە نترالی نمونە ی « نە تە وە یە کگرتووە کان » بە هیچ جۆری نە تە وە یە کی بێ نوێنە ر پە سند ناکات و گرفتە کە ی بە هێند هە ڵناگرێت ، بە هیچ جۆریك هیچ بڕوبیانویە ك دادمان نادات ، هە موو دە مە تە قێیە ك و گشت شێوە یە کی خە بات « بە بێ سە نترالێکی دیمکراتیانە ی فراوان و رە سە ن » مایە پوچ و بێئە نجامە .

ئیمڕۆ ئەو جۆرە سەنتراڵە ڕۆڵی ئەوەندە مەزنە نەبێتەوە، وەك ئەوە وایە بڵێین: یا سەنترالێکی دیمکراتی ڕەسەن و فراوان، یا ئەوەتا ئەوە پەسەند بکەین دوای هەموو بزووتنەوەکانی نیشتمانی جیهان، دوای گشت جموجۆڵێکی شۆڕشگێڕانەی خەڵکی جیهان نۆرەی ئێمە بێت، وەکە وەی ببینە پاشکۆی تەواوی خەڵکی شۆڕشگێڕی ئەم جیهانە پان و بەرینە، لە سوەی جیهان، لە پەراوێزی ڕوداوەکاندا بژین، نەك لە چەقی سەرشار و گۆڕەپانی ژیانژیاریدا، ئەمەشیان گەر شێوەیەکی لە ناوچونمان نەبێ شتێکی تر نییە!

ئەگەر ئەو نمونە زۆرساکارە، بۆ زمانی رامیاری بگونجێ، گرفتەکە ئاوا دەکەوێتەوە: درەنگوزوو گرفتیگەلی فەلەستین، کە ئیمڕۆ چەقی سەرشارو گۆڕەپانی ژیاری خۆرهەلاتی گرتۆتە دەس موشەی خۆی دەپێکێ دەسکەلاکەشیان شوشە نییە بەلکو کەلابەردە! ئەگەر ئەم وشانە بایی دەربڕینی نمونەکەو گەیاندنی مەبەست بکەن، دەڵێن: گەر ئامادە نەبین بەکەلامزێکەوە چەقی سەرشار و گۆڕەپانی ژیاری بگرینە دەست، زۆر بزووتنەوە هەن لە پێش ئێمەوە ئامادەی یارین و پتر لە ئێمە خۆیان ئامادە کردوە بۆ ئەوەی ببنە «بەگ» و سەرشاری خەبات ژێرکێف کەن، ئیتر ئەوکاتە هەزارجار شێروخەت هەڵدەین و مل بنێینە بەر ڕێگەی هات و نەهات، چەندەی زیانی گەورەمان لێبکەوێت و قوربانی مەزن بدەین، هەزارکەڕەت هاواربکەین بۆچی ناومان نایەت و بۆکەس باسمان ناکات، وەك هەمووجارێ بەچەشنی شیعەکان بۆ شەهید بوونی، گزیلان، مەهاباد، ئانشکێ، قەڵادزی، زێوە، وەسانان، هەڵەبجە، دەسکەینە لە خۆدان! هاوارەکەمان هەر کەپەنەکی دوای بارانی لێدەکەوێتەوە، لە کۆڕی رامیاری و هاقڕکێی ژیاری دا یەك پولی قەلپ چییە نایکات، هەتا گەر یەکیشی لەسەر قڕکەین، لەوە پتری لێ شین نابێ کە شینێکی دڕندانەی ناژیاری بۆ بەرەو لە ناوچونمان دەگێڕین!

جادوکەرەسەرمازیلەکانی رامیاری لە نێو هاووڵاتیانی کوردستاندا، بەردەوام ئەوە دووبارە دەکەنەوە: باری خۆرهەلاتی ناوەڕاست لە گۆڕان دایە! بەم زوانە گرفتی کورد! دەبێتە گرفتی، بەلکو تاکە گرفتی داهاتووی خۆرهەلاتی ناوەڕاست! کە دەپرسی چۆن؟ بۆ؟ چی ئەو بۆچونەی لاتان خەملان؟ هێندی قسەی جزت و فرت و لەوجڕ دەکەن کە هیچی بەسەر هیچییەوە نییە! چونکێ لە ڕاستیدا خاوەنی ئەم پەخشانە دواکە وتووەی کە لەوەو پێش لێی دواین، هەرخۆی نەك هیچ وەلامی پێ نییە، بەلکو خاوەنی ڕەسەنی ئەو ڕستەیەش نییە کە دووبارەی دەکاتەوە.

خاوەنی ڕاستەقینەی ئەم بۆچونە «گرفتی کورد یەکێکە لە گرفتە هەرە گرنگانەی بەرەنگاری داهاتووی خۆرهەلاتی ناوەڕاست دەبێتەوە» مشکێکی تابلێی ژیر، دڵێکی تابلێی مرۆڤپەروەر، دۆستیکی تابلێی دڵسۆزی هاووڵاتیانی کوردستانە، ئەو مرۆڤە زانایەکی گەورەو لێزان و دەستڕوبو لە بواری پسپۆڕی خۆیدا، ئەو بۆچونەش کە لە سەرەوە هێنامانەوە، ئەنجامی لێکۆڵینەوە خۆماندووکردنێکی زۆری مامۆستای هێژا و بلیمەت و ڕۆژهەلاتناسی بەناوەدەنگ «مینورسکی»یە، جێگەی سەرنجە کە باسەکەی بەو وشانە کۆتاییی پێدێنێ!

به لێ ده مێکه ئه وه دووباره ده کرێته وه « ئه مجاره یان گرفتی کورد ! ده بێته گرفته هه ره گرنگه که ی خۆرهه ڵاتی ناوه ڕاست ! ئایا ئه م گوته یه ڕاستییه یا هه ر بۆ خه ڵه تاندن و بازرگانی کردن به جه ماوه ر دووباره ده کرێته وه ؟ ئایـــــا نه وه ی هاوده م به راستی ئاماده یه به شێوه یه ك له شێوه كان و به بێ خۆ هه ڵخه له تاندن بیر له وه بکاته وه ،که کاتی ئه وه هاتووه ، گرفتی هاوولاتیانی کوردستان به ره و ئه وئاسته به رێت که گرنگترین ئه و گیروگرفته بێت نه ك له خۆرهه ڵاتی ناوه ڕاست به لکو له سه رئاستی جیهانیدا ؟یا ئه ویش ته مای وایه له سه ده ی بیستویه کیش ده ست بخاته په ناگوێ و سه ر بۆئه و سترانه ی مامۆستای نه مرّتایه رتوفیق„ بله قیێنی„و غیره تیشی هه ڵنه ستی„!؟ „مینورسکی„ که له نوسه ری رۆژهه ڵاتناسی به ناوبانگ به م جۆره کۆتایـــــی به باسه که ی دێنی„:

« بۆچونی سییه میش ده رباره ی گرنگی کورده کان هه یه ، ئه ویش په یوه سته به و کوردانه ی که ناوچه کانی سه رووی نێوان دووزێ ده ژین ، ئه م ناوچه یه له بواری فژاریبوونی ئابوری ، تێگه یشتنی رامیاری بایه خی گرنگی هه یه ، شانۆی زۆر رووداوه ، له وێدا رێگه ی به غدا ده بێ و ده که وێته ده س هه رکێ ، ململانی بازرگانی ئه وروپا ، نه رێتی تورکیاش ،تاراده یه ك بوونی عه ره ب ، له دوایشدا بوونی ئاشتیانه ی ئێمه له سه رووه وه ، له بواری هه وڵدان بۆچاره سه رکردنی هه موو ئه م گیروگرفته بێگومان به سه ر گرفتی کورد ه کانه وه کاریگه ری پتر ده بێ و گه رمی ده کات ،کورده کان ته نێ دیوارێك نین له نێوان باکور و باشور به لکو تا دیوی خۆرهه ڵاتیش ده کشێن تا فارس ، له چیاکانی ئه رمیناشه وه به ره و سنوری ئێمه ، یه کجار بالایه گه ر بره خسێ و هه موو ئه م که لێنانه یه کخرێن ،کورده کان به هه ر سێ ملیۆنیانه وه لـــه چوارچیوه یه کی یاسایدا گردکرێنه وه ، تا ژیانێکی هێمن و به ختیار بژین . ئـه و گرفته گرنگترینی ئه و گیروگرفتانه ده بێ که به ره نگاری داهاتووی خۆرهـــه ڵاتی ناوه ڕاست ده بێته وه » .

ئه مه یه ك له و سێ روانه یه که زانای روسی مینورسکی ، ده رباره ی گرفتی هاوولاتیانی کوردستان پێشنیای کردووه ، به لێ بێگومان ئه ویش نوێنه ری به رژه وه ندی لایه ك بووه ، ئه ویش دلسۆزی ده وله تی خۆی بووه ، ره چاوی به رژه وه ندی نه ته وه ی خۆی کردووه ، به لام بۆ ده بێ بۆچونه که ی ده ستی به سه ردابگیردرێت وناوه که ی ژێرلێوان بخرێت ؟ بۆ گوایه ئێمه ش نامانه وی سه ربه نیشتمان و ده وله تی خۆمان بین و ره چاوی به رژه وه ندیه کانی خۆمان بکه ین ، له وسنوره ی زیان به به رژه وه ندی نیشتمان و نه ته وه یی نه ته وه و گه لانی تـــر نه گه ێنی„،ئه وا ئه و په ری مرۆڤپه روه رانه هه ڵوێستمان گرتووه .

ئه وجا بابێنه وه سه ر به سه رگرتنه وه ی بۆچونه که ی مینورسکی و دزیه که ی رامیاریستی کورد و چه ند پرسیارێك ئاراسته ی ئه وانه بکه ین ، له هـــه ر خالێکی مینورسکی چه ند پرسیارێك به ده نگ بێنین :

« ئه م ناوچه یه بایه خێکی گرنگی ده بێ له لایه نی :-

١- فژاریبوونی ئابوری ...... »

پرسیار: ئایا رابه ڕایه تی بزووتنه وه ی سه ر به کورد و کوردستان ، چ بیریان له وه کردبوه وه ، له ماوه ی نزیکه ی نیوسه ده کاریکی وابکه ن فژاریبوونی

له وه كردبوه وه ، له ماوه ی نزیكه ی نیوسه ده كاریكی وابكه ن فژاریبوونی ئابوری هه رنه بیٚ بگاته ئاستیكی وا له كوردستان بتوانیٚ شۆرش هه لبگریت بنكه یه یه كی لۆجستی بیٚ بۆسه ركه وتن ، شۆرش ناچارنه كات پابه ندی ئابوری ، پشتبه ستن به داگیركارانی كوردستان بیٚت ؟

٢- « تیٚگه یشتنی رامیاری ...... »

پرسیار: ئایا تیٚگه یشتنی رامیاری وا له نیٚو جه ماوه ر خه ملا بوو چوارچیوه و ناوه رۆكیكی دیاركراوی هه بیٚ سایكۆلۆژییه تی جه ماوه ر رۆژ به رۆژ به ره و پله ی به رزتر به ریٚت و ریٚنمایی ریٚبازی خه باتی بیٚ ؟

٣- « شانۆی زۆر رووداو ..... »

پرسیار : ئایا لیكدانه وه كرابوو بۆ ئه م هه موو روداوانه ی هاتنه ئاراوه ، هه ره نه بیٚ بۆ روداوه به رچاوو زله كان به عیراق ، توركیا ، سوریا، ئیران كردنی كوردستان ، كوده تا ، شۆرش ، راپه رین . بلۆكه كانی سه ربازی و ده یه ها روداوی تر ؟

٤- « ریٚگه ی به غدا ........»

پرسیار : ئایا به بیری كه سیاندا ده هات ریٚگه ی به غدا و چۆلیقرفه ، به لكو ئاسمانه كه شی ده بیٚته پردی كاروانی له شكركه شی وله هه موو خیٚروبیٚریٚك به ولاوه سوتان وكوشتن ومه رگ پیا كاروان ده كات بۆسه رخه لكی بیٚ لۆجیستی ئابوری و ده بته ریٚگه ی تالانكردنی كوردستان ، به شیٚوه یه كی ترئایا بیریان له وه كردبوه وه له ماوه یه كی ئاوا برژوای ره گه زپه رستی عه ر ب ئه وه نده په ره ده ستیٚنیٚ و هیٚزیكی وا پیكه وه ده نیٚ تاسه رشانی ده ست ده نیٚته خویٚنی رۆله كانی كوردستان و ئه نفاله مه رگیان ده كات و مه رگی كیمیاویان به سه ر داده باریٚنیٚ ؟

٥- « ململانی ئابوری ئه وروپا.......»

پرسیار: ئایا بیر له وه كرابوه وه ، كه دامه زراندنی بلۆكی ئاسایش و هاوكاری ئه وروپا و یه كیٚتی ئه وروپی ، رونتربلیٚن گۆرانكارییه ئابوری وكۆمه لاتییه كان له ئه وروپا چ كاردانه وه یه كی ده بیٚ له سه ر باری كوردستان ، به تایبه تی هه ر له حه فتاكانه وه ؟ تاكه ده وله تیكی وه ك فره نسه كه به رژه وه ندی یه كجارمه زنی به ده وله ته داگیركاره كانی كوردستانه وه هه یه به ره دوام له په ره سه ندن دایه به هۆی بونی پترۆل و زۆر خامه ی تر له كوردستاندا ده سته به رداری ئه و رژیٚمانه نابیٚت ، به هیوای بزووتنه وه یه كی پچرپچری بیٚسه روبه ر كه له كوردستاندا هه یه ؟

٦- « نه ریته كانی توركیا ......»

پرسیار - ئایا بیر له وه كرابوه وه ، نه ریتی فاشیانه ی توركه كان كه له وپه ری درندایه تی و به ربه ری دایه { هه تا لینین له كاتیخۆیدا سه ربازه كانی قه یسه ر كه له راپه رینی ١٩٠٥ ده ستریٚژیان له جه ماوه ركرد ، له درندایه تی و بیٚزه یی به ژندرمه ی تورك ده چویٚنیٚ ! } ده بیٚته سیمای گشت له شكره داگیركاره كانی كوردستان ، جیاكردنه وه ی منالٚ و دایك و باوك له یه كتری وئه تككردن .... به ئامانجی خاشكردنی وره ی به رگریكاری مرۆڤانه ؟

پرسیار: به ئه وروپا كردنی توركیا و هه ولٚدان بۆچونه ریزی بلۆكی ئاسایش و هاوكاری ئابوری ئه وروپا، لایه نگیریكردنی ته واوی به رژه وه ندییه كانی خۆر ئاوا ، گه ربیٚتو توركیا وه ك ئه ندامیكی ئه و بلۆكه وه رگیردریٚت ئیتر گرفتی

رزگاریخوازی کوردستان چیتر له ئه وروپا جێی نابێته وه ، چیمانکرد بۆئه وه ی ڕێگه ببه ستین له و ته قه لایه ی تورکیا ؟

٧- « بوونی نه ته وه ی عه ره ب .... »

پرسیار: ئایا توانرا بنچینه یه کی خه باتی هاوبه ش له گه ڵ عه ره ب به گشتی ده گه ڵ بزووتنه وه ی نیشتمانی گه لانی تری هاوخه بات بهێندرێته کایه وه ، چیکراوه بۆئه وه ی پشگیری ته نیا یه ك تاکه ده وڵه تی عه ره بی به دڵنیاییه وه مسۆگه ربکات ؟

به ڵێ هه موو ئه و رستانه ی مینورسکی وه ك بۆچونی یه کجار له جێ و له بار له کۆتایی باسه که یدا تۆماری کردووه ، هه ریه ك وبه پێی پلانی خۆی و به سود و به رژه وه ندی داگیرکارانی کوردستان له کاریگه ری و به ڕێوه چونن ، چونکه له راستیدا بۆچونه کانی مینورسکی ئه گه ر له لایه ن رامیاریستی کوردستان خوێندرابنه وه ش ، له و ده دێڕه ی دواین ته نیا دێڕی کۆتاییان له گیرفان ماوه ته وه ! بێگومان چونکه بۆ بازرگانی کردن ده ستده دات ، به لام بۆچونه که به گشتی و تێکڕا له گه ڵ ئه و رسته یه دا رواڵه تی بازرگانی کردنی پێوه نادا به ده سته وه ، هه ر هه مووی پشتگوێ خراوه ، یا چاکتروایه بڵێن له بیرکراوه ، چونکه پێویستی به بیرکردنه وه یه ، ئه وه ش ئه وه مان بۆ ده سه لمێنێ که بیری رامیاریستی بازرگانیکار ، جێگه ی زانستی دبپلۆماتی تیا نابێته وه .

لێره وه دووباره ده گه ڕێنه وه سه ر رسته که ی مینورسکی « ئه و گرفته گرنگترینی ئه و گیر و گرفتانه ده بێ که به ره نگاری داهاتووی خۆرهه لاتی ناوه ڕاست ده بێته وه » ده پرسین :

ئایا ئیمڕۆ ئاماده ین به شێوه یه ك له شێوه کان به بێ خۆهه ڵخه ڵه تاندن بیرله وه بکه ینه وه که وه ختی ئه وه هاتووه گرفتی هاوولاتیانی کوردستان گرنگترین ئه وگیروگرفته بێ نه ك رووبه رووی خۆرهه لاتی ناوه ڕاست به لکو رووبه رووی جیهانیشی بکه ینه وه ؟؟

ئالێره وه ! له و سه ره تایه وه هه نگاوی نه وه ی نوێ ده ست پێده کات سه ره تای پێهه ڵگرتنی ده جولێنێ ، تانه بێنه پاشکۆی هه موو بزووتنه وه کانی جیهان ، بۆئه وه ی سه رکه وتن مسۆگه ربێت ، پێویسته له سه ردوو ئاست ، ئاستی کوردستان و ئاستی جیهانی خولبخۆین ، له لایه ك پشگیری ته واوی هێزه پێشکه وتووخوازه کانی جیهان له ڕێگه ی خه باتی ئاشتیخوازانه و جموجۆڵی هاوبه ش مسۆگه ربکه ین ، بۆ هه موو لایه ك ئه وه رونکه ینه وه که چاکترین چاره سه ر ، به لکو ته نیا ڕێگه ی چاره سه ری ئه و گرفته ی رووبه رووی جیهانی ده که ینه وه ، ئه وه یه له شکره داگیرکاره کان له کوردستان بکشێنه وه ، له لایه کی تریشه وه هاوولاتیانی کوردستان ئاماده که ین له ڕێگه ی هه ڵبژاردنێکی دیمکراتیانه وه نوێنه رایه تی نیشتمانی هه ڵبژێرێت ، ده سته یه کی ئه م نوێنه رایه تیپه ده سه لاتی ده وڵه ت پێکبێنێ وفرمانڕه وایی کوردستان بگرێته ده ست ، هیچ ڕێگه یه کی ترمان له به رایی نییه ، گه ر له و قۆناغه گوازتنه وه جیهانییه له و دووئاسته دا خه باتێکی یه کگرتوو نه که ین ئه وا ده رگای رزگاری له روماندا به داخراوه یی ده مینێته وه .

هه ڵبه ته دیاره ئه م هه نگاوه پێویستی به پلانێکی فراوان و پته و هه یه که ده کرێت به کورتی هه ردوو لایه نی له م خالانه ی خواره وه کوکرینه وه :


جقاتی نیشتمانی کوردستان
کۆنگرەی نیشتمانی کوردستان
کۆمیتەی ئاشتی و پێشکەوتنی نیشتمانی کوردستان
ڕێکخراوە جەماوەرییەکانی کوردستان
یەکێتی یەکان + کۆمەڵە پیشەییەکان
کۆڕی زانیاری
یەکێتی ڕۆژنامەنووسان
یەکێتی نووسەران
سەندیکای کرێکارانی کوردستان
یەکێتی ژنانی کوردستان
یەکێتی گشتی قوتابیانی کوردستان
یەکێتی مامۆستایان
یەکێتی ئەندازیاران
یەکێتی پارێزەران
یەکێتی پزیشکان
یەکێتی هونەرمەندان
سەندیکای جوتیارانی کوردستان
کەسایەتی یە نیشتمانیە دیارەکان
کۆمیتەی بارودۆخی جیهانی لە کوردستان
جقاتی پاسادانان
جقاتی بەجێگەیاندن
کۆمیتەی گشتی
ڕابەرایەتی پەیوەندییەکان
نووسینگەی ڕامیاری
نووسینگەی پەروەردە
جقاتی سەرپەرشتی کردن
سەرۆکی جقاتی بەجێگەیاندن
نووسینگەی چاپەمەنی
نووسینگەی هونەری
مالی نیشتمانی کوردستان
مالی بەرەی ڕزگاریخوازی کوردستان
ڕێکخراوەکانی ڕزگاریخوازی کوردستان
بەرەی ڕزگاریخواز
کۆمیتەکانی دەرەوەی کوردستان
کۆڕی بیروبۆچوونەکانی
کوردستان

ده کرێت به کورتی هه ردوولایه نی له و خاڵانه ی خواره وه کۆکرێنه وه :

١- پێکهێنانی جڤاتی نیشتمانی کوردستان ، تاکــــه نوێنه ری هاووڵاتیانی کوردســـتان به گشت نه ته وه و که مه نه ته وایه تییه کان و ئه و گروپانه ی که خاوه ن کلتور و داب و نه ریتی خۆیانن ، رۆڵی ســه ره کی دیپلۆماتی له ئه ستۆ ده گرێت .

٢ - کۆمیته ی پارێزگاری ئاشتی و پشتگیری نیشتمانی کوردستان ، کــــه پارێزگاری ئاشتی و پشگیری و کۆمه ك بۆ خه باتی ره وای نیـشـتـمـانـــی هاووڵاتیانی کوردستان مسۆگه رده کات .

٣ - به ره ی رزگاریخوازی کوردستان ، نوێنه ری رامیاری جـــــه ماوه ری خه باتگێڕی کوردستان ده بێت ، کاروباری رامیاری و به ڕێوه به رایه تی له سه رتاپای کوردستان وه ئه ستۆده گرێت .

بنکه ی سه ره کی ئه م رێکخراوانه له ته واوی پارت و رێکخرا و ئۆرگا نـه پیشه ییه کان و یه کێتی و کۆمیته کان پێکدێت ، که ره گ و ریشــــه یان ده کشێته نێو ته واوی جه ماوه ری شۆڕشگێڕی کوردستان ، ئه و جه ماوه ره ی ته نیا هێزه هه ڵگری شوناسنامه ی بزووتنه وه ی رزگاریخوازی خۆیــه تی تاکه وزه یه که له توانای دایه به رپه رچی پیلانه کانی ، تاڵانکردنی ئابـوری ململانی رامیاری ، په لاماری سه ربازی ، شێواندنی کلتوری ، شـــۆراندنی سایکۆلۆژی بداته وه .

ئه ی نه وه ی نوێی ! رووه و چه رخی بیستویه ك !

هه ڵه بجه زه نگی پڕ زرینگه ی بالاترین هاواری ژێرده سته و چه وساوه کانی کوردســـــتانه ! بوه قوربانی ئه و په خشانه دواکه وتووه ی رامیاریسته سه رمازیله کانی ئه م سه ده یه مان !

نه که ی ته زووی به زه یی پێداهاتن به مێشکدا ، به ویژدانتدا بڕکات و بڵێی بــــــا هه ڵه بجه ش به راگێڕی ئه و ئۆتۆنۆمیه ی بورژوای شپڕه لێدراوی کوردســــتان بێت ، چونکی ئه وانه گه ر کوردستانیش به راگێڕیان بێت سه ریان هه ر ئه و سه ره مازیله یه که سه ری سوڕده مینیٚ چـــۆن خوا کلاوی به سه ری به ڕوو ره وادیوه و تاجی سه رکه وتن به سه ری مازیله ی ئه وان ره وا نابینیٚ !

هه ڵه بجه ....... هه ڕه شه یه ! له نه وه ی نویٚ !

هه ڵه بجه ....... هه ڕه شه یه ! له بیٚ دبپلۆماسیه تی بزووتنـــــــه وه ی رزگاریخوازی هاووڵاتیان و ئازدی نیشتمانی کوردستان !

هه ڵه بجه ....... ! په یکه ری شه هیدێکی بــــــالا به رز و مه زنه ، ره گی له ناخی گرفتی ره وای ژێرده سته و چه وساوه کانی کوردســــتانه ، سه ری سه رفرازیشی له که شکه لانی ئاسماندایه !

چاوی بڕیوه ته نه وه ی نـویٚ و به هه ردوو ده ســت ئالای ره نگینی خۆرتیا هه لاتووی کوردســـــتانی به رز هه ڵکردووه له ناخی ئه و خۆره شدا ئــه و نه خشه یه ده خوێنیته وه :



هەواڵنامەی کتێب

ته نیا له جغزیکی ئاوادا ده توانین دیمکراتییه تی بیسنور و دژ به ئــاژاوه مسۆگه ر بکه ین ، ته نـــی له بازنه یه کی ئاوادا ده توانین به رپه رچی داگیرکردن بده ینه وه ،ته نیا له و بواره دا ده کریت خه باتی نیشتمانی و چینایه تی به یه که وه کاریگه ربن،له پیناو هینانه دی کۆمه لگه یه ك ، کـه چوارچیوه یه کی یاسایی خۆی ه بی و خاوه ن قه واره یه کی دیارکراو بیت ، نوینه رایه تییه کی هه بی له سه ر ئاستی جیهانی و نیشتمانی و چینایـه تی په سندکراوبیت ، بۆ هینانه دی ئه م ئامانجه هه موو شیوه کانی خـــه بات په سه ندن ، به و هینده ی ئه وه ی گرفته که گرفتیکی مرۆڤانه ی ره وایـه هه روه ها شیوه کانی خه باتیشی ره وان .

سه رکه وتنت گه ره که :

« ده بی تیرت بی قه لغان بری ، قه لغانت بی تیر نه بری ! »

١٩٨٨/ ٧ / ١٢
مۆســـــکۆ
ریباز محیدین

# ئەفسانەی قەلای ئاگرین

**بەشی پێنجەم**

هەواڵنامەی کتێب

.لە کاتێکدا جیهان لەسەردەمی ئازادی گەلاندایـــە و بەبێ وەستان بەرەو پێشەوە هەنگاو دەنێ . . . . . . . .
دوژمنانی ئازادی کورد و کوردستان بە پێویستیان زانی گەلی کورد پێش بەمەرجی هەنگاوێ بەرەو دواکەوتن . . . بەشداری بکەن . . . بەشێوەیەك هەروەك نەبێت ، لەوانەی دۆستی دووژمنی مێژوویی چەوساوەکانی کوردستانن بـــۆ ئەم نابەشداری‌یەو ئەم هەنگاوە ← !!! پاشەو پاشـــە کۆبوونەوەو ئەنجومەنێکیان پێکهانی بەناوی ئەنجومەنـــی ئۆتۆنۆمی ' A.O ' ـ ئـــە ئـــۆ ـ کە بەم ناوە لـــە کوردستان ناوبانگی زراوە .
راستیێ کەدەبێ هەموو خەلکی پێی بزانن ئەوەیە کە چارە نوویسی هەر ئەنجومەنێکی ئۆتۆنۆمی لە کوردستاندا . . .
هەرگیز لەم چارە نوویسەیان بلنتر نابێ . . . بەلکو ئـــەم جارەیان لەچار داهاتوو . . . داهاتوویشیان پاشایەتی دەبـــێ لەچار کۆتاییان !!!!!!!!!

ریژنە

به ڕێوه به ری به رێز که دیمه نی میوانه کانی بـــه م شپرزه ییه وه بینی ، دواهه نگاوی مابوو بگاته به رده م مێزه که ی پارێزگار ، لێدانی دڵی سه رکه وت زمانی شکا ..... له ناکاو وه ك هه ر جوجه ڵه یه ك که گه رمای تۆقێنه ری هاوین کاری خۆی تێبکات ..... ئاره قه یه کی زۆری ده ردا .......چاوی زه قتربوون و گوێ قوچتر بوون ! د دانه کانی له جیڕه وه چون ! موی سه ری وه ستا ...هه ژا .... هه ژا .... پاشه ری شکا ، ته په ی لێوه هات ، که وته خواره وه .....گرم ... بۆ سه رمێزه که ی سه رۆك ئه نجومه ن و پـــارێزگار .... ته له فون و په رداخ و پێك ، هه ر یه ك به لایه کدا په ڕی .... ئه وه ی پژا ئه وه ی به سه ر به رێزاندا رژا .... چه ند سکرتێرێك ..... رایانکرد.. هه ڵیانگرته وه .... لاشه که یان ، له سه ر زه وی راکشان .... فانیله که یان له به ردادڕی ، زنجیری پانتوڵه که یان هێناخوار ... ئـاو نه بوو بیبسی کوڵای کولاویان به سه روچاویدا کرد .... بێهوش بوو .... وێسکی وایتهۆرسیان به به رلوتیدا .... بێسودبوو .... باره که ناهه موا بوو .... بـــه ژوری ئۆکسجین یش راناگات ! مامۆستاش پێڕانه گه یشت یاسینێکی بـــۆ بچڕێ! ئۆخه ی هه ر ئاواتان ببینم ..... ئێوه بڵێن نه خشـــه له هـــه موویان .... خواله زارتان بنۆڕێ ، نه خشه له وانه و هه رچی به ته ماشه جێگه یان بگرێته وه ده بڵێن ئامین !!! ئامین .

سکرتێره کان خه ریکی رێکردنه وه ی مێزه که بوون ، ته له فونه که یان خسته وه به رده می پارێزگاری به رێز ، ئه مین عامی ئه وقافی به رێز کـه به یاسینی خوالێخوشنه بوو رانه گه یشت ، ده ستی دکتوری گرتبوو هێنایه سه رلاشه که ی به ڕێوه به ری خوا لێخوشنه بوو .... تالێدانی دڵی بگرێت ، به رێز سه رۆك ئه نجومه ن به م کاره ساته هێنده ی تر پـــــه ی گه رمای بـــه رزبوه وه {ئه نجومه ن و میوانه کانیش هه روه ها } سه رۆك ده ستی بردوو فانیله که ی له به رخۆی کرده وه ، { ئه وا نی تریش هه روه ها } ئه وجا به رێزیان پرسی :

- ماوه ...؟

دکتۆر فانیله که ی له سه روگێلاکی ئالابوو .... پێیدانه ده که ندرا ، ئـه مین عامی ئه وقاف که بێکاربوو ، که وتبوه فریای ... دکتۆر له ژێر فانیله که یـه وه هاواری ده کرد :

- نه خێر ..... نه خێر .... ئێوه خۆشبن .... گه وره م ئێوه خۆش ....!

ئه مین عامی ئه وقاف گیروده ی فانیله که ی دکتۆر بو ، فاتیحه و ماتیحه شی له بیرچۆه وه ، سه رۆك ئه نجومه ن به خۆو هورگی زلی که به سـه ر قایشی پانتوڵه که یدا شۆڕببوه وه ، فه رمووی :

- باشه فرمانی له کار ده رکردنی ، له برواری ئیمڕۆ به یانییه وه بنوسن ! بیخه نه فایلی تایبه تییه وه ، باکه سیکی تر له مردنی جوجه ڵه کان تاوانبار نه بێ !

به رێز جێگری به ڕێوه به ری خوالێخۆشنه بوو، بۆئه وه ی خۆی باشتربناسێنێ وه لامی قۆزته وه ، خۆی داهێنایه وه ، ووتی :

- وابزنم ئێسته بیبه ین و له یه کێ له هۆله کانی داکردن ده رگای له سه ر داخه ین ، ئه گه ر کاره باش نه یه ته وه تا به یانی هیچی لێنایه ت !؟

سه رۆك ئه نجومه ن ، وه ڕسی گه رمابووده سته کانی شلبوون ، باوه شێنه که ی دابوه ده ست سکرتێره که ی { ئه نجومه ن و میوانه کانیش هه روه ها } بـــۆ

ئه وه ی پترله ژیری و زیره کی جیگری به ریوه به ری خوالیخوشنه بوو دلنیابی
پرسی :
- ئه ی خیزانه که ی ؟
جیگری به ریز دووباره داهاته وه و به بی سیودوولیکردن ووتی :
- قوربان .... ئه مه یان هه رگرنگ نییه ... ئا ئیستا ته له فونیان بوده که م پیان راده گه ینم که سه روکی فه رمانده به ته له فون .... خوی له به غداوه داوایکرد ! به کوپته ر به ریمان خست و به یانیش هه ربه کوپته رده گه ریته وه ! وابزانم لاتان روونه ...... ئه وه دکتوریش خوی لیره یه و ئاگاداره و ئه زانی راپورته که ی چون ده نوسی، خویشی هه ر نه خوشی دلی هه بوو !
سه روك ئه نجومه نی به ریز که سه روکوته لی ئاره قاوی ، لــه فوتبولیکی ناوچلپاوی ده کرد{ ئه نجومه ن ومیوانه کانیش هه روه ها} یه کدووجار هینایی و بردی ... ده می هه رله و شوینه ی که چوپی تیده هاون وه کچون قه یتانه که ی بکریته وه و داوه کانی بپسی و به ده نگی که له فــش بونــه وه ی ده کرد ، فه رمووی :
- ئوووف ...... ئوووف .... هه ر له خوتان دی جیی بـــــه ریوه بـــه ری خوالیخوشبوو بگرنه وه !!
جیگری به ریوه به ری خوالیخوشنه بوو و به ریوه به ری نویی کارگه ی مریشك له سه رقسه کانی به رده وامبوو ، پیشنیاری کرد :
- گه وره م ... دوا پیشنیارم ئه وه یه ،کریکاره کانی له خومان نین ره وانه بکرینه وه ! به تایبه تی ئیمرو به هوی نه بونی هاتووچو به وه رانه گه یشتووین بیانگورین ، دوایش راستیتان ده وی ... ئه وه ی مریشك و جوجه له بی لـــه کارگه دا نه ماوه ، ماوه یه که بیکار دینوده چن !به لـــی راسته چه ند سه د جوجه له یه ك هه ن ... ئه وانیش له وانه ن که لـه ئـــورزدی یه وه کراون و به قورمیش کارده که ن ، بوکاتیکی وا ، یا بو وه رگرتنی فلیمی تـه لـــه فزیونی به کاردین ، دوای ده خرینه وه کارتونه کانی خویان ! ئـــــه م ئه رکه ش چه ند کریکاریکی باوه رپیکراوی حیزب ئه نجامیده ده ن .... جاوابزانم بچم به ریان بکه م باشتره !!
به ریز ئه مین عامی ریگاوبان که له په نجه ره که وه ته ماشای ده ره وه ی ده کرد چاوی به دیمه نی ئه و خه لکه که وت ، ئه وئاگره ی که له وسه ری ده شته که وه ده سوتا...که ماشینه کانی تیدا کومه ل بوو ، تازه شالاوی به رزده بوه وه و گری ده سه ند ... یه کسه ر هه ستی کرد میزی دیت ! که ویستی قسه بکات هیزی زالبونی به سه رخویدانه ما ، پیشنیار و میزه که ی تیکه ل به یه ك بوون له گه ل ئه وه ش تا دوا دلوپ به رده وامبوو :
- راسته گه وره مشووو.....رر.....ره نگه مانه وه یان ببیته هوی بیزاری ...شووور ...هه ستی ئه وخه لکه شیان کردووه که له ده ره وه نشووور.... گه ر ته له فون بکه ن چه ند کوپتیه ریك هیزی تایبه تیشوور.... بو کارگه بیت شوور...ر ، ماشینیش ناگات واچاکه ...شوور کلاپته ری ئاگرشورکوژانه وه شو نه وتش له که رکوکه وه س دوابکه ن { ....... } !
پیشنیاری میزاوی به ریز ئه مین عامی ریگاوبان ، به تایبه تی باسی ئاگره کــه ، هه موویانی هه ژان ، دیمه نی ئه مین عامی به ریزیش هه رخوی هانــــده ربوو ، میوانه به ریزه کان ، له پیشه وه یان سه روك ئه نجومه ن به سه ر له قاندنیکی

میوانه به رێزه کان ....له پێشه وه سه رۆك ئه نجومه ن ، ئه نجومه مه نیش هه روه ها به سه رله قاندنێکی تێکه ڵ به شوروهۆڕی میزه وه ! پێشنیاره کــه په سه ند بکه ن ، سه رۆك ئه نجومه نی به رێز ره پێ بوو ، به پێ خاوسی به پاشۆڵی ته ڕه وه سه ر کورسییه که ی که وت ، ئه نجومه نیش هـــه روه ها ، جێگری به ڕێوه به ری خوالێخۆشنه بوو تێنی هاتێ و یه کجار ته نگاو بوو ، هاواری کرد :

- گه وره م هـاتنی کۆپته ر و هێزی تایبه تی دڵنیامان ده کات که به ڕێوه به ری خوالێخوشبوو ، سه فه ری به غدای کردووه ، کۆپته ری ئاگـر کوژاندنه وه ش نه گات هه مووممان لێره وه ك مریشکی له بیرکراوی ناو ته نــور ده بینه خه لوز « کوا بۆ ئه ورۆژه ی خۆڵه مێشیشتان له دوا به جێ نامینێ ، ئامین ئێوه بڵێن نه خشه له وانه ش بێ ده یانه وێ جێان بگرنه وه » بۆیـه تکامان وایه ئه م ئه رکانه به په له ئه نجام بدرێن ، من خۆم ده چم کرێکاره کان ئیزن ده ده م ، تکام وایه به رێزتان تازووه ته له فون بکه ن جێگری به ڕێوه بـه ری خوالێخۆشنه بوو رایکرد ... خۆی به مێزه که ی ناوه ندی هۆڵه که دادا ، مێز به سه ر کاشیه کاندا خزی ، شوشه ی وێسکی وایتهۆڕسی له بیرکراو ، کۆڵای شله تێن به فری تواوه ی ستڵه بچوکه کان که به رگه ی خوله کێك گه رمای ئه و رۆژه ی نه گرت ، به وناوه دا رژا ، بۆنی وێسکی هه ر له خۆیه وه پیــاوی گێژده کرد ، له به ر هورده شوشه و پارچه شیشۆق که س نه ی ده وێرا پــێ به زه وییه وه بنێ ، جێگری به رێز هه ڵسایه وه به پاشۆڵ و پانتۆڵی تـــه ڕ وێسکی و کۆلا و ئاره قه و خوا ئه زانی چیتریشی پێدا ده چۆڕایه وه ... هــه ر له سه ی نێو قوڕاوی ده کرد ، ده ستی کرده راکردن و هاواری ده کرد :

- به رێزم ..... زوو ته له فون بکه ن !

به ره و هۆڵی کۆبونه وه ی کرێکاره کان ، به گۆڕه پانه که دا رای ده کرد ، چه ند فه رمانبه رێك و خۆفرۆشێکی به ناو کرێکار و به پیشه جاشه عبی به دواوه ی بوون ....

سه رۆك ئه نجومه ن له به ر هورده شوشه نه ی ده وێرا له سه ر کورسییه که ی بێته خوار.... ئه نجومه نیش هه روه ها ، ناچار زاربیسته که ی هه ڵگرت و له سه رچینچکان به سه رکورسییه که وه وه ك مریشك هه ڵنشت ، پارێزگاریش هه روه ها ، ئه میان خه ریکی که رکوك و ئه ویان له گه ڵ سه ربازگه ی هه ولێر گیری خواردبوو، له گۆشه ی ئه و سه ری هۆله که ش ئه مین عامی رۆشنبیری به خوێی و گۆره وی و پانتۆڵی که له ئاره قه و میزو شتی تر شلپه ی ده هات ، له لایه که وه خه ریك بوو ، ژماره له سه ر ژماره بازنه کانیان ده چه رخاند ، بێوه ستان ، ماوه یه کی پێچووو وه لام نه بوو ، به ڕێوه به ری ئاسایش کــه سه یریکرد هۆله که چیتر تووڕه ی و ته نگاوی به خۆیه وه ناگرێت ، قاچــی داگرت و له پێڵاوه که ی په ستی ، دووپشکێکی شوشه پێیه وه چزا ، هاواری لێ هه ڵسا به ئاخوئۆف پێی کێشاوه ، خوێن چۆڕه ی ده کرد ......... پیاوه کانــی به ڕاکردن لێی کۆبونه وه ، قۆڵی کراسێکیان دادڕی و برینه که یان پێچایه وه ، تا ئه وان له و ئه رکه نیشتمانیی بوونه وه ، سکرتێره کان خه ریکی پێـــڵاو پشکنین بوون ، له ناکاو پلاسته ی هه ولێر هاته خه ته وه :

- هه لۆ .... هه لۆ .... { ده نگی کچێ بوو }

هه رسێ به جارێ هاواریان کرد ...........

- سەرۆك ... ئەمین عام .... ئەنجومەن .... پارێزگارە !
- قوربان پەلە مەکەن ، لەسەرخۆ، پشوتان بۆ هەرئێستا { دەنگی کوڕێ بوو}
- هەرسێ بەجارێ تێیان هەڵکردەوە ...
- وەختی .... مووەکتە ... ئەوە نییە !
- قوربان وابزانین بەغدایە و کارگە داوادەکەن ، هەڵبەتە دەبێ کارێـــــکی گرنگیان هەبێ ، دوورنییە سەرۆکی فەرماندە خۆی بێ { دەنگی کچێ بوو }
هەرسێ بەجارێ هاواریان کرد ..
- باشە ... زێن .... بەلام ... ئەرجوکوم... پەلە بکەن !
- قوربان ئەوەها چۆن کار مەیسەر دەبێ ، تکایە پشوتان هەبێ هـــەر ئێستا { دەنگی کچە بوو }
سەرۆك ئەنجومەن کە گەرما داخی دەکرد ، لەداخی تەلەفونەکـــەش خەریك بوو تەواو بێ ، هاواری بەڕێوەبەری ئاسایشی کرد :
- بەرێز بەڕێوەبەری ئاسایش تکام وایە هەڵکی تۆکی داوابکەن ، تکا دەکەم پەلە بکەن ؟
ئاگرەکە ماشین بەدوا ماشینی هەڵدەلوشی ، مەشخەڵی بەرەوتاقی ئاسمان بەرزدەبوەوە ، بەڕێوەبەری ئاسایش رووی کردە پیاوەکانی و فەرمووی :
-ویستم خۆم بچم ، بەلام دەی برۆن بەزوترین کات ماشینەکەم لەبەردەگەیە بیهێنن ، ئەگەرنا هەڵکی تۆکییەکەی بچکڕن و پاترییەکەی دەرکـــەن و بیهێنە ئێرە !
پیاوە پیاوخۆرەکانی جەنابی بەڕێوەبەری ئاسایش ، لەچونەبەردەرگـــە زراویان رژابوو، بەلام بۆئازایەتی چەند جاشێکیان بەدوای خۆیاندا و بەپەلە رۆیشتن ، لەودیودەرگاوە پۆلیس وجاش وجاششەعبی دەوریان لە ماشینەکەی جەنابی بەڕێوەبەر دابوو ، پیاوە پیاوخۆرەکە بەهەنگاوی ئەبووعودە ییانە تا نێزیك دەرگاکە چوو ، هیمای بۆکردن دەرگاکە بکەنەوە و ماشینەکـــە بۆ ژوورەوە پاڵدەن ، جاشەکان خەریکی ماشینەکە بوون هەستیان کـــرد بەسوکی بەرەو دەرگا رۆیشت ، لەوسەرەوە تەوژمێك هات ، پاڵە پەستۆ ئەم ناوەشی گرتەوە ، بەماشینەکە رانەگەیشتن ، لەسەر رێگا باریکە کاشی کراوەکە لانسی وەرگرت ، شوفێرەکە لەو پاڵە بەهێزە شێوا .....
..... ماشین بەهۆڕن لێدان خۆی بەدەرگا دادا و تا نـــــاو کریدۆرەکە نەوەستا ، دەرگە لایەکی بەسەر ماشینەکەوە بوو لایەکی لـــــە ژێر ماشینەکە دابوو ، شوفێری بەرێز پڕی دەموچاوی هوردە شیشۆلق بوو ، خوێن بەسەرو کەلەیا .... دەستودەمیا هاتە خوار ، هەرلە ماشینەکدا لە هۆش خۆچوو ! لەو لاوە جاشەکان بەلوشکە وەشاندن و هاتوهاوار دەرگاکەیان داخستەوە ، یەکێکیان کە بەدوای ماشینەکەوە رایدەکرد .... بەهاوارکردن ....هۆپ .... خۆی بۆ نەگیرایەوە تا بەردەمی بـــە ڕێوەبەری ئاسایشی بەرێز ئیستاپی بۆ نەگیرا ، بەشپرزەییەوە ووتی :
- گەورەم ماشینەکە لەکریدۆرەکەیە ......!!
بەرێز بەڕێوەبەری ئاسایش بەلنگەشەلی بەرەو کریدۆرەکە کەوتەرێ ، جاشەکان خەریکی شوفێری هاوەڵیان بوون ، بەپەلە لە ماشینەکە دەریان کێشا ، کشاندیانەوەئەولا ، بەڕێوەبەری بەرێز بەجوێندان و هەڕەشە کردن هۆکی تۆکی راکیشایە دەرەوە ، بەپەلەکەوتە بەکار خستنی ، لەوکاتەدا

هۆكی تۆكی راكێشایه ده ره وه ، به په له كه وته به كار خستنی ، له و كاته دا سه رۆك ئه نجومه ن و پارێزگاری به رێز و ئه مین عامی رۆشنبیری و لاوانی هۆشمه ند ، هه رخه ریكی ژماره چه رخاندن بوون ، به رێوه به ری ئاسایشی گشتی ده گه ڵ سه ربازگه ی هه ولێر ده رباره ی ناردنی كۆپته رو دابه زاندنی سه ربازه كانی هێزی تایبه تی وچۆنییه تی گه مارودانی كارگه ده دوا ، سكرتێری سه رۆك ئه نجومه ن به هه ڵه داوان له هۆڵه كه وه خۆی گه یانده به رێوه به ری ئاسایش و فه رمووی :

- قوربان كه ركوك ..... وا ده گه ڵ سه رۆك ئه نجومه نه .

به رێوه به ری ئاسایشی گشتی قسه كانی ته واوكرد ، هۆكی تۆكییه كـه ی دانایه وه ، گه رایه وه هۆڵه كه و له ده رگای هۆڵه كه وه سه رنجی سـه رۆك ئه نجومه نی دا ......خه ریكی قسه كردنه .... به تووڕییه وه هاوارده كـا ، ره فیق عه بدول غه فاریش هه روا به پاشۆریدا ده چۆڕێته وه .... به رده وام بازنه ی ته له فونه كه ده چه رخێنێ ، سه رۆك ئه نجومه ن هاواری ده كرد :

- چی بوو وه ڵام نه بوو ؟

- قوربان ته له فونه كه دامه خه ن ئه مه خۆیه تی لێده دات ، ره نگه سه رقاڵ بن ، ئێوه دایمه خه ن تا ئه وان هه ڵی ده گرن ، ئێمه وا خه تی كه ركوكمان كردۆته وه {ده نگی كچه بوو}

- باشه ... باش !

زه نگی ته له فونه كه له ژووره كه دا ده نگی ده دایه وه ، سه رۆك ئه نجومه ن له ئازاردا وه ك گاشه به ردی به كه له دا بكێشن وای ئازار ده بوو، لـه داخی گه رما و هه ڵاوی ئاگر و ده نگدانه وه ی زه نگه كه وه ختا بوو بته قێ چركه بـه چركه له كه می ده دا ! لێوی خۆی ده كرۆژت و قاچی له چڵكاوی سه ركاشییه كه وه رده دا و سه د خۆزگه ی به ره فیق غه فاركات ! له وكاته ی هۆڵ خه ریكی ده ردی خۆی بو ، جێگری به رێزی به رێوه به ری خوالێخۆشنه بوو كراسێكی خاكی هاوه ڵ جاشێكی له خۆی هه ڵكێشابوو ! له پشت مێزه كه وه به پێخاوسی وه ستا بوو، كرێكاره كان به هات وهاوار و ناره زایی و غه ڵبه غـــه ڵب رژانه هۆڵه كه وه ...... جێگری به رێوه به ده نگێكی به رز و لـه رزۆك ـسه ره تا به پیا هه ڵدان و دوای به ئامۆژگاری و كۆتایی به هه ره شه كردن ـ ده ستی به قسه كانی كرد ....

پارێزگاری به رێز خه ریك بوو زاربیسته كه دانی و ته له فۆنه كه داخاته وه و هانابه رێته به ر به رێوه به ری ئاسایش و داوا له سه ربازگه ی هه ولێر بكه ن ... كه ركوك ئاگاداری مه سه له ی ئاگره كه بكه ن ، كه ركوك هاته خه ته وه و وه ڵامی دایه وه .....

- فه رموون كۆمپانیای نه وتی كه ركوكه !

سه رۆك ئه نجومه ن به په له فه رمووی :

- به رێوه به ری كۆمپانیا ...... سه رۆك ئه نجومه ن له هه ولێره وه !

له وسه ر یه كسه ر وه ڵامیان دایه وه :

- قوربان ته نیا خوله كێ وا له باخچه كه یه ، ئێستا بانگی ده كه م ، له ترسی فرۆكه له وێ شوێنمان چاكردون !

سه رۆك هاواری كرد :

- به زووترین كات !

- قوربان .... هه ر ئێستا ... هه ر ئێستا !
شرقه ی داخستنه وه ی ته له فۆنه كه له بن گوێی سه رۆك ئه نجومه ن هه ڵیكرد سه رۆك هاواری كرد :
- هه لۆ ..... پۆسته ... پۆسته !
- به ڵێ ... به ڵێ قوربان له گه ڵتاین { ده نگی كوره كه بوو }
- ئه و فه راشه بێمێشكه ته له فونه كه ی داخسته وه !؟
- قوربان ئێمه خه ته كه مان به ستووه ، خه متان نه بێ وا زه نگیان بۆ لێده ده ین خه متان نه بێ { ده نگی كچه كه بوو }
گزه گزی ......ته له فۆنه كه ....كزه كزه كزی چاوه نواڕی له گیانی سه رۆك هه ڵده ستاند ! له هۆڵی كۆبونه وه شدا جێگری به رێز له سه ر وتاره كه ی به رده وام بوو :
- به ڵێ ئیمڕۆ پتر له پێویست ماندوبوون ، ئیمڕۆ سه لماندتان كه ئێوه به راستی رۆڵه ی به وه فای سه رۆكی فه رمانده ن ، سوپاسی سه رۆكی فه رمانده و سه رۆك ئه نجومه نی ئۆتۆنۆمیتان پێشكه ش ده كه م ، به راستی ئه وه ی ئێوه تائیمڕۆ له پێناو پتركردنی به رهه م و به جێهێنانی فرمانه كانی سه ركردایه تی ئه نجامتان داوه نرخی یه كجار زۆره بێگومان بن سه ركردایه تی له بیرتان ناكات !!
بێده نگییه كی پرسام و بێوه لام له هۆڵه كه دا ده زرنگایه وه ، جێگری به رێز لیستێكی كرده وه ...... ده ستی كرد به خوێندنه وه ی ناوه كان ، یه ك به دوا ی یه ك و به په له ... ئاگر له رێزی ماشینه كاندا تاده هات گرێ ده سه ند ، سه رۆك ئه نجومه ن كه له شڵپاوی ئاو و ئاره قه و شتی ترادابوو... گه رما برستی لێبری بو ، ئۆقره ی لێهه ڵگرت بوو .... خه ریك بوو زاربیسته كه به كاشیه كه دا بكێشی ، هاواری لێهه ڵستا و له پڕ قیژاندی :
- منو..... سه یدولمودیر !
- نه عم ..... ئتفه ززه لوو !
- ره ئیس ئه له جلیس من ئه ربیل !
- نه عم نه عم .... ئتفه ززه لو ئه مر خدمه !
- ئه رجوووكم ئیرسال كۆپترات لیئتفاء بی ئه سر ع وه قت مومكین ئیلا ئه ربیل !
- ئه لعه فوو سه یدولره ئیس خێر ! ؟
سه رۆك به تیچاوی و به ترسه وه له په نجه ره وه سه یری ئاگره كه ی ده كرد و هاواری ده كرد :
- ئه رجووكوم .... ئه لحه ریق هائیل جد ه ن !!!
- ئه لعه فوو سه یدولره ئیس یا مه نتیقه من ئه ربیل ؟
- ئه ریق مه سیف سلاحه دین !
- سار سه یدولره ئیس هه سه راح نرسلهوم بیئه سره ع وه قت مومكن !
- ئه رجووووكوم .....
- ئه لعه فوو سه یدولره ئیس ، ئه رجوكوم ئه نته قفیلوحه تا نگدر نته سیل !!
سه رۆك ئه نجومه ن زاربیسته كه ی دانایه وه .
له كۆنترۆڵی پۆسته ی سه ره كی هه ولێر ، كچه كه و كوره كه ئاوڕییان له یه كتری دایه وه ، كچه ووتی :

یه کتری دایه وه ، کچه که ووتی :
- چۆن به ڕێوه به رێکی کۆمپانیای نه وت بوو !؟
هاوڕێ که ی وه لامی دایه وه :
- ئافه رین هاوڕێیان به راستی ئیمڕۆ به جۆرێ کارده که ن باس ناکرێت ، مرۆڤ ده گه ڵ ئه م جۆره هاوڕێیانه ئاماده یه بچێته رێگه ی شێره وه !
کچه که رووی کرده هاوڕێ که ی ووتی :
- زۆرچاکه خه تی هه ولێر و ده ره وه داخه ، ئیتر نه ی که یته وه ...
هاوڕێ که ی ده ستی به سۆکێته که وه بوو ، کچه که ده ستی گرت ، هه ردوو ته ماشای یه کیان کرد ، کچه که ووتی :
- تۆچی ده که ی مه یکه ره وه ، تکات لێده که م ، گه رماندووی تاوێ پشو بده ؟
هاوڕێکه ی به زه رده خه نه یه که وه ووتی :
- هاوڕێ خه مت نه بێ ! گه ر زانیم شتێ هه یه یه کسه ر ده ی پچڕم ....
جێگری به ڕێوه به ری خوالێوخۆشنه بوو .... دوا ناوی لیسته که ی خوێنده وه چاوێکی به هۆله که دا گیڕا :
- ئه وانه ی که ناوم خوێندنه وه ، ده چنه وه ماڵ ، تێده گه ن یانی چی ...... ده چنه وه ماله کانتان ، نامه وێ که س له و ناوه بمینێ بێگومان ماله وه تان ، مناله کانتان چاوه ڕێتان ده که ن ، دوایش ئێوه هه موتان ماندون ، بڕۆن پشوێ بده ن ، به کورتی نامه وێ سه ر بزێوی بکه ن ، ئه وی تێکه ڵ به و خه لکه ش بێت خۆی ده زانی چاره نوسی چی ده بێ ، تێگه یشتن ......!
غه لبه غه لبی کرێکاره کان و گرِه ی کۆپته ره کانی هێزی تایبه تی ، به یه که وه تێکه ڵ یه کبون ، له کاتێکدا جێگری به ڕێوه به ر گۆڕه پانه که ی نێوان هۆلی کارگه و میوانخانه ی به راکردن ده بڕی ، چه ند جاشێکیشی به دواوه بـــوو ، کۆپته ره کان نه وی ده بوون و نزیکی زه وی ده بوونه وه ، ژماره یـه کی زۆر له کرێکاره کان ، له هۆله که وه به دوای یه کدی ده رکه وتن ، به گۆڕه پانه که دا رایان کرد ، زه وی نێوان گۆڕه پان و ته لبه نده که یان بڕی ..... سێ ستونی ته لبه ندُه که یان یه خستن ، ته لبه نده که به لادا هات ، به سه ریدا ئاوا بوونــه نێو خه لکه که ، ئه وانی تریان له زه وی نێوان گۆڕه پان و ته لبه نـــده که دا که به دوای هاوڕێیه کانیانه وه بوون ، سه ربازه کانی هێزی تایبه تی که بـــه هه رچوار لادا بلاوبوونه وه ده وره یان ته نین .........له نێوان ته وقی لوله ی کلاشینکۆف و په نجه ی بێزه یی دڕنده کاندا گیریان خوارد ، هه وڵیان دا لـــه ئه فسه ره که بگه ین که ئیزندراون .......... بێسود بوو ، ناچاربوون لـــه ناوه ڕاستی زه ویه که دا له به ر خۆره تاو شالاوی دوکه ڵ و گه رما له شێوه ی بازنه یه کی مه زندا دانیشتن ، له ناوه راستدا چواریان به پێوه وه ستابوون ، لاوی بالا به رز و تێك سمڕاو به به رگی شینی کرێکارانه وه ، پشتیان دابوه یه کتری و شانیان لێکدی گیرکردبوو ، راستوچه پ ده ستیان خستبوه ده ســتی یه کدی ، ئه وانی تر به ده وری ئه م په یکه ره ریزبه ڕیز کۆڕیان به ســتبوو ، دیمه نێکی هونه ری وبیری پڕهێزی باوه ڕبوون ، له په یکه رێکی پۆلای زیندویان ده کرد له سه ر بنکه یه کی پۆلاینی هه تا هه تایی دا هه لسابێ و لــه وه ته ی ئه و خاکه هه یه ئه م په یکه ره شی تێدا راستبۆته وه !
له کۆنترۆلی پۆسته ، هه موو کاره کان ئاسایی بوون ، کچه که و کوڕه کــه به هه ردووکیان به رده وام ده ستیان له رێککردنی خه ته کان بوو، کچــه رووی لـه

هاوڕێ‌که‌ی کرد ، ووتی :
ـ سه‌ربازگه‌ی هه‌ولێر به‌رده‌وام ژماره‌ی به‌ڕێوه‌به‌رایه‌تی ئاگرکوژاندنه‌وه ده‌چه‌رخێنن !
هاوڕێ‌که‌ی زه‌رده‌خه‌نه‌یه‌کی هاتێ ، ووتی :
ـ لێگه‌ڕێ‌با هه‌ر خه‌ریک بێ ، ناوناوه بیخه‌خه‌تێکی هه‌ڵه‌وه ، با له‌گه‌ڵ خه‌ڵکی تێك هه‌ڵچێ ، ناوناوه‌ش بیخه‌خه‌تێکی هاوڕێیان .......... ئه‌وان ده‌زانن چۆنی وه‌ڵام ده‌ده‌نه‌وه !
کچه ، سۆکێتێکی ده‌ریهێناو یه‌کی تری خسته‌خه‌تێکی تره‌وه .....
ـ ئه‌وه چیت کرد ؟
ـ تۆگوێ بگره ، خستمه‌سه‌ر ژماره‌ی ماڵه‌وه‌مان ، گه‌ر باوکم بێ ، ئێستا تێر جوێنی پێده‌دا !
هه‌ردوکیان پێکه‌نین ، کوڕه ووتی :
ـ ئێستا باوکت ده‌ڵێ هه‌تا دوێنێ "هه‌ورامان" بوو ئه‌و جا نۆره‌ی ئه‌وه‌یه ببم به‌به‌ڕێوه‌به‌ری "ئاگر کوژاندنه‌وه"! جا له‌سه‌ره‌خۆ ده‌ڵێ....هه‌ڵه‌ی رۆڵه هه‌ڵه‌ی به‌خوا تاقه‌کچێکمان هه‌یه ئه‌ویش وا له‌ســـــه‌رکاره ، زرم به‌سه‌ریدا دایده‌خاته‌وه !
هه‌ردووکیان پێکه‌نین ، کچه ووتی :
ـ ئا ها گوێ بگره ، له‌کارگه‌وه‌زۆر به‌گه‌رمی ژماره‌ی ئـێـســتـگـــه ده‌چه‌رخێنن ، با بۆیان بکه‌ینه‌وه بزانین چی ده‌فه‌رموون ....
ـ هه‌ر ئێستا
له هۆڵه‌که‌ی کارگه‌وه به‌ڕێوه‌به‌ری نوێی کارگه‌که‌وتبوه هاوکاری ئه‌مین عامی رۆشنبیری ، ئه‌و ژماره‌ی ده‌ووته‌وه ، ئه‌میان بازنه‌که‌ی ده‌چه‌رخاند تا له‌ناکاو هاواری لێ هه‌ڵسا و به‌کوردی حیلاوی « گال » :
ـ ئیزاعه ...... های شنو ماکو ئه‌حه‌د ؟
ئاگره‌که تاده‌هات خۆشتر ده‌بوو ، فه‌رمانبه‌ره‌که‌ش به کوردی حیـــــلاوی وه‌ڵامی دایه‌وه :
ـ نه‌عم ئیتفه‌زه‌لوو !
نه‌کۆپته‌ر له‌که‌رکوکه‌وه هاتن و نه‌که‌سیش ده‌ی وێرا تخونی ئاگره‌کـــه که‌وێ ، دوکه‌ڵێکی ره‌ش یه‌کپارچه ئه‌و ناوه‌ی داگرتبوو ، سێبه‌ری به‌سه‌ر شاردا کشابوو ، ئاگره‌که به‌ره‌و شه‌قام ده‌هات !
ـ سار ساعه .... ماشایل ئیدی عه‌ل ته‌له‌فون ....
ـ ره‌فیق مو تعرف کول موزه فی ئیزاعه تالیعین ، حه‌تا سه‌ید ول مـــودیر ، عه‌لامود زیاره سه‌یدولرڕه‌ئیس !
گرموهۆری ته‌قینی تانکی به‌نزین له ریزی ماشینه‌کاندا وه‌ك به‌ردوومـان ده‌نگی به‌وناوه‌دا ده‌رۆیی ، ئه‌مین عام یه‌ك به‌خۆی هاواری کرد :
ـ مه‌فهوم ...... هه‌سه توه‌قفون ئه‌لبه‌س ، عیدنا ته‌قریر عه‌نل زیاره !
ـ نه‌عم ......!
گه‌رما خه‌ریك بوو داروبه‌ردی ده‌توانده‌وه ، کۆپته‌ره‌کانیش هه‌ر نه‌هاتن !
ـ هه‌سه تزیعوها...... بیل ته‌له‌فون !
به‌ڕێز سه‌رۆك ئه‌نجومه‌ن له تاوگه‌رما ودوکه‌ڵ و ئا و وئاره قه‌وشتی تریش ، قایشی پانتوله‌که‌ی کرده‌وه { ئه‌نجومه‌نیش هه‌روه‌ها } پانتوله‌که‌ی داکه‌نـــد

قایشی پانتوڵه که ی کرده وه {ئه نجومه ن و میوانه کانیش هه روه ها} به ڕێز سه رۆك ئه نجومه ن پانتۆڵه که ی داکه ند {به ڕێزانیش هه روه ها}
فه رمانبه ره که ووتی :
- نه عم .... ده قیقه وه حده خه لی ئه حه زر !
ره فیق غه فار نه ختی دواکه وتبوو ، به ده ستیێ قایشه که ی بۆ نه ده کرایه وه ، به ڕێوه به ری نوێ خه ریکی بوو .....
- یالا بیسورعه ئانی هه م ده ئه نزه ع !
به ڕێوه به ر خه ریك بوو پاتنۆڵه که ی بۆ ده هێنایه خوار ، ئه مین عامی به ڕێز ، زاربیسته که ی ئه م ده ست و ئه و ده ست ده کرد ، قاچێکی به رز ده کرد و ئه وه ی تری نه وی ده کرد .......
- نه عم ره فیق ئه رجووکوم هه سه ره فیق لا تسدوها .... ده ئه سه ویها ...
گه رما یه کجار بێ ئامان بوو ئه مین عام هاواری کرد :
- دی یه لا ئش سه ویت .....!
- ئا ها ئاهـ له حزه وه حده ، ره فیق..... سه ویتها !
- عافیه عه لیك !
- شوکره ن .... ره فیق تعزرنی های موشوغلی به س ماکو چاره !
- یالا مو موشکیله ....
- زێن هه سه ڕاح ئه قه دیمو ئه ڕجووکوم وه ڕایه ئتقه دیمون ته قریرکوم !
- یالا بیل عه جه ل .....
فه رمانبه ره که ی ئێستگه یه که م جاری بوو ڕووبه ڕووی مایکرۆفۆن بێته وه، بۆ ده نگێکی به رز گه روی خۆی پاك کرده وه ، هاواری کرد :
- ئستگه ی نارچـه ی نۆتۆئۆمی له هاوینه وه ، راپورتیك سـه رباره ی ده ردانه که ی ئیمرۆی سه رۆك مه نجومه نی مریشکان له مارگه ی نۆئۆتۆمی بڵاوده کاته وه .
ریکۆرده که ی خسته کار ، له ته له فونه که وه فه رمووی :
- ره فیق ئیتفه زه لوو به عد ده قیقه مین هازه ل مۆسیقا ......!!
ئه مین عامی به ڕێز قاچی به رز کرده وه ، لینگی پانتوڵه که ی به ده ست به ڕێوه به ره وه بوو ، له ده ستی به جێما ، ئه مین عام به ره و سـه رۆك ئه نجومه ن هه نگاوی نـا ، فـه رمان به ره که خه ریك بـوو زاربیست و مایکرۆفۆنه که ڕێکبخا ، سوێند ده خوارد له حه وزی مزگه وتیان ده رێناوه ، دڵی له سه ر سه دووبیست لێیده دا ، خۆی بۆ رانه ده گیرا ، هه ر ده گه ڵ ته واو بوونی کاره که ی چاوی تاریك داهات ، ده نگی تۆماره که ره که ی ده هێنایه خواره وه .... نه ی توانی رایگرێ ، کاره که ی ته واو نه کرد خۆی ته واوبوو ، ها ئێستـه ها سه دساڵه گیانی ده رچووه {نه خشه له هه موو گه وره کـانیشی بێ ، ئێوه بڵێن ئامین ! ئامین !} ، ئه م چه ند چرکه یه زۆرکاریگه بـوو ، کرێکاره که ی کۆنترۆڵ له پۆسته خه ته که ی پچکرێ و خستییه خه تێکی هاوڕێانه وه ، خه تێ کارگه شی به ژماره یه کی نه زانراوه وه به سـتـه وه ، له زاربیسته که ی خۆیه وه پرسی :
- هه ولێر
- به لێ
- پیرۆزه ی خوێنین !

– له به ره به یا نه وه به خاكمان سپاردووه !

– به زووترین كات راپۆرتێك ده رباره ی سه ردانه كه ........ ده خوێنه وه ، خه تان ئاماده به ده گه ڵ ئێستگه ی هه ولێر ، هه ر ئێسته ده ست پێبكه ن ، له هوله كه شه وه ، به رێز ئه مین عام له هه مانكاتدا زاربیسته كه ی دایه ده ست جه نابی سه رۆك ئه نجومه ن و فه رمووی :

– ئیحكی لیل ئیزاعه ، ویاك بیل ته له فۆن ، مومو‌هیم ئیحكی چه م كیلمه !

سه رۆك ئه نجومه ن بیریكرده وه كارله كار ترازاوه ، ناچاره یه كدوو قسه بكات ، زاربیسته كه ی وه رگرت و ده ستی كرده نه ڕاندن ، له سه رێكی كـــه وه ، ئێستگه ده نگی ده هات ، له رادیۆكه وه :

– ئیمرۆ ده وروبه ری نیوه ڕۆ سه رۆك ئه نجومه نی ناوچه ی ئۆتۆنۆمی "ئه ئـۆ" له ته ك ئه مینه ناعامه كانی ناوچه ی نا ئۆتۆنۆمی ، سه ردانه كه ی بۆ كارگه ی مریشكی هه ولێر ده ست پێكرد ، خه ڵكێكی یه كجار زۆری شـار له خۆفرۆشه مریشك خۆره كان... به دواوه ی به رێزیان ریزیان به ستبوو جه ماوه رێـكی زۆری شـــاریش بۆ سه یری ئه م كاروانه سه یر و سه مه ره ئامـــاده بون ، سه ردانه كه ی سه رۆك ئه نجومه نی به رێز بوه مایه ی خۆشی و كامه ڕانی ، دیمه نی ئه و كاروانه خۆشی خسته دڵی نه خۆشه كانی نه خۆشخانه ی كۆماری !

له په نجه ره و سه ربانه كانه وه به خێرهاتنی به رێز سه رۆك ئه نجومــه ن و هاوه ڵه كانیان كرد ، له ووتوێژێكی ته له فۆنی دا به رێز بـــه ڕێوه بـــه ری نه خۆشخانه پێی راگه یاندین كه وا { ده نگه كه گۆڕا } ته واوی نه خۆشــه كان ئمیرۆ هه ستیان به وه كردوه ته ندروستیان یه كجار چاكه و ده ردوو به لایان له سه رهه ڵگیراوه ، به م بۆنه یه وه هه ر هه موو یان ره وانه ی ماڵه كانیــان ده كرێنه وه ! ئه مه ش ده ستكه وتێكی مه زنه و رێگه والا ده كات له به رده م فراونكردنی راژه ی سه ربازه برینداره كانی جه نگی قادیسییه ی نا موباره ك ، كه له ژماردن نایه ن .....

ئاگره كه تاده هات گڵپه ی ده سه ند ..... خۆشتر ده بوو پله ی گه رما به رزتر ده بوه وه ، له هۆلی كارگه ی مریشـــك هه رایـه ك بو نـه بێتـه وه ، سه رۆك ئه نجومه ن یه ك به خۆی هاواری ده كرد ، خه ته كه ی به ژه مـــاره یـــه كـی نه زانراوی شاره وه به سترابوو ،، ئه فسه ره كه ی سه ربازگه ی هـــه ولێر هه رخه ریكی ژماره ی به ڕێوه به رایه تی ئاگركوژاندنه وه بوو ، رادیـــــوكه ش به رده وام راپۆرته كه ی پێشكه ش ده كرد ، ئاوازیكی موسیقا به ئاســـته م ده بیسترا .....

– هاووڵاتیانی به رێز كرێكاره كانی كارگه ی چنین له به رده م كارگه وه تا به ر ده رگای هۆلی میوانداری كارگه ی مریشك جوانترین مافوره كانی به رهه مـــی ئه م ساڵیان له ژێر پێی سه رۆكی به رێز و ئه نجومه ن راخستووه ، ئا پـــوره ی جاش و خۆفروشه كان ده یه ها وێنه ی سه رۆك و لافیته ی هه مه جۆریان به م بۆنه و بۆنه كانی رابردو و داهاتووش به رزكردووته وه ! لــــــه ووتوێژێكی ته له فۆنی دا ، به رێز به ڕێوه به ری كارگه ی چنین رای گه یاند { ده نگه كه گۆڕا } ئه م نه خۆشییه زیندو ومردووی شاری گرتۆته وه ، له قه برستانه كه ی نزیك كارگه وه چه ندین نوێنه ر هاتوونه ته پێشوازی سه رۆك ئه نجومه ن و میوان به رێزه كان ، ته واوی مردوه كان ده ستیان له گۆڕه كانیانه وه هێناوه ته ده ره وه ، به شداری به خێرهاتنی سه رۆك ئه نجومه ن و هاوه ڵانیان كرد ، لـه

ده ره وه و به شداری به خێر هاتنی سه رۆکی ئه نجومه ن و هاوه ڵانیان کرد له چاو پێکه وتنێکدا به ڕێوه به ری ئه وقافی به ڕێز روونی کرده وه { ده نگه که گۆڕا } به شایه تی هه موو مه لایه کان ، ئه مه رووداوێکی نا شه رعی نییه ، به لکو ئیراده ی خوا وای فه رمووه .....

ئا گره که به رده وام ته شه نه ی ده کرد ، گرموهۆڕی تانکی به نزین به رده وام بوو ، سه رۆك ئه نجومه نیش به رده وام ده ی نه ڕاند ، ئه فسه ری ئێشگر له کۆتایدا وه ڵامی وه رگرت « دوو ماشین له ئاسکی که له کن ، ئاو بۆ ئه ستێره که ی ماڵی پارێزگاری به ڕێز دێنن ، به فرمانی خاتوونی پارێزگاری به ڕێـــز ، دووشیان له قوشته په ن خۆتان ئاگادارن که له وناوه ده خڵێکی زۆر ئاگـری گرتووه ، دووشیان له ده مێکه وه له کارکه وتون و که س نازانی تایه کانیشیان چیان به سه ر هاتوه ، قوربان دووه که ی تریان له سه ر داوای به ڕێزان چون له کارێزی که سنه زان ئاو بێنن ! » سوری ته له فۆن و ته له فۆن کـــاری به رده وام بوو ، چاوه ڕوانی له گه ڵ ئاسکی که له ك ... قوشته په ...... که سنه زان ، له ئاسکی که له ك ده فه رموون وا به دوای به ڕێوه به ری ناحییه دا ده گه ڕێن ، قوشته په وه ڵام ده داته وه ده ڵی ده خڵه که هێشتا ئاگری لـــێ به رزده بێته وه ، پۆسته دێته خه ته وه و ده ڵێ که سنه زان یه ك ته له فۆنـــی لێیه ئه ویش له ژوری به ڕێوه به ری قوتابخانه یه ، قوتابخانه ش وه ك خۆتان ده زانن هاوینه ، مۆڵه تی پشودانه ، بۆیه که س نییه وه ڵامبداته وه ، فه رموون گوێ بگرن ، ئه وه ته به رده وام ده نگی زه نگه که ی دێت وکه س نییه هه ڵی گرێ » ئا گره که خۆشترده بوو ، کۆلپته ری که رکوك هه ر نه هاتن ، سه رۆك ئه نجومه ن هاتوهاواری بوو ، رادیۆکه ش به رده وامبوو ......

- هاووڵاتیانی به ڕێز و خۆشه ویست سه رۆك ئه نجومه ن له لایه ن لێپرسراوانی کارگه وه به خێرهاتنێکی یه کجارگه رمی کرا ، له کارگه دا ووتوێژ له پێنـاو زۆرکردنی به رهه م ده ستی پێکرد ، ده مه ته قی یه کجار گه رم بوو زمانیـان ده سوتان ، پێشنیاره کان ئا گریان له مرۆڤ به رده دا ، کرێکارا کانی کـارگه تاوه کۆ خوێندنه وه ی ئه م راپۆرته ش مانیان گرتووه ، ئاماده نین بگه ڕێنه وه ماڵه کانیان و کارگه جێ بێڵن ، هه رچه نده سه ربازه کانی هێزی تایـبه تی و جاشه کان گه مارۆیان داون ، لولوی کلاشینکۆفه کانیان ئاراسته ی ســنگیان کردون ، له گه شتێکدا به ناو کارگه دا به ڕێز سه رۆکی ئه نجومه ن به چاوی خۆی بینی چۆن له سایه ی سه رۆکی فه رمانده و جه نگی قادیسییه ی دژ به مرۆڤایه تی مریشك و جوجه ڵه له هه وای فێنك وبه هه شتی سازگار و خۆراکی نایابی هه مه چه شن ژیان به ڕێ ده که ن و په روه رده ده کرێن ، به ڕێــز به ڕێوه به ری کارگه خواڵێخوشنه بوو له چاوپێکه وتنێکدا فه رموویان { ده نگه که گۆڕا } له ئه نجامی گه شته که ی سه رۆك ئه نجومه ن مریشکه کان باڵیـان لێکداوه ده نگی چه پڵه یان رۆژه رێی بڕیوه ، له کاتێکدا یه کێك له که ڵه شێره کان به ئو ئو ئه ئۆ به گیانی ئه ئۆ هوتافی ده کێشا ، جوجه ڵه کان به ده نگێك ده یان خوێند که له ده نگی بولبولی ده کرد ، ئه وه ی شایانی باسه ئه و هێلکانه ن که له رۆژی دوانزه هه مینی دانانه وه یان بوون له خۆشی گه یشتنی سـه رۆك ئه نجومه ن وهاوه ڵانی تروکان و جوجه ڵه کان بۆ دیتنی سه رۆك ئه نجومه ن و میوانه خۆشه ویسته کان له تۆکڵه کانیان هاتنه ده ره وه و هه ڵپه رکێ هــه مه چه شنیان گێڕا ، ئێمه ئه مه به رووداوێکی ده گمه ن و ده سکه وتێکی زانســتی

مه زن ده زانین ، به پێویستی ده زانین كه سه رۆكی ئه نجومه نی به رێــز
زووزوو سه ردانه كه ی دووباره بكاته وه و پێ له كارگه نه برێ ، له پێناو
پتركردنی به رهه م ، ئه گه ر به رێزیان بفه رمووێ و گه شتێكی كـــارگه و
لادییه كانی وڵات بكات ، كاریگه ری خۆی له و مه یدانه دا بنوێنێ بێگومان
به خشیشی پاڵه وانی به رهه مهێنانی سه رۆكی فه رمانده هه ر بۆخۆیان ده بێت
كرێكـــــاره كانی ئاگركوژاندنه وه له و ده شته ی خوار قوشته په خه ریكی
كوژاندنه وه ی ئاگری گه نمه كه بوون ، ده غڵێكی زۆر به هۆی لێدانی زرێپوشــه
كه وه ئاگری گرتبوو ، به رێگه ی قه راغی كێڵگه به خێرایی ماشینه كانیــان
گه یانده سه ر ئه و گازه ی خه ڵكی ئاوایی به پانی شه ش داس تا بنـــاری
گرده كه و له و سه ر و ئه وسه ر به ره و ناوه ند ، له ناوه ندیشه وه بــه ره و
خۆرئاوا و خۆرهه ڵات به گاز چووبوونه به ر ، تراكتۆرێكیش به دوای گـــازه
كه یانه وه بوو هێڵه كه ی ده كێڵا ، نیوانی گرو گازه كه ده غڵێكی یه كجار زۆر
بوو ، ماشینه كانیان له دوو جێگه وه راگرت ، سۆنده یان راكێشان به نـــاو
ده غڵه كه دا .... ئاویان كرده سه ر .... هێلێكی ئه م سه رئه وسه ریان بــه
ده غڵه كه دا كێشا تراكتۆركه وته به رێ و له وسه ر بۆ ئه م سه ر دایه بــه ر
گاسن و كێڵای ..... ئاگره كه هه ر كه گه یشته سه ر ئه و هێڵه هێدی هێدی
دامركایه وه ، خه ڵكی ئاوایی یه خه گیری كرێكاره كان بوون له وان ســوپاس و
له وان نابێ ، بـه و گه رمایه و ماندوویه تییه ، ئیزنیان نه دان ، میواندارییه كی
باشیان كردن ، باسی ئاگره كه ش چیرۆكی ترێله كه ی هێنایه وه گۆرێ ....
كۆره كه یان گه رم بوو .....
سه رۆك ئه نجومه ن كه گه رما ده ی توانده وه ، دوكه ڵ گه روی سواخده دا ،
ئه م مردوومراوه ، هێشتاش هه ر هاوارهاواری بوو ، نه كۆپته ریش لــــه
كه ركوكه وه هاتن و نه ماشینی ئاگر كوژاندنه وه ش ده نگي زه نگه كانیــان
ده هات نه كه سیش ده یوێرا توخونی ئا گره كه بكه وێ ، رادیــــــۆكه ش
به رده وام بوو ....
- هاووڵاتیانی به رێز ، دوای ته واوبونی گه شته كه ی به شی به رهه مهێنان
به رێز سه رۆكی ئه نجومه ن { ئه نجومه نیش هه روه ها } چه ندین پێشنیاری
گرنگیان خستنه روو ، پێشنیاری هه ره گرنگی سه رۆك ئه نجومه ن ئه وه
بوو ، كه له م رۆبه دواوه ، هه موو رۆژی سێ ژه مه ده هۆڵ بكوتن و زورنـــا
بژه نن ، بۆ جوجه ڵه كان ، به رێزیان رونیان كرده وه ، زانست سه لماندوویه تی
مۆسیقا چۆن كاریگه ریه كی زۆری هه یه ، به سه ر نه شونماكردنی خێـــرای
په له وه ر ، به بۆنه ی ئه م پێشنیاره ، به رێز به رێوه به ری رۆشنبیری و لاوان
له گفتوگۆیه كدا ، ئاماده بونی تیپه مۆسیقاییه كانی راگه یاند بۆ جێبه جێ
كردنی ئه م ئه ركه ، هه روه ها فه رموویان كه به رێوه برایه تی رۆشنبیری و
لاوان بریاریدا چه ندتیپێكی مۆسیقای جیهانی له به دیهێنانی ئه م ئـــه ركه
پیرۆزه بۆ به شداری بانگكرین ، به رێزیان پێشنیاریان كرد هاڤركییه ك بـۆ
دانانی مارش و ئاوازێكی مۆسقایی له پێناو نه شونمای جوجه ڵه له ، له سه ر
ئاستی جیهان سازبدرێت خه ڵاتی زێرین و زیوین و ته نه كه ی بۆ تــه رخان
بكرێت ، هه روه ها فه رموویان به م بۆنه یه وه ڤیستڤالێكی گه وره .......
سازبدرێت ، چه ندین شانۆگه ری تایبه ت به ژیانی جوجه ڵه و مریشك بخرێنه
سه ر شانۆ ، ئه مه و به رێز به رێوه به ری ریگاوبان ، كه چه ند خولــه كی

سه ر شانۆ ، ئه مه و به ریز به ڕێوه به ری ڕێگاوبان چه ند خوله كێ به ر له تۆماركردنی ئه م راپۆرته په یوه ندی پێوه كردین ، له ووتوێژیكدا به ته له فۆن رایگه یاند { ده نگه كه گۆڕا } به م زوانه مریشكه كان ده گه نه پله یه كی وا ، هاووڵاتیان ده توانن له بری پایسكل به كاریان بێنن ، ئه مه ش دیاره چاكترین ڕێگه یه بۆ چاره سه ركردنی كه می هۆیه كانی هاتووچو له نێو شاره كاندا ، به م بۆنه یه وه پێشنیارده كه م كه كارگه ی مریشكی هه ولێر بخرێته سه ر به شه كانی تری ئه مانه تی عامی ڕێگاوبان و ناوی بگۆڕدرێ به كارگه ی په روه رده كردنی « پایسكلیشك » ، هه ر له م رۆه خۆم و فه رمانبه رانی به ڕێوه به رایه تی بڕیارماندا پێشه نگی جه ماوه ر بین له به كارهێنانی ئه م هۆیه نوێیه ی هاتووچۆ ، دیسانه وه بۆ ره واجپێدان و بڵاوكردنه وه ی له سه ر ئاستی ناوچه یی و جیهانی بڕیارمان داوه چه ندین پۆسته ری ره نگین چاپ بكرێت له ژێر ناونیشانی « فه رموون سواری مریشك بن » « مریشك بۆ سواربوون نه ك بۆ سه ر بڕین » بۆ ئه م مه به سته ش لیژنه یه كی تایبه تی ته رخان كراوه ، لیژنه كه بڕیاری دا هاقڕكێیه ك له یاریگه ی هه ولێر رێك بخات له ژێر ناونیشانی « مریشك و خێرایی و سه رده م » كه بڕیاره ده وڵه تانی زانكۆی عه ره بی و وڵاته تازه پێگه یشتوه كان و چه ند ده وڵه تێكی دۆست به شداری تێدا بكه ن ! له راستیدا ئه م هۆیه نوێیه ی هاتووچۆ ده بێته هۆی راگرتنی كارگه ماشینیه كانی جیهان ،هه ردوو رژێمی سۆسیالیزم و كه پتالیزم له بن دێنێ ! به هۆی یه كسانی نه ته وه و چین له مافی سواربوونی مریشك !!!

ئاگره كه بێئامان بوو ، قرچ و هۆڕی سوتان و گرموهۆری تانكی به نزین ئیترله وه دانه مان ده رگه و په نجه ره ی داخرا و ڕێگایان بگرن ، سه رۆك ئه نجومه ن له تاوئازاری گه رما یه ك به خۆی هاواری ده كرد ، قاچی به كاشیه كاندا ده دا و ده ی نه ڕاند ، دۆزه خه كه هی ئه وه نه بوو كه س خۆی له به ر راگرێت { ده ك هه رگیز له وه باشترتان به ش نه بێ ، ئێوه بڵێن ئامین ، نه خشه ش له وانه ی ته مایانه جێگه یان بگرنه وه ، ئامین ! } .

هه ر هاووڵاتییه كی به رێز بیه وێ كۆمه كی كۆمیته ی ئاشتی و پشگیری نیشتمانی كوردستان بكات ، ده توانێ به ناونیشانی دلانپار ی بنێرێ !

سوپاس

وه رگێڕانی له روسییه وه : رزگاری مامه قادر

# بۆچی کوکوختی هاوارده کا ...

گورجستان

هه بوو نه بوو منالێکی بچکۆلانه هه بوو ، ناوی « پاسیك » بوو ، دایکی خۆی مرد بوو ، باوکی ژنێکی تری هێنابوو ، ناوی « مه چیخا » بوو . مه چیخای زڕدایك ، « پاسیك »ی خۆشنه ده ویست ، هه میشه کاری گرانی پێده کرد .

جارێکیان ئه وی نارده چیا ، بۆ بـــه ر مێگه له مه ڕێکی گه وره ، به درێژایی رۆژ ئه و منداله ده گه ڵ مێگه له مه ڕ به له وه ڕ گـه دا سوڕایه وه ، سه ر له ئێواره زۆر ماندوو بوو ، له ســـه ر گیـــا لێی راکشا و خه وی لێکه وت ، که هه ڵسا بینی به رخێك بـزره ، کاتێ منداڵه که گه ڕایه وه ماڵ ، مه چیخه ی زڕدایکی به ســه ری دا قیژاند :

- چیت له و مه ڕه کرد ؟ برۆ ......... به بێ مه ڕه که .......... نه گه ڕێته وه ماڵ !!

- بفره ، هاوارکه ، له مه ڕه که بگه ڕێ !

له قینا منداڵه که ی کرده کوکوختی !!

له وکاته وه ئه و منداڵه بچوکه کوکوختی یه ! ده فرێ ..........

به دارستاناندا ده فڕێ و ده خوێنێ « کوکوختی ....... کوکوختی »

چاوه ڕوانه ، مه ڕه که .... وه ڵامی بداته وه !

کوکوختی ...... کوکوختی ..............!!

# ناوه روك


لاپه ر بابه ت

1- نه ته وه یه كگرتووه كان ، ئاشتی یا ژینوسید ؟

4- مانگرتن و خوراكبه ستی

8- جه نگی كورد كورد — ف . ر

12- هه لبژارده له ژماره كانی دلانپار ٨٦ – ٨٧

18- هه یاسه له ئه ورستان چ باسه ؟ — به رسیڤی : هه یاسی خاس

23- تارمایی ئه ندیشه ی خاو یا پادشای رووده — هـ. ئه كره م

30- زارویانی جنوكه - هونراو : بورهان شاوی — و. شیروانی

34- ,هه له بجه هه ره شه .... له بزووتنه وه ی رزگاریخوازی هاوولاتیان و ئازادی نیشتمانی كوردستان — ریباز محیدین

59- ئه فسانه ی قه لای ئاگری — ریژنـــــه

73- بوچی كوكوختی هاوارده كا — و . رزگاری مامه قادر



جڤاتی نیشتمانی کوردستان
کۆنگرەی نیشتمانی کوردستان
کۆمیتەی ئاشتی و پێشکێری نیشتمانی کوردستان
ڕێکخراوەکانی ڕزگاریخوازی کوردستان
بەرەی ڕزگاریخواز
ڕێکخراوە جەماوەرییەکانی کوردستان
یەکێتییەکان
+
تۆرەکانە نیشی یەکان
کە سایەتی یە نیشتمان پەروەرەکان
کۆمیتەکانی دەرەوەی کوردستان
کۆمیتەی باروکوردی جیهانی بۆ گەیاندنی
کۆمەڵە بە ئازادی بۆ کوردستان
بە پەیوەندی دگەڵ خاچی سووری کوردستان
کۆمیتەی ڕۆژنامەنوسانی جیهانی
لە پێناو بە ئازادی گەیشتنە کوردستان
جڤاتی پاسادانان
جڤاتی بەجێگەیاندن
کۆمیتەی گشتی
ڕابەرایەتی پەیوەندییەکان
نوسینگەی پەروەردە
نوسینگەی رامیاری
نوێنەرایەتی جڤاتی . ن . ک
سەرۆکی جڤاتی بەجێگەیاندن
جڤاتی سەرپەرشتی کردن
بەرپرسیاری بالاْی پەروەردە
نوسینگەی تۆرگانە نەتەوایەتییەکان
تۆتابخانە وفێرگەکان
+
پەروەردەی منالان
نوسینگەی تەندروستی
خانەی سووری کوردستان
نەخۆشخانە و تیمارخانەکان
بنکەکانی داودەرمان
ڕێکخراوی لاوانی
پیشەوا
تۆرگانی وەرزش
تۆرگانی هونەری نەتەوایەتی
ڕێکخراوی تۆپکیانی کوردستان
لاوەدەرەوە
کۆمەڵەی لاوانی کوردستان
گشتی تۆتابیا کوردستان
نوسینگەی هۆشیاری جیهانی ونەتەوایەتی
ئاژانسی دەنگوباسی کوردستان
نوسینگەی گۆتاری سەنترالی
نوسینگەی بلاوکردنەوە بەزمانی بیانی
نوسینگەی دەزگەی ڕۆژنامە
تاقیگەی تۆتو وسینەمای کوردستان
نیشتگەی دەنگی کوردستان
بنکەی دارایی کوردستان
بەرنامەی ئازوقەی نەتەوایەتی
دارایی تایبەتی بەرەی ڕزگاری کوردستان
داهاتی بەرهەمی فرۆتن
داهاتی بەرهەمی هونەری
نوسینگەی دارایی پەیوەندی بەیەکێتییەکان
لیژنەی سەرپەرشتی پەتکەوتەکان
لیژنەی وایلیانی نەخەتە
لیژنەی خۆشگانی
نوسینگەی چارەسەری گیروگرفتی جەماوەری لە ناوچە وئاگرەکانی کوردستان
لیژنەی ئامانی مارزوف و ئازادکردنی زیندانیان
سەرکردایەتی بەرەی ڕزگاریخوازی لە نیو شار و ئاوایی و تۆرەگاکانا .
نوسینگەی هێزی پێشمەرگە
هێزی پێشمەرگەی ڕزگاری کوردستان
هێزەکانی کاریگەری بەرگری
هێزەکانی کۆپی تەنگ
نوسینگەی پەیدانی گشتی
ڕوانگەی سەربازی
ناوچەی نیشتمانی کوردستان
ناوچەی بەرەی ڕزگاریخوازی کوردستان
کوردستان
کۆری تیۆروونوسانی
سەنترالی نەینی
کۆری زانیاری
یەکێتی ڕۆژنامەنوسان
یەکێتی نوسەران
سەندیکاکانی کرێکارانی کوردستان
یەکێتی ژنانی کوردستان
یەکێتی مامۆستایان
یەکێتی ئەندازیاران
یەکێتی پارێزەران
یەکێتی پزیشکان
یەکێتی هونەرمەندان
فلیمچاوکاران
شانۆچاوکاران
تۆستیاچاوکاران
سەندیکای جوتیارانی کورد